ئەو عەرەبانەی کە قەرەبووی جێهێشتنی ناوچە کێشە لەسەرەکانیان وەرگرتووە دەگەڕێنەوە کەرکووک

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5775) سێ شەممە 25ی حوزەیران 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

بەشێکی زۆر لەو عەرەبە هاوردانەی لە چوارچێوەی مادەی 140ی دەستووری عێراقدا قەرەبوو کراونەتەوە و ناوچە کێشە لەسەرەکانیان جێهێشتووە، جارێکی تر بۆ ئەو ناوچانە گەڕاونەتەوە. لە نێو مادەی 140ی دەستووری عێراقدا کە پەیوەندیدارە بە ناوچە کێشەلەسەرەکان، بڕگەیەک تایبەت کراوە بەقەرەبووکردنەوەی ئەو عەرەبە هاوردانەی ئەو ناوچانە جێدەهێڵن و دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی پێشووتریان. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ «خەبات»:

دەبێ بارودۆخی شاری کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە

ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک لەسەر لیستی برایەتی زانیاریی لەبارەی دەنگۆی گەڕانەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا و قائیمقام و بەرپرسانی دیکە بۆ شارەکە ئاشکرا دەکات. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرۆک بارزانی بۆ ئافرەتە ڕزگارکراوەکانی دەستی داعش:

بە هەوڵ و گیانفیدایی پێشمەرگە قارەمانەکان، تیرۆریستان تێکشکان و کەوتنە ژێرپێی ئێوە



دوێنێ دووشەمە 24ی6ی2019 لە سەلاحەدین، سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ ژمارەیەک لە کچ و ژنانی ڕزگارکراو لە دەست تیرۆریستانی داعش کۆبۆوە. لە کۆبوونەوەکەدا سەرەتا هەریەک لە سکرتێری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و بەڕێوەبەری کاروباری کوردانی ئێزدی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیی هەرێمی کوردستان و بەرپرسی نووسینگەی ڕفێنراوانی کوردانی ئێزدی لە پارێزگای دهۆک، کورتەیەکیان لەسەر هەوڵەکان بۆ ڕزگارکردنی کچ و ژنانی ئێزدی لەدەست تیرۆریستانی داعش و ڕەوشی ئێستای ژیانی ئەو ڕزگارکراوانە و هەوڵەکان بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ ژیانێکی ئاسایی، خستەڕوو. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بەمزووانە شاندێکی باڵای کۆڕیای باشوور سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات

لەدیدارێکی نێوان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان، دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا گفتوگۆیان لەبارەوە کرا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



مەسرور بارزانی: لە وادەی دیاریکراودا پێکهاتەی کابینە بۆ متمانە وەرگرتن دەخرێتە بەردەم پەرلەمان

لە دیداری مەسرور بارزانی و جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری عێراق و ئێران، ڕاسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تیشکی خستە سەر پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ڕایگەیاند، هەنگاوەکان دەستیان پێکردووە و لە وادەی دیاریکراودا پێکهاتەی کابینە بۆ متمانە وەرگرتن و سوێند خواردن دەخرێتە بەردەم پەرلەمان. هەروەها ئاماژە بە ڕەوش و پرۆسەی سیاسی لەعێراق درا و جەخت لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر لەچوارچێوەی دەستوور کرایەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

پاش هەشت مانگ لە پەسەندکردنی حکوومەتەکەی عەبدولمەهدی

پەرلەمانی عێراق متمانەی بە سێ وەزیری پێشنیازکراو بەخشی

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق متمانەی دا بە کاندیدانی وەزارەتەکانی بەرگریی، ناوخۆ و داد و کاندیدی وەزارەتی پەروەردەی ڕەتکردەوە. ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانیشتنی دوێنێ دووشەمەدا، متمانە بە هەریەک لە نەجاح حەسەن شممەری بۆ وەزیری بەرگریی و یاسین یاسری بۆ وەزارەتی ناوخۆ و فاروق شوانی بۆ وەزارەتی داد دا، هاوکات متمانەی نەدا بە سڤانە حەمدانی بۆ وەزیری پەروەردە و کاندیدبوونی ڕەت کردەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

وەزارەتی پێشمەرگەو نووسینگەی ڕاوێژکاری سەربازی ئەمەریکی ڕێککەوتنێک واژوو دەکەن

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی جیهانی دژ بە ئێران

پۆمپیۆ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ ڕایگەیاند کە ئامادەی دانوستانی بێ پێشمەرجن لەگەڵ ئێران، هەروەها هەنگاو دەنێن بۆ هاوپەیمانییەکی جیهانی دژبە ئێران. مایک پۆمپیۆ بەرلە بەڕێکەوتنی بۆ سعوودیە لە فڕۆکەخانەی جۆینت ئاندریوس بۆ ڕۆژنامەنووسان دوا و باسی لەوە کرد کە ڕۆژەڤی سەردانەکەی ئێران دەبێت. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

ئەکرەم ئیمامئۆغلۆ بە جیاوازی زیاتر لە 800 هەزار دەنگ هەڵبژاردنی گەورەشارەوانی ئیستانبوڵی بردەوە



دوێنێ دووشەمە 24ی6ی 2019 سەرۆکی دامەزراوەی بالای هەڵبژاردنەکانی تورکیا، سەعدی گۆچەن ڕایگەیاند، تەواوی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە دووبارەکراوەکەی سەرۆکایەتی شارەوانی گەورەشاری ئیستانبوڵ لە سیستەمدا تۆمارکراون؛ ئەکرەم ئیمامئۆغلۆ، چوار ملیۆن و 741 هەزار و 868 دەنگ واتە لەسەدا 54 و پۆینت 21 بینالی یلدرمیش، سێ ملیۆن و 935 هەزار و 453 دەنگ واتە لەسەدا 44 و پۆینت 99ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

شەقامی 150 مەتری کەمتر لەو ماوەی بۆی دیاری کراوە تەواو دەکرێت

(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)

سەرۆک بارزانی بۆ ئافرەتە ڕزگارکراوەکانی دەستی داعش:

ئێوە هێمای شەرەفی گەلەکەمان و ئازیزی ئێمەن

پێویستە ئیدارەی شنگال لەدەستی خەڵکی شنگالدا بێت



دوێنێ دووشەممە 24ی6ی2019 لە سەلاحەدین، سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ ژمارەیەک لە کچ و ژنانی ڕزگارکراو لە دەست تیرۆریستانی داعش کۆبوونەوەکەدا سەرەتا هەریەک لە سکرتیری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و بەڕێوەبەری کاروباری کوردانی ئێزدی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیی هەرێمی کوردستان و بەرپرسی نووسینگەی ڕفێنراوانی کوردانی ئێزدی لە پارێزگای دهۆک، کورتەیەکیان لەسەر هەوڵەکان بۆ ڕزگارکردنی کچ و ژنانی ئێزدی لەدەست تیرۆریستانی داعش و ڕەوشی ئێستای ژیانی ئەو ڕزگارکراوانە و هەوڵەکان بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ ژیانێکی ئاسایی، خستەڕوو.

بەگوێرەی ئەو ئامارەی لە کۆبوونەوەکەدا پێشکەش کران، لە کۆی 6417 کەس کە لەسەرەتای پەلاماری تیرۆریستان بۆسەر دەڤەری شنگال کەوتبوونە دەست داعش، 3476 کەسیان ڕزگار کراون و تائێستاش 2941 کەس بێسەروشوێنن. هەروەها ئەوەش خرایەڕوو کە دوای ئەوەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی کۆریای باشوور بەرەو پێشتر بچێت.

لای خۆیەوە، د. ڤالا فەرید، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان. وێڕای بەخێرهێنانی کۆنسوڵی گشتیی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان، دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا گفتوگۆیان لەبارەوە کرا. دوێنێ دووشەممە 24ی حوزەیران 2019 د. ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیی لە چۆی کوانژین، کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان کرد.

لەدیدارێکدا چۆی کوانژین، کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور، وێڕای پیرۆزبایی‌کردن لەسەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەی، ستایشی کارەکانی کرد کەوەک ئافرەتێکی بەتوانا و کەسێکی یاسایی توانیویەتی سەرکەوتووانە ڕۆڵی خۆی لەبواری کاری پەرلەمانیدا ببینێت و خۆشحاڵی خۆشی بەو پێشکەوتنانەی کە لەسەرجەم بوارەکاندا لە هەرێمی کوردستان بەدیهاتوون دەربڕی و ڕایگەیاند: داهاتوویەکی زۆر باش بۆ کوردستان دەبینم و لەئێستاشدا بۆ پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بڕیارە لە سەرەتای مانگی داهاتوو شاندێکی باڵای کۆریای باشوور بەسەرۆکایەتیی ڕاوێژکاری سەرۆککۆمارو ئەندامییەتی ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمانی کۆریا، سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن و هاتنی ئەم شانده دەرفەتێکی زۆر باشە بۆ پتەوتر کردنی پەیوەندییەکان و دەخوازین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی کۆریای باشوور بەرەو پێشتر بچێت.



لەدیدارێکی نێوان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان، دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا گفتوگۆیان لەبارەوە کرا. دوێنێ دووشەممە 24ی حوزەیران 2019 د. ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیی لە چۆی کوانژین، کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان کرد.

لەدیدارێکدا چۆی کوانژین، کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور، وێڕای پیرۆزبایی‌کردن لەسەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەی، ستایشی کارەکانی کرد کەوەک ئافرەتێکی بەتوانا و کەسێکی یاسایی توانیویەتی سەرکەوتووانە ڕۆڵی خۆی لەبواری کاری پەرلەمانیدا ببینێت و خۆشحاڵی خۆشی بەو پێشکەوتنانەی کە لەسەرجەم بوارەکاندا لە هەرێمی کوردستان بەدیهاتوون دەربڕی و ڕایگەیاند: داهاتوویەکی زۆر باش بۆ کوردستان دەبینم و لەئێستاشدا بۆ پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بڕیارە لە سەرەتای مانگی داهاتوو شاندێکی باڵای کۆریای باشوور بەسەرۆکایەتیی ڕاوێژکاری سەرۆککۆمارو ئەندامییەتی ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمانی کۆریا، سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن و هاتنی ئەم شانده دەرفەتێکی زۆر باشە بۆ پتەوتر کردنی پەیوەندییەکان و دەخوازین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی کۆریای باشوور بەرەو پێشتر بچێت.

لای خۆیەوە، د. ڤالا فەرید، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان. وێڕای بەخێرهێنانی کۆنسوڵی گشتیی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان، دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا گفتوگۆیان لەبارەوە کرا. دوێنێ دووشەممە 24ی حوزەیران 2019 د. ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیی لە چۆی کوانژین، کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان کرد.

لەدیدارێکدا چۆی کوانژین، کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور، وێڕای پیرۆزبایی‌کردن لەسەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەی، ستایشی کارەکانی کرد کەوەک ئافرەتێکی بەتوانا و کەسێکی یاسایی توانیویەتی سەرکەوتووانە ڕۆڵی خۆی لەبواری کاری پەرلەمانیدا ببینێت و خۆشحاڵی خۆشی بەو پێشکەوتنانەی کە لەسەرجەم بوارەکاندا لە هەرێمی کوردستان بەدیهاتوون دەربڕی و ڕایگەیاند: داهاتوویەکی زۆر باش بۆ کوردستان دەبینم و لەئێستاشدا بۆ پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بڕیارە لە سەرەتای مانگی داهاتوو شاندێکی باڵای کۆریای باشوور بەسەرۆکایەتیی ڕاوێژکاری سەرۆککۆمارو ئەندامییەتی ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمانی کۆریا، سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن و هاتنی ئەم شانده دەرفەتێکی زۆر باشە بۆ پتەوتر کردنی پەیوەندییەکان و دەخوازین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی کۆریای باشوور بەرەو پێشتر بچێت.

لای خۆیەوە، د. ڤالا فەرید، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان. وێڕای بەخێرهێنانی کۆنسوڵی گشتیی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان، دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا گفتوگۆیان لەبارەوە کرا. دوێنێ دووشەممە 24ی حوزەیران 2019 د. ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیی لە چۆی کوانژین، کونسوڵی گشتیی کۆریای

ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ «خەبات»:

دەبێ بارودۆخی شاری کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە

ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک لەسەر لیستی برایەتی زانیاریی لەبارەی دەنگۆی گەڕانەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا و قائیمقام و بەرپرسانی دیکە بۆ شارەکە ڕاشکرا دەکات.

فوئاد حوسێن، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگاری کەرکووک لەسەر لیستی برایەتی بە خەباتی ڕاگەیاند: لەگەڵ قائیمقامی ناوەندی کەرکووک پێکەوە باسی ئەو بابەتەمان کرد کە لە هەندێ لە میدیاکان لەبارەی گەڕانەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک و قائیمقام بڵاوکراونەتەوە، نە ئەو ئاگاداری ئەو بابەتەیە نە ئێمەش بە شێوەیەکی فەرمی و نافەرمی ئاگادار کراوینەتەوە بەمەبەستی گەڕانەوەمان بۆ کەرکووک. گوتیشی: مەرجمان بۆ گەڕانەوە بۆ کەرکووک دەبێ بارودۆخی شارەکە ئاسایی بکرێتەوە، هیوادارم بە پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان شاندی باڵای حکوومەت سەردانی بەغدا بکات بۆ ئاساییکردنەوەی ئەو دۆخە ی لەکەرکوک هەیە، لەبەر ئەوەی ئیدی خەڵکی کەرکووک زیاتر لەوەی پێ هەڵناگیرێ فشارێکی دەروونی زۆری لەسەرە و بە بەردەوامی تەعریب دەکرێن.

ڕوونکردنەوەیەک لە نووسینگەی مەسرور بارزانییەوە:

ناوی هیچ کاندیدێکی وەزارەتەکان یەکلانەکراوەتەوە

دوێنێ دووشەممە 2019/6/24 نووسینگەی مەسرور بارزانی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبارەی پێکهاتەی کابینەی نوێەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئاماژە بە هەندێ ناو دەدەن و وای دەخەنەڕوو، کە گوایە یەکلاکراونەتەوە، ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە ئەمەش دەقەکەیەتی:


ماوەیێکە هەندێ کەناڵی ڕاگەیاندنی لۆکاڵی، لە بارەی پێکهاتەی کابینەی نوێەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئاماژە بە هەندێ ناو دەدەن و وای دەخەنەڕوو، کە گوایە یەکلاکراونەتەوە. لێرەدا ڕایدەگەیەنین کە ئەم هەواڵانە، هەر نیازێکیان لە پشت بێت، لە چوارچێوەی مەزندە دەرناچن.

تا ڕادەستکردنی یەکجارەکیی ناوی کاندیدەکان بە بەرێز ڕاسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نوێەم و نارەنیان بۆ پەرلەمانی کوردستان و بە فەرمی ناساندنیان، هیچ کاندیدێک بە یەکلابوویەوە هەژمار ناکرێت.

نووسینگەی مەسرور بارزانی
ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێەمی
حکومەتی هەرێمی کوردستان
2019/6/24

پاش هەشت مانگ لە پەسەندکردنی حکوومەتەکەی عەبدولمەهدی

پەرلەمانی عێراق متمانەی بە سێ وەزیری پێشنیازکراو بەخشی



ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق متمانەی دا بە کاندیدانی وەزارەتەکانی بەرگری، ناوخۆ و داد و کاندیدی وەزارەتی پەروەردەی ڕەتکردەوە. ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانیشتنی دوێنێ دووشەممەدا، متمانە بە هەریەک لە نەجاح حەسەن شممەری بۆ وەزیری بەرگری و یاسین یاسری بۆ وەزارەتی ناوخۆ و فاروق شوانی بۆ وەزارەتی داد دا، هاوکات متمانەی نەدا بە سڤانە حەمدانی بۆ وەزیری پەروەردە و کاندیدبوونی ڕەت کردەوە.

دوای متمانە پێدانیان لە لایەن ئەنجوومەنی نوێنەران، هەریەک لە وەزیرانی بەرگری و ناوخۆ و داد سوێندی یاساییان خوارد و بەفەرمی پۆستەکانیان وەرگرت.

یاسین یاسری کە بووە وەزیری ناوخۆ، ساڵی 1958 لەدایکبووە و چەندین پۆستی لە حکوومەتدا وەرگرتووە لەوانە، بەڕێوەبەری ڕەگەزنامەی واست، بەڕێوەبەری ڕەگەزنامەی فەرماندەی فیرقەی موسەننا و دووجاریش پۆستی بەڕێوەبەری گشتی ڕەگەزنامەی وەرگرتووە و بەر لەبوونی بە وەزیر، ڕاوێژکاری وەزیری ناوخۆ بووە و لە لایەن سەرکردەی ڕەوتی حیکمە بە سەرۆکایەتی عەمار حەکیم پاڵپشتی دەکرێت.

نەجاح شممەری کە بووە وەزیری بەرگریی، ساڵی 1967 لەدایکبووە، لەنێوان 2003 تاکو 2004 فەرماندەی لیوای ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان بووە و ساڵی 2004 تاکو 2007 فەرماندەی فیرقەی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان بووە و پێشتریش فەرماندی فەوجی هێزە تایبەتەکان بووە و لە لایەن هاوپەیمانی وەتەنییە بە سەرۆکایەتی سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراق، ئەیاد عەلاوی پاڵپشتی دەکرێت.

فاروق شوانی کە بووە وەزیری داد، ساڵی 1957 لەدایکبووە، چەندین پۆستی وەرگرتووە لەوانە سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەی زیقار و ئەنبار و کەرکووک و لە ساڵی 2003ـەوە تاوەکو ئێستا وەک دادوەر لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەی کەرکووک کاری کردووە.

بەم هەنگاوەش ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، متمانەی بە سێ وەزیری کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی دا کە بە وەکالەت بەڕێوەدەبران کە بەهۆی ناکۆکی نێوان هێزە سیاسییەکان ئەو پۆستانە بە بەتاڵی مابوونەوە و ناوی کاندیدەکانیان پێشکەش بە سەرۆکوەزیران نەدەکرد بەمەبەستی ناردنی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ متمانەپێدانیان.




نێچیرڤان بارزانی و شاندێکی ئەمەریکا دۆخی ناوچەکە تاوتوێ دەکەن

نێچیرڤان بارزانی: کۆمپانیا ئەمەریکییەکان دەتوانن هەرێم وەک دەروازەیەک بۆ هەموو عێراق بەکاربهێنن

بەڕێزان ماتیۆ تیوولەر باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و ئەندرۆ پیک جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری عێراق و ئێران و شاندێکی یاوەریان، جەختیان لە پەیوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا کردەوە، هەروەها خۆشحاڵیی خۆیان بە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا دەربڕی و ئامادەیی ولاتەکەیان بۆ هەر هاوکارییەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە گفتوگۆ نیشان دا.

لای خۆیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سوپاسی هاوکارییەکانی ئەمەریکای لە کاتە سەختەکاندا کرد و جەختی لە پەیوەندییەکانی هەردوولا کردەوە، هاتنی شاندی ژووری بازرگانی ئەمەریکی و ئیمزاکردنی یاداشتی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ یەکێتیی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستانش بەرز نرخاند، دووپاتیشی کردەوە کە کۆمپانیا ئەمەریکییەکان دەتوانن هەرێم وەک دەروازەیەک بۆ هەموو عێراق بەکاربهێنن. بەڕێزیان پوختەیەکی دەربارەی دوا سەردانی بۆ بەغداش پێشکەش کرد و ئامادەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا لەسەر بنەمای دەستوور نیشان دا.

لە کۆبوونەوەکدا کە نیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە 2019/6/24 لە هەولێر بەڕێوەچوو، تاوتوێکردنی دوا هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم، هەڕەشەکانی داعش و هەماهەنگیی نێوان هاوپەیمانان و هەولێر و بەغدا، دۆخی ئاوارەکان و زەمینەسازیی گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.



مەسرور بارزانی و ئاندرۆ پیک پەرەپێدانی پەیوەندییەکان تاوتوێ دەکەن

جەخت لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر لەچوارچێوەی دەستوور کرایەوە

دوێنێ دووشەمە 2019/6/24 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایش و ڕاسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە ئاندرۆ پیک، جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری عێراق و ئێران کرد. لە دیدارێکدا، کە ماتیۆ تولەر باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و ستیڤن فاگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر و بەیان سامی عەبدولڕەحمان، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا ئامادەبوون، پێشهات و پەرەسەندنەکانی ناوچەکە بەگشتی و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا لە بواری جیاکاندا تاوتوێ کرا.

لەو دیدارە مەسرور بارزانی تیشکی خستە سەر پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم و ڕایگەیاند، هەنگاوەکان دەستیان پێکردووە و لە وادەی دیاریکراودا پێکهاتەی کابینە بۆ متمانە وەرگرتن و سوێند خواردن دەخرێتە بەردەم پەرلەمان. هەروەها ئاماژە بە ڕەوش و پرۆسەی سیاسی لەعێراق درا و جەخت لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر لەچوارچێوەی دەستوور کرایەوە.

لەلای خۆیەوە جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری عێراق و ئێران، هیوای سەرکەوتنی بۆ مەسرور بارزانی لە ئەرک و بەرنامەی کابینەی داهاتوو خواست و ئامادەیی ولاتەکەشی بۆ هاوکاری و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لە سەرجەم بوارەکان نیشاندا.

نووسینگەی جێگری سەرۆکی پارتی لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە

مەحمود محەمەد: پێویستە پەرلەمانتارانی پارتی و فراکسیۆنەکەی هەموو تواناییەکی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی لە ئاست متمانەی هاوواڵتیان بن

تەها بەرواری: ئیلتزامکردن بە بەرنامەی هەڵبژاردنی پارتی و بەیەکەوە کارکردن خزمەتکردنی هاوواڵتیانی کوردستانە



دوێنێ دووشەمە 2019/6/24 نووسینگەی جەنابی جێگری سەرۆکی پارتی لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی نووسینگە بە ئامادەبوونی بەڕێز مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان کۆبوویەوە.

سەرەتا بەڕێز تەها بەرواری بەڕێوەبەری نووسینگەی جەنابی جێگری سەرۆکی پارتی بەخێرهاتنی ئامادەبووانیکرد و ڕێز و سڵاوی جەنابی نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی گەیاندە فراکسیۆنی پارتی و خۆشحاڵی خۆی و نووسینگەی دەربڕی بە ئامادەبوونیان لە کۆبوونەوەدا.

بەڕێز بەڕێوەبەری نووسینگەی جەنابی جێگری سەرۆک گرنگی و بایەخی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان کە لەکاری یەک تیمی و بەیەکەوە کارکردن خۆی دەبینێتەوە لە پێناو ئەنجامدانی ئەدایەکی پەرلەمانی سەرکەوتوو کە لە ئاست خواستی هاوواڵتیانی کوردستان بێت.

بەڕێز تەها بەرواری جەختی کردەوە لە ئیلتزامکردن بە بەرنامەی هەڵبژاردنی پارتی و بەماهەنگی و بەیەکەوە کارکردن لە پێناو جێبەجێکردنی بەرنامەی هەڵبژاردن کە دواجار خزمەتکردنی هاوواڵتیانی کوردستانە.

دووپاتیشکردەوە کە پێویستە پەرلەمانتار کارا بێت و ئیلتزامی تەواوی هەبێت و هەموو تواناکانی بخاتە گەڕ لە پێناو جێبەجێکردنی بەرنامەی پارتی و ئەو متمانەیەی کە هاوواڵتیان پێیاندراون.

پاشان بەڕێز مەحمود محمد ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان تیشکی خستە سەر بارودۆخی سیاسی لە عێراق و کوردستان و ناوچەکەو دواین پێشهات و ئەو ئەگەر و گرێمانانەی کە لە ناوچەکەدا بەدی دەکرێت و ئامادەکاری هەرێمی کوردستان بۆ هەر پێشهات و چاوەڕوانیەک کە بتوانرێت بە قازانجی هاوواڵتیان و هەرێمی کوردستان بشکێتەوە.

هەروەها بەڕێز محمود محمد باسی لە بە هێزی پێگەی پارتی و سەرۆک بارزانی کرد لە عێراق و ناوچەکەو کاریگەریان لە ڕێڕەوی ڕووداوەکان و حیساب بۆ کردنیان لە هاوکێشە سیاسیەکانی ناوخۆ و عێراق و وڵاتانی ئەقلیمی و دنیادا و جەختی لەوە کردەوە کە ئەو متمانەیە گەورەی کە خەڵکی کوردستان بە پارتیان داوە پێویستە بەوە دەکات کە پەرلەمانتارانی پارتی و فراکسیۆنەکەی هەموو تواناییەکی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی لە ئاست ئەو متمانەیە بن کە هاوواڵتیان پێیاندراون و ئەوانیش خزمەتیان بکەن .

سەردانی جەنابی نێچیرفان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی و تەوەرێکی تری قسەکانی بوو، تەئکیدی لەوە کردەوە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەرۆشی بۆ چارەسەری کێشەکان لەگەڵ بەغدا و پشتیوانی لەو کەش و هەوا سیاسیەی کە ماوەیەکە لە نێوان بەغدا و هەولێر لە ئارادیە و باسکردنی ئەو دۆسیانەی کە چارەسەرکردنیان بە خێر بۆ گەلانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەشکێتەوە.

هەروەها باسی لە سەردانی جەنابی نێچیرفان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا کرد کە بە سەردانێکی گرنگ و بەرهەمداری لە قەڵەمدا بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە بواری ئابووریدا.

پرسی هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گفتوگۆکان لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان تەوەرێکی دیکەی قسەکانی بەڕێز مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو کە بۆ پەرلەمانتارنی خستە ڕوو بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونیان هەبێت.

بەڕێز ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە چەند قسەیەکدا وێڕای سوپاسگوزاری بۆ نووسینگەی جەنابی جێگری سەرۆک بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوەی بەردەوامی لەو جۆردا بۆ پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی پارتی و ئامادەبوونی بەڕێز مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی، باسێکی بارودۆخی پەرلەمانی کرد لە کاری لیژنەکان و هەماهەنگی و کاری یەک تیمی فراکسیۆنی پارتی و تەئکیدی کردەوە کە هەموو ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی بە یەک ڕووحیەت کاری بەیەکەوە ئەنجام بدەین لە پێناو خزمەتکردنی کوردستان و ئەو متمانەیەی کە هاوواڵتیان بە پارتیان داوە.

پاشان گفتوگۆیەکی بەرهەمدار بەڕێوەچوو کە تێیدا چەندین بیرۆڕا ئاڵووگۆڕکران.

بۆ بە ئەلیکترۆنیکردنی کاروبارەکان

ڕێککەوتنێک لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگەو نووسینگەی ڕاوێژکاری سەربازیی ئەمەریکی واژووکرا



دوێنێ یەکشەممە 2019/6/23 لە دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە، سەربەست لەزگین بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە (کۆنۆر دی لۆژ) ڕاوێژکاری سەربازی ئەمەریکی لە نووسینگەی ئاسایش و شاندێکی یاوەری. لە کۆبوونەوەیەکدا باس لە جێبەجێکردنی پرۆژەی سەرچاوە مرۆییەکان و بە ئەلکترۆنی کردنی فۆرم و نووسراوەکانی وەزارەتی پێشمەرگە کرا.

دواتر بە ئامادەبوونی سەرۆکی فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان یاداشتێکی لێکتێگەیشتن بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە لە نێوان هەردوولا واژوو کرا.

لەو بارەیەوە سەربەست لەزگین لە وتەیەکدا هیوای خواست پرۆژەکە جێبەجێبکرێ، پێشی وابوو ئەو هەنگاوە کاریگەری باشی دەبێت لەسەر باشتر ڕێکخستن و بەرەوپێشبردنی ئیشوکارەکانی وەزارەتی پێشمەرگە. لای خۆیەوە ڕاوێژکاری سەربازی ئەمەریکی لە نووسینگەی ئاسایش خۆشحاڵی خۆی بەوهەنگاوە دەربڕی و هیوای خواست بەزووترین کات پرۆژەکە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئێران دابەزینی ئاستی هەناردەکردنی نەوت ڕەتدەکاتەوە

وەزیری نەوتی ئێران، بیژەن زەنگەنە ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە باس لەوە دەکەن ئاستی هەناردەکردنی نەوتی وڵاتەکەی بە هۆی سزاکانی ئەمەریکاوە دابەزیوە. پێشتر مالپەڕی "Reventive Acon" کە تایبەتە بە چاودێرکردنی هەناردەکردنی نەوتی خاو لە جیهان، داتایەکی بڵاوکردبوویەوە و تیادا ئاماژەی بەوەدابوو کە هەناردەکردنی نەوتی خاوی ئێران لە مانگی ئایاری ڕابردوودا، گەیشتووەتە 400 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

بیژەن زەنگەنە لە لێدوانێکدا بە ئاژانسی هەواڵیی فارسی ڕایگەیاندووە، ئەو دەنگۆیانەی کە باس لەوە دەکەن گوایە ئاستی هەناردەکردنی نەوتی ئێران دابەزیووە دوورن لە ڕاستییەوە.

وەزیری نەوتی ئێران، بیژەن زەنگەنە ئاماژەی بەوەدا کە ناتوانێت قەبارەی هەناردەکردنی نەوتی وڵاتەکەی ئاشکرا بکات و گوتی: لەئێستادا لە بەرژەوەندی ئێراندا نییە، قەبارەی هەناردەکردنی نەوت، ئاشکرا بکەین. جێی باسە لە مانگی ئابی 2018ـەوە ئێران هیچ زانیارییەکی سەبارەت بە قەبارەی هەناردەکردنی نەوت نەخستووەتەڕوو، بەڵام ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئاستی هەناردەکردنی نەوتی ئەو وڵاتە لە مانگی تەمووزی ساڵی 2018ـەوە گەیشتووەتە دوو ملیۆن و 100 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکەی ئیستانبوڵی ڕاگەیاند

ئەکرەم ئیمامۆغڵو بە جیاوازی زیاتر لە 800 هەزار دەنگ هەڵبژاردنی گەورەشارەوانی ئیستانبوڵی بردەوە

ئیمامۆغڵو:

خەڵکی ئیستانبوڵ متمانەی ئێمەیان بە دادپەروەری و دیموکراسی تازە کردەوە

کڵچدارئۆغڵو:

خەڵکی ئەم وڵاتە بژاردەی خۆی بۆ دیموکراسی بەکارهێنا نەک گوشار

سەزایی تەمەللی:

با هەرچی زووترە دەستووریکی دیموکراتیانە بۆ تورکیا بخرێتە گەڕ



دوێنێ دووشەمە 24ی6ی 2019 سەرۆکی دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا، سەعدی گوڤەن ڕایگەیاند، تەواوی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە دووبارەکراوەکەی سەرۆکایەتی شارەوانی گەورەشاری ئیستانبوڵ لە سیستەمدا تۆمارکراون؛ ئەکرەم ئیمامۆغڵو، چوار ملیۆن و 741 هەزار و 868دەنگ واتە لەسەدا 54 و پێنت 21 بینالی یلدرمیش، سێ ملیۆن و 935 هەزار و 453 دەنگ واتە لەسەدا 44 و پێنت 99ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە.

سەعدی گوڤەن لە میانی هاتنی بۆ دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند کە تەواوی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە دووبارەکراوەکەی سەرۆکایەتی شارەوانی گەورەشاری ئیستانبوڵ لە سیستەمدا تۆمارکراون. سەرۆکی دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان، سەعدی گوڤەن تیشکی خستە سەر ئەوەی کە لە کۆی 10 ملیۆن و 560 هەزار و 963 دەنگدەر، هەشت ملیۆن و 925 هەزار و 63 کەس دەنگیانداوە. بەمجۆرەش ڕێژەی بەشداریکردن لەسەدا 84 و پێنت 5بووە و دەنگی پەسندکراویش، هەشت ملیۆن و 746 هەزار و 464 دەنگ بووە، هەروەها 178 هەزار و 599 دەنگیش پووچەڵکراوەتەوە.

سەعدی گوڤەن سەبارەت بەڕێژەی بەدەستهێنانی دەنگەکانیش گوتی: ئەکرەم ئیمامۆغڵو، چوار ملیۆن و 741هەزار و 868دەنگ واتە لەسەدا 54 و پێنت21 بینالی یلدرم، سێ ملیۆن و 935 هەزار و 453دەنگ واتە لەسەدا 44 و پێنت ?99 نەجدەت گۆکچنار، 47 هەزار و 829 دەنگ واتە لەسەدا سفرو پێنت ?55مستەفا ئیلکەر یوجەلیش، 14 هەزار و 545 دەنگ واتە لەسەدا سفرو پێنت 17ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە.

سەرۆکی دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان، سەعدی گوڤەن تیشکی خستە سەر ئەوەی کە پارتە سیاسییەکان تاوەکو کاتژمێر 3ی ئێوارەی ئەمڕۆ سێشەممە دەتوانن تانە لە ئەنجامەکان بدەن.

بەپێی زانیاری میدیاکان کاندیدی جەهەپە ئەکرەم ئیمامۆغڵو لە تەواوی شارەوانییەکانی سەر بە پارێزگای ئیستانبوڵدا دەنگەکانی زیادی کردووەو بەپێچەوانەشەوە بینالی یلدرم لە تەواوی شارەوانییەکاندا دەنگەکانی کەمی کردووە.

ئیمامۆغڵو لە شارۆچکەکانی، ئادالار، ئاڤجلار، باکرکۆی، چەتالجا، سیلیڤری، شیلە و شیشلی ڕێژەی دەنگەکانی خۆی بە بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشوو بە ڕێژەی لەسەدا حەوت تا لەسەدا 10 زیاد کردووە. ئیمامۆغڵو زۆرترین ڕێژەی دەنگی لە شارۆچکەی ئادالار بەدەستهێناوە.

پێویستە تورکیا بەخێرایی بگەڕێتەوە سەر ڕۆژەفی ڕاستەقینەی خۆی

سەرۆکی گشتی جەهەپە، کەمال کڵچدارئۆغڵو لە دوای ئاشکراکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنی گەورە شارەوانی ئیستانبوڵ، لە بەردەم بارەگاری ناوەندی گشتی پارتەکەی لە شاری ئەنقەرە گوتارێکی پێشکەش بە جەماوەری کرد. کەمال کڵچدارئۆغڵو گوتی: خەڵکی ئەم وڵاتە بژاردەی خۆی بۆ دیموکراسی بەکارهێنا نەک گوشار، دیموکراسیان بەرز کردەوە. کەمال کڵچدارئۆغڵو گوتیشی: دوای ئەم کاتە تورکیا بەخێرایی دەبێت بگەڕێتەوە سەر ڕۆژەفی ڕاستەقینەی خۆی. کەمال کڵچدارئۆغڵو سوپاسی هەموو لایەکی کرد و ڕاشیگەیاند: لە دڵەوە سوپاسی برایانم لە ئاک پارتییەکان، وڵاتپارێزان، مەهەپەییەکان، هەدەپە، سەعادەت دەکەم کە پشتگیری ئێمەیان کرد. کڵچدارئۆغڵو گوتیشی: ئێتر هیچ کەسێک ناتوانێت نامەی دەستبەکاربوون نەدات. ئێتر لەمەودوا ناتوانێت لە ژووری داخراوەکانەوە کودەتا بەسەر قارەمانی دیموکراسی بوون، ئەم کاتەش بە خۆشی یاد دەکەنەوە. هەڵبژاردنی ئەمڕۆ 23ی حوزەیران بۆ سەرۆکایەتی گەورەشارەوانی ئیستانبوڵ بێگومان ئەم هەڵبژاردنە واتاداراە بۆ پرۆسەی دیموکراسی تورکیا. هیوادارم ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەمڕۆ لە ئیستانبوڵەکەمان بە هەردوو وەسفەکەیەوە، بێبەتە مایەی خێر. ئیمامۆغڵو گوتیشی: بەداخەوە پرۆسەی دیموکراسی لە ئێوارەی 31ی ئادار کاری خۆی نەکرد. گەلەکەمان هەموو ئەو شتانە دەزانن کە ڕوویاندا. نامەوێ باس لە وردەکارییەکان بکەم. بەڵام بە ڕاگرتنی کاتژمێر ناتوانین ڕێگری لە تێپەڕبوونی کات بکەین. بە داپۆشین ناتوانین ڕاستییەکان بپۆشرێ. هاوواڵتیان وانەیان بەو کەسانە داوە کە لە 31ی ئادارەوە ئازاری ئەم وڵاتەیان داوە. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە لاپەڕەیەک لە ئیستانبوڵ داخرا و لاپەڕەیەکی نوێ کرایەوە. ئیمامۆغڵو گوتیشی: ئەمڕۆ 16 ملیۆن خەڵکی ئیستانبوڵ متمانەی ئێمەی بە دیموکراسی و دادوەری نوێ کردووەتەوە.

پێویستە بۆ لەمەودوا تەماشای 24ی حوزەیران و دواتر بکرێت

سەزایی تەمەللی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا کە لە ناوەندی گشتیی پارتەکەی سازیکرد، هەڵسەنگاندنی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی گەورەشارەوانی ئیستانبوڵ کرد و جەختی لەوەکردەوە کە هەڵبژاردنەکان لە زەمینەیەکی دیموکراسییدا بەڕێوەچوون. تەمەللی جەختی لەوەکردەوە لەرووی سیاسەتی تورکیاوە قۆناغێکی گرنگیان جێهێشتووە و پێویستە بۆ لەمەودوا تەماشای 24ی حوزەیران و دواتر بکرێت. هەروەها تیشکی خستەسەر ئەوەش کە دەنگدەری هەدەپە لەم هەڵبژاردنەدا دەستپێشخەرییان بەکارهێناوە و ڕایگەیاند: هەدەپە کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئیستانبوڵی دیارییکردووە، بۆچوونی خۆی هەبووە. هەدەپە سیاسەتی بێلایەنی خۆی پاراستووە و لە بنەڕەتدا ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئیستانبوڵی بۆ خەباتێکی دیموکراسیی گۆڕیوە و بووەتە ئومێدی هاوبەشی سەرجەم گەلان. تەمەللی ئاماژەی بەوەش دا کە تورکیا پێویستی بە زمانێکی دانوستانکارانەی سیاسیی هەیە و دووپاتی کردەوە کە هەرچی زووترە دەستووریکی دیموکراتیانە بخرێتە گەڕ. سەزایی تەمەللی ڕایگەیاند ئەوان چاوەڕێن کە هەموو پارتەکان پێکەوە کۆببنەوە و پرۆسەی دەستووریکی نوێ بهێنن ئاراوە، بەوجەشنەش دەتوانرێت ئاشتی کۆمەڵایەتی بنیات بنرێت.

هەر خێزانێکی عەرەب 20 ملیۆن دیناری عێراقی و پارچە زەویەکی پێدرابوو

نەجات حوسێن: گەڕانەوەی ئەو عەرەبانەی قەرەبوویان وەرگرتووە بۆ سنورەکە پێشێلکردنی مافی کەرکووکیەکانە



بەشێکی زۆر لەو عەرەبە هاوردانەی لە چوارچێوەی مادەی 140ی دەستووری عێراقدا قەرەبوو کراونەتەوە و ناوچە کێشە لەسەرەکانیان جێهێشتووە، جارێکی تر بۆ ئەو ناوچانە گەڕاونەتەوە.

لە نێو مادەی 140ی دەستووری عێراقدا کە پەیوەندیدارە بە ناوچە کێشەلەسەرەکان، بڕگەیەک تایبەت کراوە بەقەرەبووکردنەوەی ئەو عەرەبە هاوردانەی ئەو ناوچانە جێدەهێڵن و دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی پێشووتریان. بەپێی ئەو بڕگەیەی مادەی 140کە تایبەتە بەقەرەبووکردنەوە، هەر خێزانێکی عەرەب 20 ملیۆن دیناری عێراقی و پارچە زەویەکی لەو ناوچەیەش پێدەدرێت کەبۆی دەگەڕێتەوە. ئەمە لەکاتێک دایە بەهەزاران خێزانی عەرەب، قەرەبووی جێهێشتنی ناوچەکێشە لەسەرەکانیان وەرگرتووە، کەچی دوای نەمانی دەسەڵاتی کوردی لەو ناوچانە، بەشێکی زۆریان جارێکی تر گەڕاونەتەوە.

لە سەرەتای ساڵانی هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، ڕژێمی بەعس بەهەزاران خێزانی کوردی لەناوچە کێشەلەسەرەکان ڕاگواست و دواتریش عەرەبی لەپارێزگاکانی تری عێراقەوە هێناو لە جێگەکانیان نیشتەجێی کردن. دوای ڕووخانی بەعس لە ساڵی 2003 کوردەکان لە ئێستادا عەرەبەکان جارێکی تر بۆ ناوچەکانیان گەڕانەوە و عەرەبەکانیش ناوچەکەیان جێهێشت، بەڵام دیسانەوە گەڕاونەتەوە و لەگەڵ کوردەکان دا بووەتە کێشەیان.

لەمبارەیەوە نەجات حسێن ئەندامی کوتلەی تورکمانی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، ئاماژەی بەوەکردووە کە ئەو عەرەبانەی کاتی خۆی بەعس لەسنوری کەرکووک نیشتەجێی کردوون، دووجار پارەیان پێدراوەو گوتی: لە ساڵانی هەفتاکان کاتێک بەعس ئەو خێزانانەی هێنا بۆ زێدی کورد و تورکمانەکان، هەر خێزانێک پارچەیەک زەوی و بڕی 10 هەزار دیناری سویسری پێدراوە. گوتیشی: لە چوارچێوەی مادەی 140ی دەستووریشدا، هەر خێزانێکی عەرەب بڕی 20 ملیۆن دینار و پارچەیەک زەوی تری پێدراوە، تا بگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچەیەی پێشتر بەعس لێوەی هێناوە.

نەجات حسێن، جەختیشیکردەوە: گەڕانەوەی ئەو عەرەبانەی قەرەبوویان وەرگرتووە بۆ سنورەکە پێشێلکردنی مافی کەرکووکیەکانە. پاساوی حکومەتی عێراق و ئیدارەی کەرکووک بۆ پشتگیری کردنی عەرەبەکان، ئەوەیە ئەو ناوچانە زێدی خۆیانە و لەدوای ڕووخانی بەعس بە زۆر پێیانخێهێڵراوە.

سەرچاوە/ دەنگی ئەمەریکا

عێراق هێزێکی دەستوەشێن بۆ پاراستنی دامەزراوە نەوتییەکان پێکدەهێنێت

وەزیری نەوتی عێراق، سامر غەزبان ڕایگەیاند، هێزێکی سەربازییان لەژێر ناوی "هێزی دەستوەشێن" پێکهێناوە کە فیرقەیەکی سەربازیی دەبێت و کاری سەرەکی پاراستنی دامەزراوە نەوتییەکان دەبێت لە پارێزگای بەسرە باشووری عێراق. ڕۆژی چوارشەمەی ڕابردوو، مووشەکێکی کاتیۆشا لە کۆمپانیای بیرە نەوتییەکان لە ناوچەی برجسییە لە پارێزگای بەسرە، کەوتەخوارەوە و لە ئاکامدا سێ کەس برینداربوون، دوای ئەو هێرشەش کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل بڕیاریدا بە کشانەوەی کارمەندانی لەو ناوچەیە. سامر غەزبان لە لێدوانێکی تەلەڤیزیۆنییدا ڕایگەیاند: هێزی دەستوەشێن کە لە جەنگاوەرەکانی خەڵکی بەسرە پێکدێت، بەشێوەیەکی زۆر باش مەشق و ڕاهێنانی سەربازییان پێکراوە و پڕچەک کراون، کاری سەرەکیان بریتی دەبێت لە پاراستنی دامەزراوەکانی وزە و کارمەندانی کەرتی نەوتی لە بەسرە. کۆمپانیای ئیسکۆن مۆبیل وەک بەڵێندەری سەرەکی کە ڕێککەوتنی لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی باشووری ئەنجامداوە بۆ پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان و زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان. مانگی ئایاری ڕابردوو کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل بەهۆی مەترسی ئەمنیی کارمەندانی لە کێڵگەی ڕۆژئاوای قورنە ١ کشاندەوە و کۆتایی هەمان مانگ گەڕانەوەی کارمەندەکانی بۆسەر کارەکانیان ڕاگەیاند، دوای ئەوەی ڕێوشوێنی ئەمنیی پێویست بۆ پاراستنی کارمەندانی گیرایەبەر.

سعوودیە.. جارێکی دیکە لەلایەن حووسییەکانەوە فڕۆکەخانەی ئەبها کرایەوە ئامانج



ڕاگەیەندرا کە حووسییەکان، بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشیانکردووەتە سەر فڕۆکەخانەی ئەبها باشووری سعوودیە. هاوکات هاوپەیمانییەتی عەرەبی لە ڕاگەیەندراوێکیدا هەواڵەکەی پشتڕاستکردووەتەوە و ئاماژەی بەوەدا، میلیشاکانی حووسی کە لە لایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن هێرشیانکردووەتە سەر فڕۆکەخانەی ئەبها. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە ئاکامی هێرشەکەدا، هاوواڵتییەکی سووری کوژراوە و حەوت کەسی دیکەش برینداربوون. کەنالی ئەلعەرەبییە بڵاویکردەوە، هێرشەکە بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ئەنجامدراو کە بە هۆیەوە هاوواڵتییەکی سووری کوژراوە و هەشتی دیکەش برینداربوون. لای خۆیەوە گوتەبێژی حووسییەکان، یەحیا سەریع ڕاگەیاندووە کە بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشیانکردووەتە سەر باشووری سعوودیە کە لە میانیدا، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەبها کراوەتە ئامانج. بەگوتەی یەحیا سەریع، هێرشەکە بەوردی ئامانجەکەی پێکاوە، بێ ئەوەی زانیاری زیاتر لەوبارەیەوە بخاتەڕوو. ئەمە بۆ چەندین جارە، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەبها باشووری سعوودیە لە لایەن حووسییەکانەوە دەکرێتە ئامانج.

دانیمارک.. یەکێتیی ئافرەتان بە بۆنەی دەستبەکاربوونی نێچیرڤان بارزانی و ڕاسپاردنی مەسرور بارزانی ئاهەنگێکیان سازکرد

ساسان دەروێش ـ دانیمارک:
ڕێکخراوی ئەنجوومەنی دانیمارکی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، ئۆفیسی ئەوروپا لە کۆپنهاگن پایتەختی دانیمارک بە بۆنەی یاد و بیرەوەری 12ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەیان و هاوکات دەستبەکاربوونی نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ڕاسپاردنی مەسرور بارزانی بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم و هەڵبژاردنیان.



ئاهەنگێکی قەشەنگیان سازکرد، بۆنەکە بە ئامادەبوونی ستافی ئەنجوومەنی دانیمارکی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان خۆیان و ئەندامانی ڕێکخستنەکانیان و بەشێکی بەرچاو لە میوانانی کورد و بیانی و دانیمارکی ئەم بۆنەیان کرد بۆ ئامادەبونیان لە بۆنەکە، هەروەها پیرۆزبایی خۆیانیان پێشکەشی نێچیرڤان بارزانی بە بۆنەی دەستبەکاربوونی وەک سەرۆکی هەرێم و ڕاسپاردنی مەسرور بارزانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەت، پاشان بە خولەکێک وەستان بۆ گیانی بەرزە فڕی گشت شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد و مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب دەستپێکرد، هەروەها لەلایەن سەرپەرشتیاری بۆنەکە خاتوو بەیان نووری بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی ئافرەتانی دانیمارک لە پەیڤێکی کورتدا ئەم بیرهێنانەوەی باسکرد و بە بۆنەیەکی خۆشی وەسفکرد کە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی کوردستان هەنگاوی بەهێزبوون دەنێت لە دەستبەکاربوونی دامەزراوەکانی لە سەرۆکی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران و کۆکردنەوەی هەموو دەنگەکان لەژێر چەتری خزمەتکردن بە کورد و کوردستان، پاشان لەلایەن هاوکارانی بۆنەکە و خاتوونێکی دانیمارکی بابەتێکی گرنگی خستەڕوو بۆ ئافرەتان، پاشان پێکەوە پێشانگایەکی پڕ لە تابلۆی هونەرمەندی شێوەکاری تەمەن 21 ساڵ خاتوو سۆما بەختیاریان کردەوە کە بە چەند هێڵکارێکی پڕ لە هونەری و تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ کە گوزارشتیان لە سرووشت و جوانی ئافرەت و ناخی هونەرمەندی گەنج دەکرد، لە تەوەرێکی تری بۆنەکەشدا پێشانگایەکی کولتووری کە بڕیتی بوو لە نیشاندانی کولتووری کوردەواری لە ئەم بیرهێنانەوەی باسکرد و بە بۆنەیەکی خۆشی وەسفکرد کە کەرەستە کۆنەکانی بەکارهێنان و جلوبەرگی کوردی و جۆرەکانی خشڵ و ڕازاندنەوەی ئافرەتی کورد بوون، پاشان لەلایەن هونەرمەندی گەنجی تەمەن 16 ساڵ سەهەند عوسمان گولبژێرێکی لە گۆرانی و مۆسیقا پێشکەشی ئامادەبووان کرد کە تێیدا هەڵپەرکێی کوردەواری لە نیشاندرا تێیدا و لە بەشێکی تریشدا خواردن و خواردنەوەی کوردەواری بە هەموو جۆرەکانی پێشکەشی میوانەکان کرا کە لەلایەن خاتوو ئیڤان ئامادەکرا بوو بە هاوکاری خاتوو پەیمان ڕەئووف و خاتوو گوڵاڵە لە کۆتایشدا بەخەڵاتکردنی هونەرمەندان و چەند کەسایەتییەک زۆر بەیان بەرپرسی ئەنجوومەنی دانیمارکی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بەمشێوەیە بۆ خەبات گوتی: سەرەتا سوپاس بۆ ڕۆژنامەی خەبات کە هەمیشە لەگەڵمانداید و پیرۆزبایی لە خۆمان و هەموو ئافرەتان دەکەین و پیرۆزبایی لە گشت خەڵکی کوردستان دەکەین بە بۆنەی ڕێکخستنەوەی سەرکەوتووانە کۆتایی هات.

لە میانەی ئاهەنگەشدا خاتوو ناوەندەکانی دەسەڵات و کۆکردنەوەی هەموو دەنگ و ڕەنگەکان لەژێر چەتری خۆیدا بۆ بەهێزکردنی کوردستان و هیوای سەرکەوتن بۆ نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی دەخوازین، ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی 2007 دروستکراوە بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی کوردی دانیمارک بە ڕەزامەندی شارەوانی کۆپنهاگن و دواتر لەلایەن ئۆفیسی ئەوروپای یەکێتیی ئافرەتان گەشەی سەندووە و بۆ ئەمڕۆش هەمان شارەوانی پشتگیریان کردین بۆ ڕێکخستنی ئەم بۆنەیە بەهیوام ئافرەتی کورد تێیدا دڵخۆش بووبن لە ئەندامان و میوانەکانمان. هەروەها لەلایەن پەیمان ڕەئووف بەرپرسی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە دانیمارک بۆ خەبات گوتی: ئەم بۆنەیە زۆر گرنگ و پێویست بوو کە زۆڵی گرنگی ئافرەتان لە هەموو بوارەکاندا مەبەستەش کۆمەڵێک لە میوانی دانیماری لەگەڵمان بەشداربوون وێڕای نیشاندانی کولتووری کوردەواری لە جلوبەرگ و خواردن و هەڵپەڕکی لەژێر ئالای پیرۆزی کوردستان ئەم بۆنەیەش هاوکات بوو بۆ پیرۆزبایی دەربڕینی خۆمان بۆ بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی کە دوو کەسایەتی لێهاتوون بۆ ئەوەی کوردستان زیاتر بەهێز و ئاوەدان بکەن لە کۆتایشدا خاتوو ئیڤان کارگێڕی ئەنجوومەنی ئافرەتان بۆ خەبات، گوتی: ڕاستە ئەمە بۆنەیەک بوو کە تایبەت بێت بە خۆمان و ڕێکخراوەکەمان و خستنەڕووی چالاکی و توانا کانمان کە هەمووی لە خزمەتکردنی کوردستاندا دەبینینەوە و هەمیشە پردێکی نێوان کوردستان و تاراوگە بووین و لە خەمی پرسی ئافرەتی کورددا کارەکانمان گرێداوە، ئەمڕۆش پەیمانمان نوێکردەوە هەمیشە پاڵپشتی کوردستانێکی بەهێز بین.

بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی جیهانی دژبە ئێران پۆمپیۆ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا: هەنگاو دەنێین بۆ هاوپەیمانییەکی جیهانی دژبە ئێران

وەزارەتی دەرەوەی ئێران: ئەگەر هەموو ڕۆژێکیش بێنە ناوچەکە ناتوانن سەرکەوتووبن



وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ ڕایگەیاند کە ئامادەی دانوستانی بێ پێشمەرجن لەگەڵ ئێران، هەروەها هەنگاو دەنێین بۆ هاوپەیمانییەکی جیهانی دژبە ئێران. مایک پۆمپیۆ بەرلە بەڕێکەوتنی بۆ سعوودیە لە فڕۆکەخانەی جێنێت ئاندریوس بۆ ڕۆژنامەنووسان دوا و باسی لەوە کرد کە ڕۆژهەڵی سەردانەکەی ئێران دەبێت. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئەو دیدارانەی لە سعوودیە و ئیمارات ئەنجامیان دەدات بە یەکەم هەنگاوی پێکهێنانی "هاوپەیمانییەکی جیهانی دژبە ئێران" ناوزەند کرد و گوتی: لەگەڵ ئەواندا (سعوودیە و ئیمارات) باس لە چۆنیەتی پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی جیهانی دەکەین (دژبە ئێران) لە ڕووی ستراتیجییەوە، ئەویش نەک تەنها لە ووڵاتانی کەناداودا، بەڵکو لە ئاسیا و ئەورووپاشدا.

مایک پۆمپیۆ گوتیشی: ئامادەی دانوستانین بێ دانانی مەرجی پێشوەختە. ئەوان دەزانن ئێمە لە کوێ دەبیننەوە. دڵنیام ئەگەر ئامادەبن پەیوەندیمان پێوە بکەن دەکرێت دانوستانەکان لە پایتەختەکانی ئەوروپا بکرێن، ئەوا بەردەوام دەبن لە هەڵپەساردنی بەڵێنەکانی ڕێککەوتنەکە و هەنگاوی دووهەمیشیان بەهێزتر دەبێت.

ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەمەریکا سزای توندی بەسەر ئێران سەپاندووە و بەردەوام دەبێت لە فشارخستنە سەر ئێران بۆ ئەوەی ڕێگە لە هەڕەشەکانی بگرێت بۆ سەر هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە و بەرنامەی چەکی ئەتۆمی ڕابگرێت.

ئابووریەوە لە ڕەوشێکی سەختدایە و باوەڕی خۆی نیشاندا کە بۆ دانوستان کراوەیە و گوتی: ئێران دەیەوێت ڕێککەوتن بکات. ڕێککەوتنی من پەیوەستە بە چەکی ئەتۆمی. تەماشاکەن ئێران نابێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی. وانازانم بەو ڕەوشە دڵخۆشبن کە ئێستا تیایدان. بەڕاستی ئابووریان خراپە.

لە کاردانەوەیەکیشدا گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەباس موسەوی ڕایگەیاند کە ئەو هەنگاوانەی نراون بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی جیهانی دژبە ووڵاتەکەی نوێ نین و ئەمەریکا تیایدا سەرکەوتوو نابێت. عەباس موسەوی لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی هەفتانەیدا کە لە وەزارەتی دەرەوە سازیکرد، باسی لە پێشهاتەکانی ڕۆژەڤ کرد. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران سەبارەت بە سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ بۆ سعوودیە و ئیمارات کە بە "یەکەم هەنگاوی پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی جیهانی دژبە ئێران" لە قەڵەمی داوە گوتی: ئەو هەنگاوانەی نراون بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی نوێ نین و ئەو هاوپەیمانییانەی پێکیانهێناون شکستیان هێناوە. عەباس موسەوی ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە ئێران لەگەڵ 15 ووڵات دراوسێیە، ئامادەی بەوەیش کرد کە سەختە هاوپەیمانی دژیان پێکبهێنن و گوتی: ئەگەر هەموو ڕۆژێکیش بێنە ناوچەکە ناتوانن سەرکەوتووبن. لێدوانە دژبەیەک و پێچەوانەکانیشیان پەرتەوازەیی و بێ سیاسەتی تیمی بەڕێوەبەرانی ئەمەریکا نیشانی دەدات.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەباس موسەوی لەبارەی هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ سەپاندنی سزای نوێ بەسەر ئێراندا گوتی: 'ئەمەریکا سزای تر ماوە بیسەپێنێت بەسەر ئێراندا؟ ئەم سزایانە چی سوودێکیان هەبوو؟ ئەوان لە هەوڵی ئەوەدان کە ڕای گشتی ناوخۆ و دەرەکی بخەنە ژێر کاریگەریی خۆیان. ئەم سزایانە لە چوارچێوەی تیرۆریزمی ئابووری و بە دوژمنکارانەی دەبینین. عەباس موسەوی ئاماژەی بەوەدا کە بەردەوامیدان بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە پەیوەستە بە جێبەجێکردنی خاڵەکانی بەڵێننامەکە لە لایەن بەشدارەوانی ڕێککەوتنەکە، هاوکات ڕایگەیاند کە دوای کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنەکە، ئەو ووڵاتانەی ماونەتەوە بەڵێنیانداوە کە ڕێگرین لە لەدەستدانی ئەم دەستکەوتە نێودەوڵەتییە. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند کە ئەگەر ووڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا هەنگاوی جددی دەنێن و داواکارییەکانی ئێران جێبەجێ نەکرێت، ئەوا بەردەوام دەبن لە هەڵپەساردنی بەڵێنەکانی ڕێککەوتنەکە و هەنگاوی دووهەمیشیان بەهێزتر دەبێت.

مشتومڕی توند لەنێوان سەرکۆماری ئێران و یاریدەدەرەکەی ڕووبداوە

حەسەن ڕوحانی: هەژموونی سەربازیی دەستوەردەری ئەمەریکا سەرچاوەی کێشەکانی ناوچەکەیە



دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆتەوە کە مشتومڕی توند لەنێوان سەرکۆماری ئێران حەسەن ڕوحانی و یاریدەدەرەکەی بەناوی ئیسحاق جیهانگیری ڕووبداوە. بەپێی هەواڵێکی سایتی ئینتیخاب کە بە نزیکییەوە لە حکوومەت ناسراوە، سەرکۆمار ڕوحانی ڕۆژی ڕابردوو لە کۆبوونەوەیەکدا ڕووی دەمی کردۆتە یاریدەدەری یەکەمی خۆی جیهانگیری و پێی گووتووە، ئێوە ڕیفۆرمیستەکان بەدوای ڕووخاندنی حکوومەتەوەن.

جیهانگیریش لای خۆیەوە وەڵامی گوتەکانی ڕوحانی نەداوەتەوە و کۆبوونەوەکەی بەجێهێشتووە. سەرۆکی پەرلەمانمان عەلی لاریجانیش هەوڵی داوە جیهانگیری ڕابگرێت. لە هەواڵەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە لەڕۆژی ڕابردووەوە ناوبراو چۆتە ماڵەوە و هەندێک لە وەزیرەکان هەوڵیان داوە کە بیگەڕێننەوە، وەزیری دەرەوە محەممەد جەواد زەریف پەکێک بووە لەو کەسانەی بەمەبەستی نێوەندگیری، سەردانی ماڵی جیهانگیری کردووە.

لەلایەکی تریەوە ڕۆژنامەی ئێران کە بەنزیکییەوە لە حکوومەت ناسراوە لە تۆزی کۆمەڵایەتی تویتەر لەزاری سەرچاوەیەکەوە کە نەیویستووە ناوی خۆی ئاشکرا بکات، ئەو دەنگۆیانەی بەدرۆ خستۆتەوە و ڕایگەیاندووە کە جیهانگیری ئێستا لە کۆبوونەوەی کابینەکەدایە.

لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی ڕوونکردنەوەیەک کە لەلایەن سەرۆکایەتی کۆماری ئێرانەوە بڵاوکراوەتەوە، ڕوحانی لەگەڵ سەرۆکی یەکێتیی نێودەوڵەتی پەرلەمانەکان، گابریێلا کویڤاس بارۆن کۆبوونەتەوە کە بەسەردانێکی فەرمی لە تارانە. ڕوحانی باسی لەوە کرد کە زۆر کێشەی هەرێمی و جیهانی بەهۆی سیاسەتی هەندێ وڵاتەوە بەتایبەتی ئەمەریکا ڕوو دەدەن، ئەوەیشی خستەڕوو کە سیاسەتی تاک لایەنە گەورەترین کێشەی لە جیهاندا دروستکردووە. حەسەن ڕوحانی باسی لەوە کرد کە پابەندی بڕیاری ژمارە 2231ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بوون، بەڵام هەر سزادراون و، ئەمەریکا سزای دەرمان و بەرهەمە خۆراکییەکانی بەسەر ئێراندا سەپاندووە. هەروەها ڕوحانی باسی لەوە کرد کە شەڕەنگێزی ئەمەریکا بووەتە سەرەتای گرژی نوێ لە ناوچەکەدا و، گوتی: هەژموونی سەربازی دەستوەردەری ئەمەریکا سەرچاوەی کێشەکانی ناوچەکەیە.

ڕاگەیەندراوی هاوبەشی سعوودیە، ئیمارات، بەریتانیا و ئەمەریکا:

داوا لە ئێران دەکەین پەنا بۆ چارەسەری دیپلۆماسیی بەرێت بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان

لە ڕاگەیەندراوی هاوبەشی سعوودیە، ئیمارات، بەریتانیا و ئەمەریکادا کاردانەوە نیشاندراوە بەرامبەر ئەو چالاکییانەی ئێران کە سەقامگیری تێکدەدات، هاوکات داواکراوە کۆتایی بە هێرشی حووسییەکان بهێنرێت کە ڕووی لە زیادبوون کردووە. سعوودیە، ئیمارات، بەریتانیا و ئەمەریکا ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان لەبارەی یەمەن بڵاوکردەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەو چوار وڵاتە نیگەرانییان خستووەتەڕوو لەبارەی زیادبوونی گرژیی لە ناوچەکەدا و ئەو هەڕەشانەی ئێران کە بووەتە هۆی چالاکیی تێکدانی سەقامگیری و هێرشی سەر نەوت هەڵگرەکان لە 12ی ئایار و 13 حوزەیران.

هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو هێرشانە بوونەتە مەترسی لەسەر ڕێڕەوە ئاوییەکان و هاتووە "داوا لە ئێران دەکەین کردەکانی ڕاگرێت کە هەڕەشە لە سەقامگیری ناوچەکە دەکات و پەنا بۆ چارەسەری دیپلۆماسیی بەرێت بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان". هەروەها لە ڕاگەیەندراوەکەدا نیگەرانی خراوەتەڕوو لەبارەی هێرشی حووسییەکان بۆ سەر سعوودیە بە بەکارهێنانی مووشەک و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی دروستکراوی ئێران. هاوکات ئیدانەی هێرشەکەی 12ی حوزەیرانی سەر فڕۆکەخانەی ئەبها کراوە و هاتووە "داوا لە حووسییەکان دەکەین بە ئێران ڕاوەستێنن و هاوبەش بکەن لە پێناو تاودان بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی حودەیدە. لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە کە هەڵێک بۆ دەستپێکی قۆناغێک پێشکەشکراوە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ستۆکهۆڵم و ڕێککەوتنێکی سیاسیی دەربڕخایەن کە کۆتایی بە شەڕ و پێکدادانەکانی یەمەن بهێنێت.

هێڵی ئاسمانیی سعوودیە بەسەر دەریای عومان و گەرووی هورموزدا گەشت ناکات

هێڵی ئاسمانیی سعوودیە ڕایگەیاند کە لەبەر پاراستنی گیانی تیمەکانی فڕۆکەوانی و سەرنشینان، بەسەر دەریای عومان و گەرووی هورموزدا گەشت ناکات. دوای ژمارەیەک کۆمپانیای هێڵی ئاسمانیی جیهانی، هێڵی ئاسمانیی سعوودیە ڕایگەیاند کە لەبەر پاراستنی گیانی تیمەکانی فڕۆکەوانی و سەرنشینان، هێڵەکانی ئاسمانیی سعوودیە بڕیاریداوە کە بەسەر دەریای عومان و گەرووی هورموزدا گەشت نەکات.

شاهانەی هۆڵەندا، بریتیش ئێرەوەی، ئێر فرەنس، لوفتانزا، قانتاس، یونایتد ئێرلاینس، مالیزیا ئێرلاینس و سنگاپور ئێرلانس ڕایانگەیاندبوو کە بە هۆکاری ئەمنیی بەسەر گەرووی هورموزدا گەشت ناکەن. کەنالی ئەلعەرەبییە بڵاویکردەوە، لەبەر پاراستنی گیانی تیمەکانی فڕۆکەوانی و سەرنشینان، هێڵەکانی ئاسمانیی سعوودیە بڕیاریداوە کە بەسەر دەریای عومان و گەرووی هورموزدا گەشت نەکات.

جێی باسە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تڕەمپ ڕایگەیاندبوو کە شەوی پێنجشەممە لەسەر هەینی بڕیاری هێرشکردنە سەر ئێران دراوە، بەڵام 10 خولەک پێش وادەی ئەنجامدانی هێرشەکە، بڕیارەکەی ڕاگرتووە. ئەوەش دوای ئەوە هات کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی ئەمەریکا لە لایەن هێزی ئاسمانی ئێرانەوە خرایە خوارەوە.

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
www.xebat.net
ساڵی شەشەم 2019/6/25 ژمارە (5775)
خەبات

ئەحمەد کانی لە ڕەوشی تەندروستی وەرزشوانی دێرین مزۆ لەشکری دەپرسێتەوە



ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە تەندروستی وەرزشوانی دێرینی شاری هەولێر مزۆ لەشکری پرسییەوە کە بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆ لەژێر چاودێری چڕی پزیشکی دایە.

بەرپرسی لقی دوو وێڕای ئەوەی لەگەڵ برا و خزمانی هیوای زوو چاکبوونەوەی مزۆ لەشکری خواست، داوای لە دکتۆر و کارمەندانی تەندروستی نەخۆشخانەکە کرد هەموو خزمەتێکی تەندروستی پێشکەش بکەن و توانای تەواوی خۆیان بەگەڕ بخەن بۆ ئەوەی باری تەندروستی باشتر بێ.

لە بەرامبەردا برایانی مزۆ لەشکری، سوپاسی پشتیوانییەکەی بەرپرسی لقی دوویان کرد و وەک وەفایەک بۆ وەرزشوانان و وەرزش لەو شارە وەسفیان کرد.

زانکۆکانی کوردستان بۆ بواری پلانی ستراتیژی بەشداری چالاکییەکی بەرنامەی ئیراسمۆس پلاس لەوڵاتی چیک دەکەن



زانکۆی سەلاحەددین بەتایبەت و زانکۆکانی کوردستان بەگشتی لەبوارەکانی زانستدا ئێستا بۆ بە نێودەوڵەتیکردن هەنگاو دەنێن بۆیە لە زۆربەی وۆرکشۆپ و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکاندا بانگهێشت دەکرێن. بۆ ئەمەش لە نێوەندی پڕۆگرامی ئیراسمۆس پلاس ژتایکرێس شاندنی زانکۆی سەلاحەددین بەسەرۆکایەتی پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی لەگەڵ نوێنەری 8 زانکۆی هەرێمی کوردستان بەشداربوون لە وۆرکشۆپێکی پڕۆگرامی ناوبراو، ئەم وۆرکشۆپەکە لەشاری برنۆی وڵاتی کۆماری چیک سازکرا، هاوکات وۆرکشۆپەکە دوو ڕۆژی خایاند، ئەوەی شیاوی باسە ئەم وۆرکشۆپە تایبەتە بەتاوتۆکردنی پلانی ستراتیژی نێودەوڵەتی زانکۆکانی کوردستان بۆ 4 ساڵی داهاتوو، بۆ ئەمەش لەلایەن شاندی زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆکانی دیکەی کوردستان و بەشداربوانی دیکە گفتوگۆ کران و چەندین خاڵی ستراتیژی بۆ 4 ساڵی داهاتوو دانرا، دیارە هەنگاوەکانی زانکۆکانی کوردستان بۆ زیاتر پتەوکردنی زانستە تا لە داهاتوودا هەرێمی کوردستان سوودی لێ وەربگرێ و بتواندرێ داهاتوویەکی گەش بۆ نەوەکان دابندرێ، ئەم وۆرکشۆپە بەشێکە بۆ بە نێودەوڵەتیکردنی زانکۆکانی کوردستان کە پڕۆگرامی ئیراسکۆس پلاس ژتایکرێس، کە یەکێتی ئەوروپا ئەنجامی دەدات.

شەقامی 150 مەتری کەمتر لەو ماوەی بۆی دیاری کراوە تەواو دەکرێت



سەرپەرشتیاری دروستکردنی شەقامی 150 مەتری شاری هەولێر دەڵێ: دروستکردنی شەقامی 150 مەتری، کارەکانی بەشێوەیەکی خێرا بەڕێوەدەچن و کەمتر لەوادەی دیاریکراو تەواو دەبێت، هاوکات جۆرە پردێکی لێ دروست دەکرێت، کە لەسەر ئاستی عێراق لەوجۆرە تا ئێستا نەبووە.

سەرتیپ قادر، بە مانّپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە: کارکردن لە شەقامی 150مەتری بەردەوامی هەیە و کاری زۆر باشیان کردووە، لە ئێستادا ڕێگای بەحرکە تا دەگاتە ڕێگای شەقلاوە و لەوێش تا دەگاتە ڕێگای کۆیە کارکردن لێی بەردەوامە، هەندێک بەربەستمان هەبوو ئەوانیش چارەسەربوون و کێشەمان نییە، بۆیە کەمتر لەو ماوەی بۆی دیاری کراوە، کە هەزار و 250 ڕۆژە تەواو دەکرێت. سەرپەرشتیاری دروستکردنی شەقامی 150مەتری هەولێر گوتیشی: لە ئێستادا کاری خۆڵکاری و ئۆقەر پاس و ئاوەڕۆ دەکرێت، و کارەکان زۆر باش بەڕێوەدەچن. قادر باسی لەوەشکرد، بەرزەپردێک لەسەر ڕێگای مەسیف بۆ شەقامی 150 مەتری دروست دەکرێت، کە پێی دەگوترێت ئاراستەگۆڕی ئەنتەرکینگ، کە گەورەترین بەرزە پردە لەسەر ئاستی عێراق، بەشێوەیەکی زۆر جوان دروست دەکرێت و بەشێکی باشیشی لێ دروست کراوە و بەم نزیکانە تەواو دەکرێت.

یەکێتیی مامۆستایان زانیاری لەبارەی ئۆتۆمبێلە قیستەکان بە مامۆستایان دەدات



سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لەبارەی ئۆتۆمبێلە قیستەکانەوە ڕوونکردنەوە بە مامۆستایان دەدات و ڕەتی دەکاتەوە هیچ گرێبەستێک لەمبارەیەوە کرابێت.

عەبدولواحید محەمەد، سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ڕایگەیاندوە: یەکێتییەکەمان هیچ گرێبەستێکی بۆ کرینی ئۆتۆمبێل نەکردووە، تەنها گفتوگۆکان لەگەڵ کۆمپانیاکە دەستی پێکردووە.

لە بارەی جۆری ئۆتۆمبێلەکانیشەوە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چەندان ناو دەهێنرێت، سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایان باسی لەوە کرد، تا ئێستا جۆری ئەو ئۆتۆمبێلانە دیاری نەکراوە کە مامۆستایان دەتوانن بیکڕن.

هەرچی پەیوەندی بەو یەکێتییانەوە هەیە کە دەتوانن لە پڕۆژەکەدا سوودمەند بن، عەبدولواحید محەمەد بۆ باسنیوز گوتی: ئەو مامۆستایانەی ئەندامی یەکێتییەکەمان نین، ناتوانن سوودمەند بن، چونکە ئەوان ئەندامی یەکێتییەکە نین و پابەندی ئەرک و مافەکانی یەکێتییەکەش نین.

دووپاتیشی کردەوە کە هێشتا هیچ گرێبەستێک نەکراوە، بەڵکوو پێشتر گفتوگۆیەک کرابوو، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی گفتوگۆکە ڕاگیرابوو، ئێستا دووبارە لەبارەی پڕۆژەکەوە دەستیان بە گفتوگۆ کردووەتەوە و داوای ڕوونکردنەوەی زیاتریان لە کۆمپانیاکە کردووە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە لەنێو مامۆستایاندا وا باس دەکرێت کە پڕۆژەکە گەیشتبێتە قۆناغی جێبەجێکردن، تەنانەت جۆری ئۆتۆمبێلەکان و شێوازی قیستەکان و مەرجەکانی سوودمەندبوونیش لێی باس دەکرێت.

هەڵەبجە.. کشتوکاڵکردن لە زەویيە دێمییەکان



بە هۆی بارانبارینی زۆری ئەمساڵ، جووتیارەکان لە زەویيە دێمییەکان و قەدپاڵی گردۆڵکەکان کشتوکاڵ دەکەن و بەئاسانی ئاو دەگوازنەوە بۆ ئاودانی ئەو بەرووبوومە کشتوکاڵییانەی چاندونیان.

ئەمساڵ لە هەرێمی کوردستان ساڵێکی تایبەت بوو بۆ بارانبارین و لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێم بارانبارین ڕێژەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد و گەیشتە زیاتر لە هەزار ملم، ئەوەش بەلای جووتیارانەوە جێگای دڵخۆشی بوو.

لەئێستادا کە وەرزی پێگەیشتنی سەوزە و میوە هاوینەییەکانە لە ناوچەکە لە شاری هەڵەبجە جووتیارەکان جگە لە دەشتەکان، لەو زەویيانەش کشتوکاڵیان کردووە کە پێشتر بە زەوی دێمی ناسراوبوون و گەیاندنی ئاو بۆ ئەو ناوچانانە زەحمەت بوو.

عوسمان حسێن جووتیارێکی دانیشتووی گوندی ئیمامی زامنە لە خواروی هەڵەبجە، ئەو باس لەوە دەکات ئەمساڵ بە هۆی هەستانی زۆری ئاوی دەریاچەی دەربەندیخان، سیروان لە زەویيە دێمییەکانی ناوچەکەدا زیاتر لە 300 دۆنم زەویيان بە شوتی و کاڵەک و تەماتە داچاندووە و بەئاسانی دەتوانن ئاو بگەیەننە زەویيەکانیان.

بەگوێرەی ئامارەکان لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، 170 هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە، لەو بڕەش بەشێکی زۆری لە وەرزی هاویندا بە سەوزە و میوە و بەڕووبوومە هاوینەییەکان دەچێندرێن.

عوسمان حسێن گوتی: بە هۆی ئەو باران بارینەی زۆرەی ئەمساڵەوە ئاستی ئاوی دەریاچەی دەربەندیخان سیروان زۆر بەرزبۆتەوە و ئاسانکاری گەورەی بۆ کردوین تاوەکو لە قەدپاڵی گرد و زەویيە دێمییەکان کشتوکاڵ بکەین و ئاوەکەش بە ئاسانی دەگاتە زەویيەکانمان بۆ ئاودان، بەڵام ئەگەر ئاوەکە کەم بکات ئەوکات توانای کشتوکاڵمان نابێت لەو زەویيانە و بە زەحمەت ئاو دەگات و خەرجییەکی زۆر زیاتر لەسەرمان دەکەوێت.

ئەو جووتیارە کە زەویيەکەی بە شوتی و کاڵەک داچاندووە و لە ئێستادا لە دروێنەکردنی بەرهەمەکەی نزیک بۆتەوە دڵخۆشە بە بەرهەم و زۆری ئاوی ئەمساڵ بۆ ئاودانی ئەو بەرووبوومانەی چاندونی، بەڵام لە هەمانکاتدا داوا لە حکوومەت دەکات هاوکاری جووتیاران بکات و لە کاتی پێگەیشتنی بەرهەمەکانیاندا ڕێگە لە هاتنی بەرهەمی کشتوکاڵی لە دەرەوە بگرێت، تاوەکو بەرهەمی ناوخۆ بەئاسانی لە بازاڕدا ساغ ببێتەوە.

هەولێر... پشکنین بۆ 27 شوێنی دەرمانی قڕکەری کشتوکاڵی و نەهێشتنی دەرمانی قاچاخ دەکرێت

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

بەسەرپەرشتی قایمقامیەتی هەولێر و بەشی پۆلیسی شارەوانی و ئاژانسی پاراستنی - بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراو و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر لە هەڵمەتێکی بەرفراواندا توانرا پشکنین بۆ 27 دوکان و کۆگای فرۆشتنی دەرمانی کشتوکاڵی و قڕکەری کیمیایی ئەنجام لەسەر ڕێگای هەولێر ـ گوێڕ بدرێت.

مەبەست لەپشکنین وبەدواداچوونەکان دڵنیابوونە لە دەرمانە کشتوکاڵی و قڕکەری کیمیایی وجۆرەها تۆی چاندنی سەوزە و میوەی زیانبەخش و قەدەغەکراو ، تۆمارنەکراو و هەر شوێنێک پابەندنەبێ بەپێی یاسا، ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان وەردەگیرێت.

www.xebat.net
ژمارە (5775) 2019/6/25 سێ شەممە

بەرپرسی لقی 16:
یەکێتی لاوان هەمیشە لەرێزی پێشەوەی خەبات و تێکۆشان بووە

وەک وەفایەک بۆ ئەو ئەرک و ماندووبوونەی لەماوەی رابردوودا کێشاویانە بۆ خزمەتکردنی تۆپژی لاوان بەتایبەتی و سەرجەم چین و تۆپژەکانی کوردستان بەگشتی، بە ئامادەبوونی بلند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و چیا محەمەد هەرکی و سامیە شێروانی کارگێڕانی لق و مەیسەر نهێلی سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە مەراسیمێکی جوان و شایستەدا ناوەندی بالای خەباتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان خەلاتی رێزلێنانی بەخشییە ژمارەیەک لەو کادیرانەی لە ماوەکانی رابردوودا لە چوارچێوەی ئەو رێکخراوەدا خزمەتیان کردووە.



بلند ئیسماعیل ئاماژەی بە رۆڵی کادیرانی رێکخراوەکە کرد کە هەمیشە بەوپەڕی دڵسۆزی و لە خۆبردوییەوە لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی رزگاری نیشتیمانیدا و تا بە ئەمرۆش دەگات توانیویانە خزمەتێکی گەورە و بەرچاویان بە نیشتیمان و نەتەوەکەمان کردووە و لەو پێناوەشدا جگە لەوەی بەسەدان لە رۆڵەکانیان خوێنی گەشیان پێشکەش بە خاکی نیشتیمان کردووە، هەمیشە لە ریزی پێشەوەی خەبات و تێکۆشانی میللەتەکەماندا بووە و هەزاران کادیر و سەرکردەشیان پێگەیاندووە بۆ خزمەتکردنی نیشتیمان و نەتەوەکەمان بۆیە جێگەی خۆیەتی رێز لەو کادیرە ماندوونەناسانە بگرین کە لەماوەکانی رابردوودا خزمەتیان کردووە.

لێکۆڵینەوەیان بۆ رێکخراوە.

لەبارەی باندی دووەم وتەبێژی پۆلیسی هەولێر گوتی: باندی دووەم دزیبان لە 7 مزگەوت کردووە، رۆژانی هەینی لەکاتی نوێژ ئۆتۆمبێلی ئەو کەسانەیان دزیووە کە ئۆتۆمبێلەکانیان لە گەراجەکان راگرتووە تا لە مزگەوت دێنە دەرەوە. نووسینگەی بەشی باشوور توانیان زیرەکانە ئەو باندە دەستگیر بکەن.

رووندیکردەوە: زیادبوونی دزینی ئۆتۆمبێل لە وەرزی هاوین بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شۆفێران کەمێک جامی ئۆتۆمبێل دەکەنەوە، ئەمەش ئاسانکارییە بۆ دزەکان، بۆیە داوا لە شۆفێران دەکەین کاتێک ئۆتۆمبێل لە شوێنە گشتییەکان رادەگرن جامەکان بە تەواوی دابخەن.



دوو باندی دزیکردن لە هەولێر دەستگیر کران

هێزەکانی پۆلیس دوو باندی دزیکردنیان دەستگیر کرد، کە چەندین ئۆتۆمبێل و پارە و زێڕیان لە خەڵک دزیووە.

هۆگر عەزیزی، وتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە کوردستان24ی راگەیاندوە: بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان لە هەولێر توانیان دوو باند دەستگیر بکەن.

گوتیشی: گرووپی یەکەم لەلایەن بنکەی پۆلیسی رۆژهەڵات دەستگیرکران، کە ماوەیەکە لە چەند شوێنێک ئۆتۆمبێل لە گەراجەکان دەدزران، دوای بەدواداچوون توانرا دوو کەس دەستگیر بکەن کە هەستاون بە دزینی ئۆتۆمبێل لە گەراجەکان و بڕی 6 هەزار و 800 دۆلاری ئەمەریکی و 25 مسقاڵ زێڕیان دزیووە، بەپێی مادەی 446 لە یاسای سزادانی عێراقی پەڕاوی تاوانبارەکە دەستگیر کراوە.

دوو شەو تونێلی پێشڕەو لە سلێمانی دادەخرێت

خەبات ـ کەرکووک:

بەشێک لە پاسەوانەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوور گردبوونەوەیەکی ناڕەزایی ئەنجام دا. چونکە تاکو ئێستا و کە ماوەی 5 بۆ 10 ساڵە بە گرێبەست دەوام دەکەن و ئەرکی پاسەوانی کۆمپانیای نەوتیان لە ئەستۆ گرتوە و ئێستا داوادەکەن بکرێن بە فەرمی.

سەرچاوەیەکی تایبەتیش کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت لە هێزە ئەمنییەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە لێدوانێکی تایبەت بە خەبات گوتی: چەندین ساڵە زیاتر لە 500 پۆلیسی کۆمپانیای نەوتی باکوور بە گرێبەست دەوام دەکەن، ئێستاش داوا دەکەن بکرێن بە فەرمی، لەگەڵ ئەوەش کۆمپانیای نەوتی باکوور لە کەرکووک، کەمترین پۆلیسی هەیە بۆ پاسەوانی بیر و بۆرییە نەوتەکانی سنوورەکەی.

سەرچاوەکە گوتیشی: ئەم پۆلیسانە چەندین ساڵە بە گرێبەست دەوام دەکەن کە سەرجەمیان لە 5ساڵ زیاتر خزمەتی هەیە و هەندێکیان نزیکەی 10 ساڵە ئێستاش بە مافی خۆیان دەزانن بکرێن بە فەرمی و نایانەوێت چیتر بە گرێبەست بمێنەوە.

یەکێک لە پۆلیسەکان گوتی: چەندین جار ئێمە دەنگی خۆمان بەرزکردۆتەوە بۆ ئەوەی لەم دۆخە رزگارمان بکەن. بەڵام تاکو ئێستا کەس گوێی لێمان نەگرتووە لە کاتێکدا شارەکەمان خاوەنی 12 نوێنەرە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.

ئەو پۆلیسە گووتیشی: پێویستە ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە بەدەنگی ئێمە لەم شارەوە چوونەتە بەغدا، ئێمە و خەڵکی ئەم شارەیان لەیاد نەچێت. چونکە ئەوان بە دەنگی ئێمە بوون بە ئەندامی پەرلەمان بەڵام لە کۆی 12 ئەندام پەرلەمان کەسێکیان نەیانتوانیووە ئەم کێشەیەی ئێمە چارەسەر بکات. ئێمە چەندین ساڵە بە گرێبەست پاسەوانی بیر و بۆرییە نەوتەکانمان کردووە با بکرین بە فەرمی.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێز کاوە ئەیوب

بەدڵگرانییەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی ئەیلوولی مەزن (ئەیوب خالید ئەحمەد) ناسراوی بە عەریف ئەیوب سورچی، باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەرەکەتانین و سەرەخۆشی ئارِاستەی ئێوە و خزمانی سورچی دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبووی باوکتان بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بۆ هاوکارمان ئەحمەد جەمال محەمەد

هەواڵی کۆچی دوایی خاڵی بەڕێزتان دڵگرانی کردین، بە خەم و پەژارەوە و بە ناوی سەرنووسەر و کارمەندانی ڕۆژنامەی خەبات، پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادەی بەڕێزەکەتان دەکەین.

خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین و لە یەزدانی مەزن داواکارین کۆچکردوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و ئارامی و سەبوری بە خانەوادە و خۆشەویستانی کۆچکردوو ببەخشێت.

إنا لله و إنا إليه راجعون

تێبینی: ئەمڕۆ سێ شەممە دووەم ڕۆژی پرسەکەیە لە مزگەوتی عەبدولقەهار باداوەیی لە گەڕەکی هەڤاڵان.

هاوردەکردنی چیمەنتۆ لە دەرەوەی گەرمیان قەدەغەکرا

خەبات ـ سەربە یوسف:

بەپێی ڕاگەیەنراوێکی ئیدارەی گەرمیان، سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان لەگەڵ وەبەرهێنەرانی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لە کەلار و خاوەنی کارگەکانی چیمەنتۆی ئامادەکراو، بەمەبەستی ڕێکەوتن لەسەر چۆنیەتی ئیشکردنیان کۆبوونەوە.

وێنەیەکی ڕاگەیەنراوەکەی ئیدارەی گەرمیان، خەبات دراوە هاتووە لە کۆبونەوەکەدا، هەر یەکە لە جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان و قایمقامی کەلار و بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی گەرمیان و بەڕێوەبەری پیشەسازی سلێمانی و بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی گەرمیان ئامادەبوون.

ئەوەش خراوەتەروو لەکۆبونەوەکەدا سەلاح کوێخا سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان ئاماژەی بەوەشداوە، بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان دەبێت هەر کارگەیەک کە دادەنرێت مۆڵەتی پیشەسازیی هەبێ و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەی بیناسازییەوە پشکنین بۆ کوالێتی بەرهەمەی بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا، لەپێناو ڕەخساندنی هەلی کار بۆ هاوڵاتیانی سنوورەکە نابێت کۆمپانیاکان لەدەرەوەی گەرمیان بەرهەم هاوردە بکات.

لە ڕاگەیەنراوەکەدا باس لەوە کراوە، دواتر بڕیاردرا خاوەنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لەگەڵ خاوەنی کارگەکانی چیمەنتۆی ئامادەکراو، بە چاودێری بەڕێوەبەری فەرمانگە پەیوەندیدارەکان ڕێکبکەون لەسەر ئەوەی خاوەنی پڕۆژەکان چیمەنتۆی ئامادەکراو لەدەرەوەی گەرمیان هاوردە نەکەن و بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان سەردەرای ئەوەی ڕێژەیەک لە کارگەکانی خۆیان بەکاربهێنن، چیمەنتۆ لە کارگەکانی چیمەنتۆی ئامادەکراو وەربگرن.

کەرکووک... پاسەوانەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوور گردبوونەوەیەکی ناڕەزایی ئەنجام دا

کونگرێ تەندروستیێ میزوبوتامیا یێ هەشتێ ل دهۆکێ هاتە ئەنجامدان

خەبات ـ دهوک:

ل ڕۆژا 2019/6/22 ڕێورەسمێن کونگرێ تەندروستیێ میزوبوتامیا یێ هەشتێ هاتنە گێران و د ناڤ کونگرەیی دا پێنج پەنەلێن زانستی ل دۆر نوشداریا نوو ب زمانێ کوردی هاتنە گەنگەشەکرن و چەندین سەربۆرێن زانستێ نوو یێ نوشداری وەکو نەخۆشیا قولون و گرتنا بۆرییێن خوینێ و بکارئنانا روبوتی د نشتەگەریێ دا و چەندین نەخۆشییێن دێ پێن هەستیار هاتنە شرۆڤەکرن.



د. نزار عسمەت سەرۆکێ کونگرێ تەندروستی یێ میزوبوتامیا یێ هەشتێ ل دهۆکێ دیارکر کو نوشدارێن باکور و باشوور و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاڤایی کوردستانێ د کونگرێ میزوبوتامیا یێ هەشتێ دا ل پارێزگەها دهۆکێ د پشکدارن کو چەندین پێزانین و سەربۆرێن نوشداری د ناڤبەرا نوشدارێن هەر چار پارچێن کوردستانێ لێک هاتنە گوهارتن بۆ خزمەتا گەل و وەلاتێ مە ب زمانێ کوردی ئارمانج ژێ ئەوە لێککگوهارتنا زانستێ تەندروستی یێ نوشداری ب زمانێ کوردی بهێتە بەحسکرن ئەڤە چەندین کونگرە هاتنە ئەنجامدان و مفایەکێ مەزن گەهشتیە نوشداران د بواریّ نوشداریا نوو دا ئەڤ سالا ژی ساخلەمیا پارێزگەها دهۆکێ د گەل زانکۆیا دهۆکێ بەرهەڤێین مەزن بۆ ئەنجامدانا کونگرێ میزوبوتامیا یێ هەشتێ ل دهۆکێ کرینە.

سەرۆکێ کونگرێ تەندروستی یێ میزوبوتامیا یێ هەشتێ ل دهۆکێ ئاشکرا کر کو سازدانا ڤی کونگرەیی زۆر یا گرنگە بۆ پشتەڤانیکرنا واریّ تەندروستی چونکو ژ ئەنجامێ کونگرێ میزوبوتامیا د دەمێ شەرێ تیرۆرستێن داعش دا نوشدارێن کونگرێ میزوبوتامیا هاتنە هەرێما کوردستانێ و مل ب ملێ مە ڤە خزمەت پێشکیشکرن و دەرمان و ترۆمبیلێن هاوار هاتنێ بۆ ساخلەمیا دهۆکێ دابینکرن مە شیا پێکڤە خزمەتەکا ئێکجار مەزن ئەنجام بدەین.

و گوت: دیرۆکا کونگرێ میزوبوتامیا ڤەدگەریت بۆ سالا 2008ێ د وی دەمی دا

پرۆڤیسور حسێن بەگداش د گەل چەندین هەڤال و نوشدارێن دی سەرەدانا هەمبو باژێرێن هەرێما کوردستانێ کرن و سەرەدانا سەرۆک بارزانی کر، دیرۆکا کونگرەیی بەحسکرن بۆ هندی پشتەڤانیێ پەیدا بکەن هەر د وی دەمی دا سەرەدانا پەرلەمانێ کوردستانێ دان دیرۆکەکا وەسا هاتە بەرهەڤکرن دیار بیت ئەڤ کونگرە کونگرەکێ زانستی یە هەمبو نوشدارێن کورد حەز دکەن ل سەرانسەری جیهانێ د ڤی کونگرەیی دا خر ڤەبن بۆ هندی خزمەتا مرۆڤایەتیێ بکەن و خزمەتا کەرتێ تەندروستی بکەن و خزمەتا کەسێن هێژا بهێتە کرن ل هەمبو کوردستانێ.

ئوژی ئاشکراکر کو گەلەک گڤاشتن هەبوون کۆنگرێ هەشتێ یێ میزوبوتامیا نەهێتە ئەنجام دان، لێ مە گەلەک هەڤالان گۆت نەخێر و نابیت بهێتە ڕاوەستاندن چونکو پێشمەرگەیێن قەهرەمان خوینا خوە ڕێت و کوردستان پاراست بۆ هندێ ئەم بشێین ئازاد بژین پێدڤیە ئەم نوشدار ژی نەهێلین و د گەل وان کوردستانا خوە ئافا بکەین.

د. عەبدولا جاسم ڕێککەڤرێ گشتی یێ کونگرێ تەندروستی یێ میزوبوتامیا یی هەشتێ دیار کر کو هژمارەکا نوشداران ژ سوید و نەمسا و ئەلمانیا بەرهەڤ بووینە د کونگرێ میزوبوتامیا یێ تەندروستیێ هەشتێ دا هەتا نوکە پێنج کونگرە ل تورکیا هاتینە گێران و دو کونگرە ژی ل هەرێما کوردستانێ هاتیە کرن ئەڤە کونگری سیێ یە ل هەرێما کوردستانێ دهێتە ڕێڤەبرن.

ئاشکەرا ژی کر کو ئەڤرۆ پشتی کونگرە ب دوومااهی دهێت دێ بڕیار هێتە دان کا سالا بهێت ل کیژ باژێرێ کوردستانێ بیت ئەم دی هەولدەین ل سالا بهێت ل هەولێر کونگرێ میزوبوتامیا بهێتە ئەنجامدان.

پرۆفیسۆر حسێن بەگداش ئێک ژ دامەزرێنەرێن کونگرێ میزوبوتامیا دیارکر کو کونگرێ هەشتێ بۆ هەموو نوشدارێن کورد بوویە هیڤیەکا مەزن بشێن د واریّ تەندروستی دا پتر خزمەتا گەل و نشتیمانێ خوە بکەن د کونگرەیی دا زانستێ نوو یێ نوشداری دهێتە شرۆڤەکرن مەردم پێ ئەو زانستێن نوو بگەهنە نەخۆشخانێن کوردستانێ و نەخۆشێن مە مفایی ژێ وەربگرن، ئەڤ کونگرە بۆ تێکەلی و گژوگۆپینا پێزانین و سەربورێن نوو بێن نوشداری بۆ هەموو نوشدارێن کورد گرنگە چونکو زانستێ نوشداری بەردەوام د گوهۆربنێ دایە پێدڤیە ئەم خوە د گەل بگونجینین وی زانستی بگەهینینە وەلاتیێن خوە بێن کورد ل هەموو جیهانێ.

ئەو ژی دیارکر کو دەمێ شەرێ تیرۆرستێن داعش دژی خەلکێ کوردستانێ هاتیە کرن دەملدەست مە نوشدارێن کونگرێ میزوبوتامیا خوە گەهاندنە پارێزگەها دهۆکێ و دەستی هاریکاریێ بۆ خەلکێ خوە دریژکر ل وێ دەمی بیرا من دهێت نوشدارێن بیانی کوردستان بجھ دهێلان و دگۆتن مەترسی یا هەیی، لێ ئەم نوشدارێن کونگرێ میزوبوتامیا هاتینە کوردستانێ مە د گەل نوشدارێن خوە ل دهۆک و هەولێر و سلێمانیێ خزمەت پێشکیش کر، ئەڤە ئێکە ژ ئەنجامێن کونگرێ میزوبوتامیا و گەلەک ئەنجامێن دی بێن مەزن و باش هەبوینە ل کونگرێن بۆری مە شیایە تورەکا نوشداران پێکڤە گرێدەین و د گەل ئێک خزمەتێ پێشکێش بکەین دێ بەردەوام بین بۆ پتر پشڤەچوونا واریّ تەندروستی ل کوردستانێ ئەم نوشدار دوور ژ سیاسەتێ پێکڤە کۆم دبین ئەڤە پێنگاڤەکا زۆر یا گرنگ و باشە بۆ خزمەتکرنا واریّ نوشداری ل ناڤ دام و دەزگەهێن ساخلەمیێ دا هەڤئیاسین دروست بیت ئەم مفایی ژ ئێکدو وەردگرین.

د. فریاد حوێزی سەرۆکێ فەخری یێ کونگرێ میزوبوتامیا دیارکر کو ئەڤ کونگرە بوویە دەرگەهەک بۆ پتر خزمەتکرنا واریّ تەندروستی ل هەر چار پارچێن کوردستانێ چونکو د ناڤ کونگرەیی دا گەلەک ژ نوشداران د بواریّن ژێک جۆدا دا یێ تەندروستی نوشداریا نوو بەحس دکەن وی زانستێ نوو ژ پارچەکا کوردستانێ دبەنە هەموو پارچێن دی یێن کوردستانێ ئەم هیڤیدارین کونگرە سالانە بهێتە کرن.

خواست و داواکاری کوردستانیان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

خەبات: تریفە ئازاد

هەڵبەت نێچیرڤان بارزانی وەکو قوتابییەکی چالاک و دڵسۆزی ڕێبازی بارزانی و خەباتگێرێکی بە ئەزموون لە بواری سیاسەت و دەوڵەتداری و حوکمڕانیدا، لەتوانایدایە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکاتە چەترێکی کۆکەرەوەی ناوماڵی کوردستان بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان و هەموو نەتەوە و ئایینز و ئایینزا کانی کوردستان بۆ ئەوەی کوردستان بە دەستەجەمعی و ئاراستەیەکی هاوبەش، بەهێزەوە بەرەو ئایندەیەکی گەش هەنگاوبنێت. هەروەها بە ڕاسپاردنی بەرێز مەسرور بارزانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، خەڵکی کوردستان دڵنیادەکرێنەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەخوازێ کوردستانێکی بەهێز بونیاد بنێت بۆ ئەوەی هێمنی و ئارامی و خۆشگوزەرانی و دادپەروەری لە کوردستاندا بەرجەستە ببێت. بەم شێوەیە پرۆسەی سیاسی و حکومڕانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی کوردستان یەکەم هەنگاوی خۆی نا. لەم ڕووەوە ڕۆژنامەی خەبات لەم تەوەردا ڕاو بۆچوون و خواست و داواکارییەکانی شارەزایان و پسپۆڕی و هاوواڵاتیانی کوردستان بۆ حکوومەت و کوردستانیان دەخاتەڕوو.



گرینگی دان بە سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی بۆ هەنگاونان بۆ ئابووری سەربەخۆ

هۆشمەند ڕەفیق ئابووریناس و مامۆستای زانکۆ لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی" لە ماوەی 28ساڵی ڕابردوودا سەرباری ئەوەی تا 2003 دوو ئابلوقەی ئابووری لەسەر هەرێمی کوردستان هەبوو" بەڵام ئاستی چالاکییە بازرگانییەکان لە هەردوو قۆناغدا هەبووە، بەتایبەت لە هەردوو دەروازەی سنووری ئێران و تورکیا، بەرزی نزمی چالاکییە بازرگانییەکانیش لە هەڵبەزدابەزدابوە، بەڵام لە قۆناغی دوای ٢٠٠٥ ئاڵوگۆڕی بازرگانییەکان بەرەو هەڵشکان ڕۆیشتن تا دەگاتە ساڵی ٢٠١٤ و ساڵانەش قەبارەی بازرگانی لە نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەگەیشتە نزیکەی ٢٥ ملیار دۆلار، ئێستا ئاستەکەی دابەزیوە، بەڵام دەتوانین بڵێین چالاکییەکان بەردەوامن و ڕۆژ بەر ڕۆژ بەرەو پێی دۆخی سیاسی ناوچەکەو کوردستان گۆڕانکاری بەسەر دادێت بەرەو باشە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت ئاڵوگۆڕیبە بازرگانییەکە تاک لایەنەیەو تەنها هاوردەکردنە و بە ڕێژەی زیاتر لە ٩٥% کاڵاو کەرەستە هاوردەکرێت و ڕێژەیەک زۆر کەم بۆ دەرەوە هەناردە دەکرێت ئەمەش لاسەنگی لە تەرازی بازرگانی دروست کردووەو لە ڕووی زانستی ئابوورییە شێنەواری خراپ دروست دەکات,هۆکارەکان زۆرن، بەڵام دەکرێت کورتی بکەینەوە لە چەند خاڵێک:1) بارودۆخی سیاسی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی هەرێمایەتی.2) بارودۆخی سیاسی ناوچەکە بۆ نمونە ئاستی پەیوەندی نێوان وڵاتانی ناوچەکە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر.3) بارودۆخی ناوخۆیی (ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، گۆڕانکارییە فەرهەنگییەکان...هتد) بەگشتی چەندە داهاتی خەڵک بەرەو بەرزبونەوە بچێت و مووچەی کارمەندان لە کاتی خۆی دابەشبکرێت بەسەر کارمەندانی حکومەت و پارە بچێتە بازاڕ ئەو ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەرز دەبێتەوە لە گەڵ هەموو ئەو وڵاتانەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەکرێت، بەپێچەوانەوەش ڕاستە، بەڵام ئەگەر هەرێمی کوردستان سەرچاوە کەرەستەو کاڵاکانی بەرهەمی ناوخۆیی بێت، بێگومان ئەوەندە پشت بەدەرەوە نابەستێت و ئەو پارەی دێتە دەست خەڵک لە نا بازاڕی کوردستان ئاڵوگۆڕی



هۆشمەند ڕەفیق:
پێشنیار دەکەین ئەم کابینەیە پلانی ستراتیژی هەبێت و لە کارنامە سەرەکییەکەیدا بایەخ بە سێکتەری کشتوکاڵی و پیشەسازیی بدات

پێدەکرێت و دەسووڕێتەوە ناچێتە گیرفانی جوتیارو بازرگانی زەبەلاحی وڵاتانی دەوروبەرو هەندێی وڵاتی دیکەی وەک چین ....هتد کە هەرێمی کوردستانی ئاڵوگۆڕی باززرگانییان لەگەڵ دەکات. وە هەرێمی کوردستان هێشتا دەوڵەت نییە، تا بڕیاربدات ئاستی بازرگانی لەگەڵ وڵاتان بەرز بکاتەوە، ئینجا ئەوەی دەشکرێت بازرگانیکردن نییە لە گەڵ وڵاتان، بەڵکو تەنها بازرگانییەکە تاک لایەنە و هاوردەکردنە بەرێژەیەکی لە ئەندازە بەدەر پارەی کوردستان دەچێتە دەرەوە، بۆیە ئەو کاتە دەبێتە ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئەوە لە هەرێمی کوردستان ئەگەر سااڵنە بەقەبارەی یەک ملیار دۆلار کاڵاو کەرەستەی خاو هەناردە بکات و لە بەرامبەردا بەهەمان قەبارە کاڵاو کەرەستە هاوردەکات. لێرەوە پێشنیار دەکەین ئەم کابینەیە پلانی ستراتیژی هەبێت و لە کارنامە سەرەکییەکەیدا چوار ساڵ بایەخ بە سێکتەری کشتوکاڵی و پیشەسازی بدات، ئەمە دەبێتە سەرەتایەک بۆ دروستکردنی ژێرخانی ئابووری و سەرچاوەی کەرتەکانی دیکەش بە تایبەت کەرتی بازرگانی، چونکە ئەگەر کەرتی کشتوکاڵ بەهێز بێت ئەوە هەرێمی کوردستان هەنگاو بەرەو ئابووری سەربەخۆ، هەرێمێکی بەهێز دەنێت، ئەگینا بە بێ ئەو کەرتە هیچ کات نە دەوڵەت دروست دەبێت و نەک هەرێمێکی بەهێز و نە حکومەتێکی بەهێزیش دەبێت.

کەرتی وزە، کارەکتەری سەرەکی دابینکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان

ناجی مەسیح ئاودەل مامۆستای زانکۆ لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی"کوردستان ، ئەو هەرێمەی کە ئێستا لە سەر نەخشەیی ووزەی جیهان ناوی دەبینرێت. لەلایەکەوە، لەگەڵ ئەوەی کە هەمیشە ئەو وزەیە بۆتە مایەی زۆربەی کێشەکانی ئەو هەرێمە لە گەڵ حکومەتی ناوەند، بەڵام لە لایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی بەهێزی هەرێمی کوردستانە لە مامەڵە نیودەوڵەتییەکان. ڕاستە سەرچاوەی ئەو قەیرانەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە بە بڕینی بوودجەی هەرێمی کوردستان



ناجی مەسیح ئاودەل:
هەبوونی پەیوەندییەکی تەندروست و بەهێز لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هەمیشە سەرچاوەی هەبوونی ئابوورییەکی بەهێزە بۆ هەرێمی کوردستان

لە لایەن بەغداوە دەست پێکرد، بەڵام نەبوونی جێگیرەوەی نەوت لە کاتی قەیراندا وایکرد کە قەیرانی دارایی بەرز ببیتەوە بۆ قەیرانی ئابووری، بەوەی کە زۆربەی پایەکانی ئابووری لە کارکەوتبوون. هەمیشە باس لەوە دەکرێت کە هەرێمی کوردستان دەتوانیت گەشت و گوزار و کشتوکاڵ هاوشان لە گەڵ کەرتی نەوت بکاتە سەرچاوەی دیکەی داهاتی حکومەت کە ئەوەش شک و گومانی تێدا نییە. بەڵام، دوو هەنگاوی دیکە هەن کە زۆر گرنگترن لە دۆزینەوەی سەرچاوەی داهات ئەوانیش: دەکرێت جەنابی سەرۆکی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمیتەیەکی ئابووری پێک بهێنن بە بەژداری هەموو ناوندەکانی ئەکادیمی (زانکۆکان، پەیمانگەکان، سەنتەرەکانی توێژینەوە، ناوندەکانی لێکۆڵینەوە) لە هەرێم کە دەکرێت لە هەر ناوندێک چەند مامۆستایەکی پسپور لە بواری ئابووری و دارایی ئەندام بن تێدا و مانگانە چەندین توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدەن سەبارەت بە شرۆڤەکردنی بارودۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکان و پلانەکانی

شەفافییەت و بە سیستەماتیک کردنی سەرچاوەکانی داهات! چونکە ئەگەر چەندی داهاتەکانی حکومەت زیاد بن، بەڵام ئەگەر ئەو دوو فاکتەرە فەراهەم نەکرێت هەمیشە لە ناو قەیراندا خۆی دەبینیتەوە. بۆیە پێشبینی دەکرێت بە سەپەرشتی بەرێز مەسرور بارزانی کابینەی نۆیەمی حکۆمەتی هەرێمی کوردستان بەگژداچوونەوەیەکی جدی بکات لە دژایەتی کردنی گەندەڵی، چونکە لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئاشکراکردنی لایەن و سێکتەری گەندەڵی کێشەیە، بەڵام لەم هەرێمەدا گەندەڵی بە ڕوونی دیارە کە لە چ بوارێکدا دەکرێت. ئەگەر کەرتی نەوت و گاز بە نموونە وەربگرین دەبینین پاش هێنانی گەورە کۆمپانیاکانی Deloitte و E&Y بە ڕێژەیەکی زۆر متمانەیەکی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی لە سەر کەرتی ووزە دروست بووە.

پلانی ئابووری و توێژینەوەی زانستی

هەروەها ناجی مسیح دەڵێت بێگومان پلان بریتییە لە کلیلی سەرکەوتنی کار و چالاکی و پڕۆژەکان، بۆیە بۆژانەوە بۆ باشترکردنی بارودوخی ئابووری لە داهاتوودا بخەنە بەردیدی ئەنجوومەنی وەزیران. کێشەیی هەرە سەرەکی حکومەت بریتییە لەو ڕێژە زۆرەی فەرمانبەران، بۆیە کە قۆتابی قۆناغی خوێندنی زانکۆیی یان پەیمانگە تەواو دەکات، چاوەڕێی دامەزراندن دەکات، لێرەدا حکومەت دەتوانێت کۆمپانیاکان ناچار بکات کە بە لایەنی کەمەوە یەکەمەکان ساڵانە کاریان بۆ بدۆزیتەوە کە ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات، ژمارەی فەرمانبەران بەرز ناکاتەوە و بە پێچەوانەوە ئەوانەیی کە لە تەمەنی خانەنشینیدان وا دەکەن کە ژمارەی فەرمانبەران کەمتر ببیتەوە. هەبوونی پەیوەندییەکی تەندروست و بەهێز لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ هەمیشە سەرچاوەیی هەبوونی ئابووریەکی بەهێزە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوە نادیدە ناگیرێت کە هەبوونی پەیوەندی بەهێزی ئابووری و بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لە چاو هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران هوکارێکی سەرەکی بۆ لە بەکراوە هێشتنەوەیی دەروازەکانی بازرگانی لە کاتی ڕیفراندومی هەرێمی کوردستان. بۆیە، هەبوونی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ لە داهاتوشدا دەبێتە فاکتەرەکی سەرەکی پاراستنی هەرێمی کوردستان. دووڕکەوتنەوە لە دابین کردنی داهات بە تەنها لە ووزە هەموو ساتێک هەرێمەکەمان ڕووبەڕوی گرفتی ئابووری دەکاتەوە، بۆیە بە دڵنیاییەوە لە ڕێگای بە سیستەماتک کردنی هەموو دەزگاکانی حکومەت، هەموو وەزارەتەکان بە ڕێژەیەکی زۆر دەتوانن بە لایەنی کەمەوە مووچەیی فەرمانبەرانی وەزارەتەکانی خۆیان دابین بکەن، بەڵام دەبێت ڕۆڵێکی دیاریکراو لە دابینکردنی مووچەیی فەرمانبەران بەر کەرتی تایبەتی پەیوەندیدار بەو وەزارەتەوە بکەوێت. بە جۆرێک کە هەر گەورە کۆمپانیاکانی پەیوەندیدار بە وەزارەتی دیاریکراوەوە ڕێژەیەکی دیاریکراوی مووچەی فەرمانبەرانی ئەو وەزارەتە دابین بکات.



کاروان سورچی:
پێویستە داهاتی هەرێمی کوردستان هەمە چەشنە بکرێت

پێویستە لە داهاتوو حکومەت هەرێم پشت بە هەموو سێکتەرەکانی ئابووری ببەستێت

کاروان سورچی وتەبێژی یەکێتی ژنانی کوردستان و لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی داهاتوو گرینگی تایبەت بە سەرجەم سێکتەرەکان بدات تەنها پشت بە سێکتەری نەوت نەبەستێت بۆیە پێویستە داهاتی هەرێمی کوردستان هەمەچەشنە بکرێت پەرە بە سێکتەرەکانی پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵ و سێکتەرەکانی تریش بۆ ئەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان هەمەچەشنەبکرێت زۆر لەگەڵ زۆرێک لەگەڵ وڵاتان کە لە هەرێمی کوردستان کارناکەن بێن لە هەرێمی کوردستان کار بکەن و پڕۆژەکانیان لە هەرێمی کوردستان جێ بەجێ بکەن لە زۆربەی سێکتەرەکان ,ئەگەر بێت و سەیر بکەین لە ماوەی ڕابردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆربەی داهاتی لە ڕێگای هەناردەکردنی نەوت بووە یاخوود لە ڕێگەی کەرتی وەز بووە بۆیە پێویستە لە داهاتوو پەرە بە سێکتەرەکانی بدات بۆ ئەوەی لە داهاتوو داهاتی لە زۆربەی سێکتەرەکان بێت بۆ ئەوەی ئەگەر لە داهاتوو دا نرخی نەوت وەک سااڵنی پێشوو دابەزی ئێمە تووشی قەیرانی دارایی و ئابووری نەبین ,لە ئێستاشدا ئەو لێک نزیک بوونەوەی حکومەت لە نێوان حکومەتی فیدرال و حکومەتی کوردستانە هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوو لە لایەک بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و دابەزینی نرخی نەوت ئەوانە هۆکار بوون کە هەرێمی کوردستان بەم قەیرانە تێپەڕێت پێش بینی دەکرێت کە ڕەوشی ئابووری هەرێمی کوردستان گەشانەوەیەک بەخۆی ببینێت دووبارە بگەڕێتەوە سەر ڕێچکەی خۆی دووبارە هەوڵبدرێت کۆمپانیاکانی بیانی بێنەوە هەرێمی کوردستان لە هەرێمی کوردستان کار بکەن لە زۆربەی سێکتەرەکان ئەوانە هۆکارن جگە لەمەش ئەم ڕەوشە ئارامی و سەقامگیرییەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە هۆکارێکە بۆ ئەوەی وەبەرهێنان زیاتر بکرێت لە هەرێمی کوردستان هەردەم بازرگانان لە شوێنکی ئارام دەگەڕێت بۆ ئەوەی سەرمایەی خۆی تێدا وەگەڕ بخات کوردستانیش ناوچەیەکی ئارامە بۆیە چاوەڕێ دەکرێت ڕەوشی ئابووری هەرێمی کوردستان باشتر بکرێت.



وڵاتەکان	دەوڵەتی نەتەوەیی	دەوڵەتی نەتەوەیی و ئەورووپاییبوون	ئەورووپایی و نەتەوەیی
بەریتانیا	٧,٥٣	٧,٢٧	١,٧ ٪
دانیمارک	٥,٤٩	٣,٤٣	٣,٣ ٪
سوید	١,٤٦	٤,٤٣	٣,٤ ٪
ئیتالیا	٩,٤٥	٤٣	٦ ٪
هۆڵەندە	٦,٤٢	٢,٤٣	٩,٥ ٪
فەرەنسا	٧,٣٨	٤٤	٣,٦ ٪
یۆنان	٢,٣٦	٥,٥٢	٤,٦ ٪
هەنگاریا	٥,٣٣	٩,٥٦	٦,٦ ٪
نەمسا	٣١	٦,٥١	٩,٨ ٪
پۆلۆنیا	٥,٢٦	٦٠	٥,٨ ٪
ئەڵمانیا	٢,٢٦	٥,٥١	٧,١١ ٪
ئیسپانیا	٢,٢٦	٢,٦٧	٧,٤ ٪

هەڵبژاردنەکانی یەکێتی ئەورووپا و پرسی ناسنامە



1

هەڵێ بەرزنجەیی

پرسی ناسنامە، لە جیهانی ئیمرۆشدا و لەم ژینگە بارگاوییە بە گلۆبالیزەیشن ، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و داهێنانی ڕۆبۆتی زیرەک، هەڵگرتنی سنوور، کۆسپی لێک نزیکبوونەوە و تێکەڵاوی یەکجارەکی گەلان ، نەعرەتەی دژە دەوڵەتی نەتەوەیی و شتگەلێکی تر، هێشتا سەنگ و بایەخی خۆی نەک هەر لەدەست نەداوە، بگرە گەر سەرنجێکی وردی بەدیقەت بدەین لە پێشهات و ڕووداوەکان و بیروڕای خەڵک، لەسەرتاسەری جیهاندا بەگشتی و لە وڵاتانی ئەورووپای سەرتۆپی وڵات و کیشوەری هەرە پێشکەوتووە لە جیهاندا بەتایبەت، ئەوە دەبینین کە ئەم پرسە ، شووناس گەلێ زیاتر لەجاران گرنگی و بایەخی خۆی بەسەر هەنگاوەکانی ژیان و بەرەو پێشوەچوونەکاندا دەسەپێنێ. هەروەها تا تێستا لە پلەی یەکەم دا دێت و هێشتا بزوێنەری گەلێ باس و خواست و بیرکردنەوە و تێڕامانی تاک و نەتەوەکانە.

Simon Strauß، دەڵێ: " ئەوەی جاران مەزهەب بوو، دواتر بوو بە ئایدۆلۆژیا، ئیمڕۆ بۆتە" ناسنامە" وەک گفتێکی زیاتری سەرکەوتن بۆ ئاماژەدان بە پێوەندارێتییەوە/ انتماء". Erik H. Erikson زانای بەناوبانگی ئەمەریکی لەمەڕ ناسنامەوە دەڵێ: "ناسنامە خۆناساندنێکی خودییە ، بۆ پێوەندارێتی لەتەک کۆمەڵێکی جڤاکیدا". هەنووکە لەسەر ئاستی ئەورووپا هەوڵ و ئاڕاستەیەکی بەهێز و چالاک بەتایبەت لەلایەن بەشێک لە حکومەت و هەندێ لە حیزبەکانەوە هەیە ، بۆ دروستکردنی شوناسێکی ئەورووپی گشتی واتە " ئەورووپایەکی بێ سنوور و دەوڵەت" و لە بیرکردن و لەناوبردنی دەوڵەتی نەتەوەیی و زیاتر خۆ بە ئەورووپاییزان. بۆ ئەم مەبەستەش توانا و وزەیەکی بێشومار خراوەتە گەڕ و پاڵپشتی سیاسی و کولتووریی و بڕەکێش ئابووریی ها لە پشتەوە، لێ دیسان هەر کەس و گەل و نەتەوەیەک نایەوێت بە سانایی هەموو بنەما نەتەوەییەکانی خۆی و هەموو ئەو دستکەوتە گەورە مادییانەی لە پرۆسەیەکی میژوویی دوورودرێژدا بەدەستی هێناوە، وەک دەزگای پەرلەمان و دەوڵەت و ئاسایشیی نەتەوەیی و... هتد لەدەست بدات،یاخود خۆی بکاتە بەشێک لە پێناوی دروستکردنی شتێکی گەورەتردا. ئاخر بەشێک لە ئامانجە دیاریکراوەکەی دەوڵەتە دامەزرێنەرەکانی یەکێتی ئەورووپا ، نایانەوێ لەتەک ئامانجە هاوبەشەکان دا، جیاوازییە جڤاکییەکان بمێنن. چونکە گەیشتن بە ئامانجی ئەورووپایەکی یەکپارچەی،بۆتە جۆرێک لە خەون و هەروەک بە گووتەی میژوونووسی دیاری ئەڵمان: Heinrich August Winkler، دەوڵەتی فیدراڵی ئەورووپا ، یاخود کۆماری ئەورووپا" بە سانایی نایەتە دی.

یەکگرتنی ئەورووپا پێداویستییەکی سیاسیی ئابووریە ، ماوەیەکیشە ،دوای هاتنە سەرکاری ترامپ و وتە بەناوبانگەکەی:" بەرلەهەشتێ ئەمەریکا". باس لە پێداویستی سەربازیش دەکرێ. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە، بۆ خۆ دوورخستنەوە لە هەژموون و کاریگەرێتی سیاسەت و هەڕەشەکانی ئەمەریکا و ڕووسیا و ئێستا چین.

لە ئێستادا ئەورووپا یەکێکە لە ٧ کیشوەرەکەی جیهان و بە پێشکەوتووترین کیشوەریش دادەنرێ و لە ڕووی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و مافی مرۆڤ و دیموکراسی و لیبەرالییەوە لە چڵەپۆپەدایە. دانیشتوانەکەی نزیکەی نیوە ملیاردێکە و ٣٢٤،٣٨١،٤ کم ٢٨ وڵات تیدا ئەندامە، بە وڵاتی سیپەرن/ قوبرس کە لەدەرەوەی ئەورووپایە. پەرلەمانی ئەورووپا لەلایەن ٧٥١ پەرلەمانتارە نوێنەرایەتی وڵاتەکانی ئەورووپا دەکرێ، بۆ نموونە ئەڵمانیا ٩٦ پەرلەمەنتاری هەیە و فەرەنسا ٧٩ و پۆلۆنیا ١٨ و قوبرس یان مالتا هەر یەکی ٦ نوێنەریان هەیە.

لە دواترین لێکۆڵینەوەدا، لەمەڕ پابەندبوون بە ناسنامەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان یاخود خۆ بە ئەورووپایی دانان، ڕێژەی ٪ئامارێکی سەرنج ڕاکێشمان بەرچاو دەکەوێت. بۆ نموونە هاوڵاتی سویدی دەوڵەتی نەتەوەیی بە تەنها یاخود لەگەڵ نەتەوەیی و ئەورووپاییبوون دا ڕێژەی ٥،٨٥٪ پێک دێنن. هاوکات ڕەنگە گەنجێکی پۆڵەنی کە بەڕێژەیەکی بەرز دەنگی بۆ بەئەورووپابوون داوە، پێ خۆش بێت لەم ڕیگایەوە، دەروازەی تەواوی ئەورووپای بۆ گەشت و کار و گوزەران بۆ بخرێتە سەر پشت. بەڵام ئەمە دەربڕی خواستی هەموو ئەورووپاییەک نییە مەحاڵە هیچ نەتەوەیەک ئاماده بێت دەستبەرداری ناسنامەکەی بێت.

پێگەی لەدەست نەداوە.

Winkler دەڵێ: ئەوەی ئەو دروشمە بەرزەدکاتەوە، دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە یەکێتی ئەورووپادا هەڵبوەشێننەوە،ئەوە لەبەرچاو ناگرێ کە زۆرینەی ئەورووپاییەکان هەرگیز بیر لەمە ناکەنەوە، دەستهەڵگرن، لە دەوڵەتی نەتەوەییان کە بە پرۆسەیەکی مێژوویی گەشەی کردووە.بۆئەمەش دەوڵەتی نەتەوەیی هەتا ئێستاش لەئەورووپا، هەواریکی ئارام و ئاسایش پێکدێنێ لە: دەوڵەتی یاسا، دەوڵەتی چەقاکی و دیموکراسی".

کوردستانی عێراق

د. فاتیح عەبدولسەلام

ئێستا هەرێمی کوردستانی عێراق، بووەتە خاوەنی سەرکردایەتییەکی جێبەجێکاری تازە،لە سەرۆکایەتی هەرێم و حکوومەتدا. لەوێ هیوای گەشەکردنی ئەو بەشەی عێراق هەیە، لە میانی دیدگا و هەوڵی زیاتر و بەدەستهاتوو، هۆشیار و جۆرایەتیدا. دوو سەرکردایەتییە تازەکە، لەمێژە لە پۆستە پێشکەوتووەکانیاندا ناسراون، گەلی کوردیش لە هەرێمی کوردستاندا چاوی لە شتی زیاتر و پێشبینی کراوە لە میانی قۆناغێکی دیکە لە تەمەنی ئەو هەرێمەدا، بەجۆرێک کە ڕەنگدانەوەی بەسەر گەشەکردندا هەبێت و ڕۆڵیشی بەسەر سەرتاسەری عێراقدا هەبێت. من وای دەبینم، هەرێمی کوردستان، دوای کەڵەکە بوونی ئەو هەموو ئەزموونە سیاسی و ئابووریەدا، ئێستا داواڵێکراوە بەڕەو قۆناغی پڕبوونی بەرهەمهێنانی خۆیەتی هەنگاو بنێت، لەمیانی سامانەکانی کشتوکاڵی، سروشتی و گەشتوگوزاریدا، کە خوا پێی بەخشیووە و، پێویستیشی بە پرۆسەکانی کاراکردنەوە، تازەکردنەوە و بنیاتنان هەیە. هەرێم ئەزموونێکی بەرچاوی هەبوو، هەرچەندە کەموکورتیشی هەبوو، بەڵام دەکرێت شتی لەسەر بنیات بندرێت، بە چوونە سەر ئاستێکی بااڵتر لە بنیاتنانی وڵات، کە هەرێمی کوردستان، بەشێکی گرنگیەتی. لەمیانی مێشکە کراوەکان تاکو کۆتایی، لەگەڵ بوونی توانای پێچانەوەی لاپەڕە ڕەشەکان و کردنەوەی لاپەڕە گەشەکان، بۆ ئەوەی بتوانێت بڕێکی زیاتر لە خۆری ژیان بەدەست بێنێت. هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 1991وە ،ئەزموونێکی سیاسی تۆکمەی هەیە، لە ساڵی 2005یشەوە، چووە نێو قۆناغی کارکردنی دەستووری ڕوون، لە میانی ڕاگەیاندن و داهێنانی سەرۆکایەتی یەکەمی هەرێمەوە. لە ڕێگەی ئەوەشەوە، ئەزموون و تاقیکردنەوەکان پەیدابوون، کە سەرکەوتن و شکستهێنانیش هاوتایان بوو، هەرێم ئێستا بەشێکە لە کاروان و مێژووەکە، بۆیە دەبێت ڕێچکەی تازە بدۆزێتەوە و فراوانی بکات، بۆ ئەوەی تەنگژە لەهیچ بوارێکی سیاسی، یان گەشەپێدان، یان مرۆیی دروست نەبێت. هەموو ئەوانەش پەیوەستە بە ڕاگەیاندنی کاروباری هاوواڵتی و بەدیهێنانی بەرنامەکانی تێکەاڵو بوون لە کۆمەڵگەی عێراقییەوە، کە لەگەڵ چاوپڕین لە کرانەوە بەڕەو جیهان هاوتەریب بێت، چونکە لە کۆتاییدا، بەغدا نزیکترین پایتەختە لە کورد، هەرچەندی ناکۆکی و کێشەش ڕووبدەن.

و: ڕەمزی میرەکانی

بنەماییّن جێگیر د گوتارا سەروکێ هەرێمێدا



دلژڤان حەسەن

گوتارا نێچیرڤان بارزانی یا کو ل دەمێ ڕێوەرەسمێن سویندخارنا وی وەک سەرۆکێ هەرێمێ هاتییە پێشکێش کرن، ژبلی کو گوتارەکا بهێز،تێر و تژی و فرە بابەت بوو. چەندین بنەماییّن جێگیر و پەیامێن ڕاستەوخۆ و نە ڕاستەوخۆ هاتنە ئاراستەکرن بۆ هەر ئێک ژ "لایەنێن کوردستانی یێن هەرێمێ،پارت ولایەنێن عیراقی، وەڵاتێن هەڤسنۆر و وەڵاتێن ڕۆژئاڤا...".ئەگەر ب دیتنا خوە یا کێم بینینڤە ژی چەندەکێ باس ل وان پەیامێن هویربینیکری بکەین، گرنگە باس ل ڤان خاڵیّن ل خوارێ بکەین...

نێچیرڤان بارزانی د گوتارا خودا گۆت "دێ سەرۆکاتییا هەرێمێ کەینە چەترا ئێکڕێزیێ".هەلبەت ئەڤ ئێکە ژ جەنابێ وی دهێتە پێشبینیکرن.چونکی ل دەما د پۆستی سەرۆک وەزیران ژی دا هیچ جارەکێ خوە وەسا نیشا نەدایە کو مۆلکێ پارتی بتنێ بێت، بەلکو ب کارو کریارێن خوە و سەردەریکرنا خوەڤە هەمی دەمان وەک مۆلکێ هەمی کوردستانێ هاتییە دیتن، هەمی دەمان ڕێیێن ئاسێ ل پێشییا لایەنێن کوردی خۆشکرینە ، گرێیێن ئالۆز ب سانایی ڤەکرینە.هەر ئەڤە بوویە ئەگەر کو چەوان پارتی ب هەلبژاردنا وی وەک سەرۆک دلشاد بن وەسان لایەنێن دیڤی ئەڤێن ب ویژدان ل داهاتی دنێرن ئەو ژی ب سەرۆکبونا نێچیرڤان بارزانی دلشاد بن.

ل جهەکی سەرۆک دبێژیت "هیچ ئەلتەرناتیڤەک بۆ دەستووری نییە" یا دیارە ل ڤێرە باس ل وی دەستووریّ عیراقێ دکەت یێ کو ل پشتی ژناڤبرنا رژێما بەعس ب ڕێککەفتن و رازیبونا هەرسێ جەمسەرێن سەرەکی یێن عیراقێ"کورد،شیعە و سونەنیان"هاتییە دانان. لێ عەقلێ شۆفینی یێ عەرەبێن عیراقێ هیچ جارەکێ قەبوّل نەکریە پێگریێ ب دەستووری بکەن،بەلکو بتنێ تەکەز ل وان ماددە و برگەیان کریە یێن د بەرژەوەندا وان دا و هەر جارا بابەت هاتبیتە سەر کەرکۆک و تەڤایا ناڤچەیێن کوردستانی یێن دەرڤەی ئیدارەیا هەرێمێ، یان ئەو مادەییّن باس ل هێزێن پێشمەرگەی و بەرژەوەندا گشتگیر بۆ تەڤایا خەلکێ ل عیراقێ دڤێت دکەن،هاتینە پشتگوھ هاڤێتن و هەر جارێ و ب بەهانەیەکێ دەم هاتییە کوشتن. لەوما هەر ئەڤ نەپێگریکرنا ب دەستووری بوویە ئەگەر ڤالاهیێن مەزن دروست بن و ڕێک بۆ داعش و ڕێکخراوێن تیرۆری یێن مینا داعش ڤەبن، و هەتا باوەری د ناڤبەرا لایەنێن عیراقی ژی دا نەمینیت و هەردەم ئالۆزی دروست بن. لەوما سەرۆکی تەکەز ل سەر دەستووری کر دا راستە راست ب دەستهەلاتدارێن عیراقێرا رابگەهینیت، ئەگەر هوون بەرژەوەندا عیراقێ و عیراقیان دخازن بێی پێگیربوون ب دەستووری سپیاتییا هەرێمێ پێدڤی ب سەرۆکەکێ کاریزما و لێزانن.هەر د گوتارا خودا ب سوپاسیکرنا وان لایەنێن بەشداری د دەنگدانا ویدا نەکرین وەک سەرۆک ئەڤە ب خوە حەزکرن،کارکرن و نیازپاکییا سەرۆکی بۆ دیموکراسیێ خویا دکەت.

هەڤوەلاتییّن هەرێمێ باوەریەک مەزن ب چار ساڵیّن داهاتی هەیە و ب دیتنا مە ئەگەر لایەنێن کوردی بەرپێکان نەدەنە کابینەیا مەسرۆر بارزانی و ئالۆزیا بۆ کارێن سەرۆکێ داهاتی ژی دروست نەکەن، دیسان ئەگەر چ پێشهاتێن نەخواستی و نەچاڤەڕێکری نەهێنە پێش چار ساڵیّن داهاتی دێ چارسالیّن خۆشگوزەرانی،ئارامی و پێشکەفتنەکا باشتر بن بۆ هەرێما کوردستانێ.

ون بوون

کارتی زانیاری لەگەڵ بیتاقەی تەموین بەناوی احمد ابراهیم احمد ون بووە تکایە هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

ناسنامەی باری شارستانی لەگەڵ رەگەزنامەی عێراقی لەگەڵ سیفی لەگەڵ ٨ رسم بەناوی هاوری احمد ابراهیم ون بووە تکایە هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

دادگای کەتنی سۆران

ژمارە/ ٢/ك/٢٠١٩
ریکەوت/ ٢٠١٩/٥/٨
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو بلال قادر شاکر
ئاگادارکردنەوەی سزا

ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٢/ك/٢٠١٩ لە ریکەوتی ٢٠١٩/٥/٥ بەشێوەی پاشملە برایری حوکمی دەرکردووە بە تەجریم کردنت بەپێی ماددەی ٤٥٦ برگە ١ لە یاسای سزادانی عیراقی و سزادانت بە بەندکردنی توند بۆ ماوەی ٥ پێنج سال و لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە، بۆیە بۆت هەیە تانە لەو بڕیارەی دادگا بدەیت لە ماوەی یاسایی بەپێچەوانەوە ئەو مافەت نامێنێ و بڕیاری دادگا پلەی کۆتایی وەردە گرێت.

دادوەر/ محمد عبدالرحمن قاسم

***

دادگای تاوانی هەولێر/١

ژمارە/ ٣٣٣/ج/٢٠١٨
ریکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٣
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو غادە پولس مروگی

دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٣٣٣/ج/٢٠١٨ و پاش دادگایی کردنت بە پاشملە غیابی لە ڕۆژی ٢٠١٩/٤/٨ دادگای بڕیاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی ١ یەك سال بەپێی ماددەی ٤٤٦ لە یاسای سزا. بۆیە بە گوێرەی یاسا پێنت ڕادەگەیێنین کە لە ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی مافە تانە لێدانت اعتراض و پێداچوونەوەت هەیە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردە گرێت.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی هەولێر

ژمارە/ ٢٠١٩/١٤٠٧
بەروار/ ٢٠١٩/٥/٢٧
جاردانی کەلوپەلی گلدراوە

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە دۆسیەی جێبەجێ کردنی ژمارە ٢٠١٩/١٤٠٧ هەلدەستێت بە فرۆشتنی ئەم کەلوپەلانەی خوارەوە کە بە بڕی ٥٩٧٠٠٠٠٠ ملیۆن دینار قرساوە بە لێك زیادکردنی ئاشکرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز حمید سامر حمید کە بڕەکەی ١١٠٠٠ دۆلار جا هەرکەسێ ئارەزووی کڕینی هەیە لەماوەی ٣ ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئامادە بێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە و بارمتەی یاسایی لەگەڵ خۆی بێنێ کە لە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە.

جێبەجێکاری داد
ئاری فیصل دەباغ

کەلوپەل ا نرخ بە دینار

١- دەبەی ڕوونی ئۆتۆمبیل Full Mono رصاصی ٢٠ لیتر ٥٠ دانە ٢٠W-٥
٣٠٠٠٠٠٠ سێ ملیۆن دینار
٢- ڕوونی جۆری Full Man لەزگەی سەوز ٤٠.١٠W لتر ٢٠ کارتون. ٩٠٠٠٠٠ نۆسەد هەزار دینار
٣- ڕوون جۆری Full tech ٤ لتر ٦ کارتون. ٢٧٠٠٠٠ دووسەدو حەفتا هەزار دینار
٤- ڕوون جۆری Full life سور ٤ لتر ٤٠ دانە. ١٨٠٠٠٠٠ ملیۆنێك و هەشت سەد هەزار دینار
کۆی گشتی ٥٩٧٠٠٠٠.

****

دادگای کەتنی هەولێر/١

ژمارە/ ٢٣٦/ك/١/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠١٩/٦/١١
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ عصام الدین حمد علی
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر ٩ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/٨/٥ بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی ٤٥٩ لە یاسای سزاکان بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ گیلانی احمد محمدامین

***

دادگای کەتنی هەولێر/١

ژمارە/ ٣٧٦/ك/١/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠١٩/٦/١١
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ انور منیه زاده و هێنا ابوبکر علی
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر ٩ی بەیانی لە بەروارەی ٢٠١٩/٨/١١ بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی ٤٤٦ لە یاسای سزاکان بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ گیلانی احمد محمدامین

****

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر

ژمارە ١٥٧١/ ٢٠١٩
ریکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٤
ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٩/١٥٧١) ئۆتۆمبیلی ژمارە (٢٦٣٠٥٥) هەولێر) جۆری (فولکس واگن) مۆدیل (٢٠١٢)ی قەرزار (کۆمپانیای ئەپلاند ساینتفیك) بەلێك زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشێت لەجیاتی قەرزی (محمود مازن وهاب کریم) کە بڕی (١٢,٠٠٠,٠٠٠) دینارە، هەر کەسێ ئارەزووی کڕینی دەکات لەماوەی (٣ سێ) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە، دەڵآیەکەش لە ئەستۆی کڕیارە و نرخی ئۆتۆمبیلەکەش بەبڕی (١١,٤٠٠,٠٠٠) دینار قرساوە.

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

دادگای بەرایی هەولێر/ ٦

ژمارە ١٠٤٣/ب/٢٠١٩
ریکەوت: ٢٠١٩/٦/١٩
پێڕاگەیاندن

بۆ/ داوالێکراو (کاتب حکمت محمود ایشن)

داواکار (محمد رشید عمر) داوای ژمارە (١٠٤٣ / ب/ ٦ / ٢٠١٩)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (کاتب حکمت محمود ایشن)، ئەم دادگایە لەدادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٧ بڕیاریدا بە پابەندکردنت بەدانی بڕە پارەی (١٥٠,٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە (١٨٠,٤٥٠,٠٠٠) سەد و هەشتا ملیۆن و چوار سەد و پەنجا هەزار دیناری عێراقی لەگەڵ خستنە ئەستۆی تێچووی داوا و ماندووبوونی پارێزەرایەتی، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئەشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی إسکان) لە ٢٠١٩/٥/٧ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی پێڕاگەیاندنت وە تێوە مافی ناڕەزایی (اعتراض) وە تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوەتان هەیە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە بڕیاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕو کۆتایی وەردە گرێت.

دادوەر/ حسین علی محمد

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی عنکاوە

ژمارە١٢١/ ٢٠١٨
ریکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٤
ئاگاداری

بۆ: بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای D.H dream house سەرەڕای کارەکەی لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بۆیە بەپێی ماددە (٢٧)ی یاسای جێبەجێکردن بڕیاریدا لەڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێڕابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە نامادە بیت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی لە چۆڵکردنی مۆلکی ژمارە (٤١٦ ك ٥ عنکاوە) کە تۆمارە بەناوی خاوەن قەرز (فیصل یاسین مصطفی) ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت بەچۆڵکردنی خانووەکە.

جێبەجێکاری داد
سراج الدین احمد عبدالله

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارە/ ٥٨٣/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٨
ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو/ ڕێبوار سردار شکر

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١٠ ق٥) لەیاسای باری کەسی وە لەبەرئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٦/٣٠ لە بەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ ازاد اکرم مجید

***

دادگای بەرایی هەولێر/٥

ژمارە: ٥٣٠/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/٦/٢٤
جاڕدان

بۆ/ داوالێکراو (ادریس محمد حسین)

داواکار (ئازاد یحیی سعید) داوای ژمارە (٥٣٠ / ب٥ / ٢٠١٩)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەرئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی ئەشعاری موختاری گەرەکی (عەرەبی کۆن و نوێ و سعدوناوە) لە ٢٠١٩/٦/١٤ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بەپێڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٧/١٦) کات (٩)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ کاوە صدیق حسین

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە: ٥٧١٨/ش/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٣
جاڕدان

بۆ/ داوالێکراو (فتاح سلیمان فتاح) شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لەداوای ژمارە (٥٧١٨/ش/٢٠١٨) وە لەبەرواری (٢٠١٩/٥/١٤) بڕیاریدا لەسەر (تصدیق الطلاق) لەنێوان تۆ و داواکار (ارخوان کانبی أحمد)، لەبەرئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئەشعاری موختاری (هەولێر- گەرەکی ژیان)، بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە و تۆ مافی ناڕەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارەنامە، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردە گرێت.

دادوەر/ طارق حسین کریم

***

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەرداگرتن لە هەولێر

ژمارە / ٥٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٢٤
ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٩/١٥٧١) ئۆتۆمبیلی ژمارە (٢٦٣٠٥٥) جۆری (فولکس واگن) مۆدیل (٢٠١٢)ی قەرزار (کۆمپانیای ئەپلاند ساینتفیك) بەلێك زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشێت لەجیاتی قەرزی (محمود مازن وهاب کریم) کە بڕی (١٢,٠٠٠,٠٠٠) دینارە، هەر کەسێ ئارەزووی کڕینی دەکات لەماوەی (٣ سێ) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە، دەڵآیەکەش لە ئەستۆی کڕیارە و نرخی ئۆتۆمبیلەکەش بەبڕی (١١,٤٠٠,٠٠٠) دینار قرساوە.

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

دادگای بەرایی هەولێر/ ٦

ژمارە ١٠٤٣/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٩
پێڕاگەیاندن

بۆ/ داوالێکراو (کاتب حکمت محمود ایشن)

داواکار (محمد رشید عمر) داوای ژمارە (١٠٤٣ / ب/ ٦ / ٢٠١٩)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (کاتب حکمت محمود ایشن)، ئەم دادگایە لەدادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٧ بڕیاریدا بە پابەندکردنت بەدانی بڕە پارەی (١٥٠,٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە (١٨٠,٤٥٠,٠٠٠) سەد و هەشتا ملیۆن و چوار سەد و پەنجا هەزار دیناری عێراقی لەگەڵ خستنە ئەستۆی تێچووی داوا و ماندووبوونی پارێزەرایەتی، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئەشعاری موختاری (هەولێر- گەرەکی ژیان)، بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە و تۆ مافی ناڕەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارەنامە، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردە گرێت.

دادوەر/ طارق حسین کریم

***

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەرداگرتن لە هەولێر

ژمارە / ٥٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٢٤
ئاگاداری

ناوەخۆیی ڕۆژانە پێڕابگەیەندرێت. مافی تانووت لێدانت هەیە لەبڕیارەکە بەڕێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایی (٣/مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردە گرێت.

دادوەر/ بهزاد جهاد فائق

***

دادگای کەتنی هەولێر/ ٣

ژمارە: ٢٢٧/ ك٢٠١٩/٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢١
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ یونس مصطفی عبدالله
ئاگادارکردنەوە (سزا)

ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٢٢٧/ك٢٠١٩/٣ لە ٢٠١٩/٥/٢١ لەسەرت بەزیندانیکردنی (الحبس) بۆماوەی (٢) دوو ساڵ بەپێی ماددەی (١/٤٥٦) لەیاسای (سزا) بەشێوەیەکی پاشەملە (غیابی) لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بڕیاردرا پاڵپشت بە ماددەی (١٤٣) لە یاسای (سزا) بەشێوەیەکی سزایی بەپێڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی چوار لەهەولێر لە ڕۆژی (٢٠١٩/٩/٩) وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (پاشملە/ غیاب) بەپێی یاسا.

دادوەر/ زرار محمود مرادخان

***

دادگای تاوانی هەولێر/ ١

ژمارە: ١٨٦/ج/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٩
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو: ئازاد صباح حمەرشید و ابراهیم صباح حمەرشید
ئاگادارکردنەوە

لەبەرئەوەی ئێوە تۆمەتبارن بەپێی ماددەی (٢١) لەیاسای چەك، وە سەلماندنی هەلاتنتان و نادیاری جێگاکەتان لەکاتی ئێستادا، بۆیە بڕیاردرا پاڵپشت بە ماددەی (١٤٣) لە یاسای بنەماداگایەکانی سزایی بەپێڕاگەیاندنت بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی چوار لەهەولێر لە ڕۆژی (٢٠١٩/٩/٢) وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (پاشملە/ غیاب) بەپێی یاسا.

دادوەر/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

دادگای تاوانی هەولێر/ ١

ژمارە: ٣٨١/ج/٢٠١٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٣
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو: لطیف مصطفی مصطفی و یوسف مصطفی مصطفی
ئاگادارکردنەوە (سزا)

دادگای تاوانی هەولێر/١ لەداوای ژمارە (٣٨١/ج/٢٠١٢) و پاش دادگاییکردنتان بە پاشملە (غیابی) لە ڕۆژی ٢٠١٩/٤/١٠ دادگا بڕیاریدا بەبەندکردنتان بۆ ماوەی هەتا هەتایی (مؤبد) بۆ هەریەکێکتان لەسەرتان جێبەجێ دەکرێت بە پێی ماددەی (٤٠٥) لەیاسای سزا، بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان ڕادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی (٢٤٣) لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان (الاعتراض) و پێداچوونەوەتان هەیە، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردە گرێت.

دادوەر/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

دادگای تاوانی هەولێر/ ١

ژمارە: ١٨٩/ج/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٩
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: محمد گزو لشکری
ئاگادارکردنەوە

لەبەرئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی (٤٥٢) لەیاسای سزا، وە سەلماندنی هەلاتنت و نادیاری جێگاکەت لەکاتی ئێستادا، بۆیە بڕیاردرا پاڵپشت بە ماددەی (١٤٣) لە یاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی چوار لەهەولێر لە ڕۆژی (٢٠١٩/٩/٢) وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (پاشملە/ غیاب) بەپێی یاسا.

دادوەر/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

دادگای تاوانی هەولێر/ ١

ژمارە: ٣٨١/ج/٢٠١٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٣
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو: لطیف مصطفی مصطفی و یوسف مصطفی مصطفی
ئاگادارکردنەوە (سزا)

دادگای تاوانی هەولێر/١ لەداوای ژمارە (٣٨١/ج/٢٠١٢) و پاش دادگاییکردنتان بە پاشملە (غیابی) لە ڕۆژی ٢٠١٩/٤/١٠ دادگا بڕیاریدا بەبەندکردنتان بۆ ماوەی هەتا هەتایی (مؤبد) بۆ هەریەکێکتان لەسەرتان جێبەجێ دەکرێت بە پێی ماددەی (٤٠٥) لەیاسای سزا، بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان ڕادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی (٢٤٣) لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان (الاعتراض) و پێداچوونەوەتان هەیە، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردە گرێت.

دادوەر/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

دادگای تاوانی هەولێر/ ١

ژمارە: ٥٣٠/ج/٢٠١٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٠
بۆ تۆمەتباراتی هەلاتوو: حسن عدنان نوری و علی عیسی شریف و صلاح الدین طاهر محمدامین
ئاگادارکردنەوە (سزا)

دادگای تاوانی هەولێر/١ لەداوای ژمارە (٥٣٠/ج/٢٠١٧) و پاش دادگاییکردنتان بە پاشملە (غیابی) لە ڕۆژی ٢٠١٩/٣/٣١ دادگا بڕیاریدا بە بەندکردنتان لەسەر سێ کێشە بۆماوەی (١٠ دە ساڵ + ١٠ دە ساڵ + ١٠ دە ساڵ) بۆ هەر یەکەکتان کەیەك لەدوای یەك لەسەرتان جێبەجێ دەکرێت بەپێی مادەی (٤٤٢/ أولا) لەیاسای سزا. بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان ڕادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی (٢٤٣) لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان (الاعتراض) و پێداچوونەوەتان هەیە، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردە گرێت.

دادوەر/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

لێژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شاروانیەکانی هەولێر

ژمارە/ ٢٦/١٠٠
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٢٣
ئاگاداری

لێژنەی سەرەوە هەلدەستێ بە بە کرێدانی ١٧ کۆشك و ١١ دوکان لە سنووری شارەوانی دێگەلە بەمشێوەی کە لە خوارەوە دیارکراوە ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سۆرگایەتی شارەوانی دێگەلە بدات مزایەدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٥ کاتژمێر ١٢:٣٠ دوانزە و نیوی نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیاریکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ لە کرێی خەملێنەراو لەگەڵ خۆی بهێنێ هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

ز ا ژمارە و جۆری مولك و شوێنا ڕووبەر م٢ ا کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ هەر دوکانێك ماوەی ا بەکرێدان

١/ شوێنی دوکانی ژمارە (١+٨+٩+١٠+١١) لەسەر بەشێك لە پارچە زەوی خزمەتگوزاری ژمارە (٨٣/٢٦ك٢٣ دێگەلە) ١٠٧٠٠٠ سەدو هەفت هەزار دینار ٣ ساڵ بە زیادکرنی ئاشکرا

٢/ شوێنی دوکانی ژمارە (٢+٣) لەسەر بەشێك لە پارچە زەوی خزمەتگوزاری ژمارە (٨٣/٢٦ك٢٣ دێگەلە) ٣٢م٢ بۆ هەر دوکانێك ١٠٧٠٠٠ سەدو هەفت هەزار دینار ٣ ساڵ بە زیادکرنی ئاشکرا

٣/ شوێنی دوکانی ژمارە (٤+٥+٦+٧) لەسەر بەشێك لە پارچە زەوی خزمەتگوزاری ژمارە (٨٣/٢٦ك٢٣ دێگەلە) ٦٤م٢ بۆ هەر دوکانێك ١٠٧٠٠٠ سەدو هەفت هەزار دینار بۆ ١م٢ ٣ ساڵ بە زیادکرنی ئاشکرا

٤/ شوێنی کۆشکی ژمارە (١) شەقامی سەرەکی/ شۆرش لای چەپ ١٦٨م٢ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢

٣ ساڵ بە زیادکرنی ئاشکرا

٥/ شوێنی کۆشکی ژمارە (٢) شەقامی سەرەکی/ شۆرش لای چەپ ١٢٠م٢ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢

٣ ساڵ بە زیادکرنی ئاشکرا

٦/ شوێنی کۆشکی ژمارە (٣) شەقامی سەرەکی/ شۆرش لای چەپ ٤٢م٢ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢

٣ ساڵ بە زیادکرنی ئاشکرا

٧/ شوێنی کۆشکی ژمارە (٤) شەقامی سەرەکی/ شۆرش لای چەپ ١٩٢م٢ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢

٣ ساڵ بە زیادکرنی ئاشکرا

٨/ شوێنی کۆشکی ژمارە (٥) شەقامی سەرەکی/ شۆرش لای چەپ ٢١٠م٢ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢

٣ ساڵ بە زیادکرنی ئاشکرا

٩/ شوێنی کۆشکی ژمارە (٦) شەقامی سەرەکی/ شۆرش لای چەپ ١١٤م٢ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢

٣ ساڵ بە زیادکرنی ئاشکرا

١٠/ شوێنی کۆشکی ژمارە (٧) شەقامی سەرەکی/ شۆرش لای ڕاست ٢٥٢م٢ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢

٣ ساڵ بە زیادکرنی ئاشکرا

١١/ شوێنی کۆشکی ژمارە (٨) شەقامی سەرەکی/ شۆرش لای ڕاست ١٦٨م٢ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢

٣ ساڵ بە زیادکرنی ئاشکرا

١٢/ شوێنی کۆشکی ژمارە (٩) شەقامی سەرەکی/ شۆرش لای ڕاست ٢٠٤م٢ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢

٣ ساڵ بە زیادکرنی ئاشکرا

١٣/ شوێنی کۆشکی ژمارە (١٠) شەقامی سەرەکی/ شۆرش لای ڕاست ٩٠م٢ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢

٣ ساڵ بە زیادکرنی ئاشکرا

١٤/ شوێنی کۆشکی ژمارە (١١) شەقامی سەرەکی/ شۆرش لای ڕاست ٢١٠م٢ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢

٣ ساڵ بە زیادکرنی ئاشکرا

١٥/ شوێنی کۆشکی ژمارە (١٢) شەقامی سەرەکی/ شۆرش لای ڕاست ١٦٨م٢ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢

٣ ساڵ بە زیادکرنی ئاشکرا

١٦/ شوێنی کۆشکی ژمارە (١٣) شەقامی سەرەکی/ شۆرش لای چەپ ١٧٥م٢ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢

٣ ساڵ بە زیادکرنی ئاشکرا

١٧/ شوێنی کۆشکی ژمارە (١٤) شەقامی سەرەکی/ شۆرش لای ڕاست ٢٨م٢ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢

٣ ساڵ بە زیادکرنی ئاشکرا

١٨/ شوێنی کۆشکی ژمارە (١٥) شەقامی سەرەکی/ شۆرش لای ڕاست ٧٤م٢ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢

٣ ساڵ بە زیادکرنی ئاشکرا

١٩/ شوێنی کۆشکی ژمارە (١٦) شەقامی سەرەکی/ شۆرش لای ڕاست ١٢٤م٢ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢

٣ ساڵ بە زیادکرنی ئاشکرا

٢٠/ شوێنی کۆشکی ژمارە (١٧) شەقامی سەرەکی/ شۆرش لای ڕاست ٤٢م٢ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢

٣ ساڵ بە زیادکرنی ئاشکرا

ئەندازیار/ نەهز محی الدین نافژ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣

ژمارە: ٢٠١٥/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٣
جاڕدان

بۆ داوالێکراو: حازم حسام الدین نجم الدین/ شوینی دانیشتنت نادیارە

داواکار (هودا خلیل سلیم) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بە ژمارە (٢٠١٥/ش/٢٠١٩) تیایدا داوای (بژێوی ڕابردووی بەردەوام) دەکات وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی نیشتەجێی موختاری (هەولێر-گەرەکی مەلایان) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ و ڕۆژانە بە نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٨/٤/٢٠١٩) کاتژمێر ٩ی بەیانی. بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان ڕادەگەیەنین کە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا کەدەست پێدەکات لەدوای بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە،سەعات (١٠) ی سەرلە بەیانی بەمەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەکی پێبێنت.

تێبینی کرێی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیاد کردنەکەی بۆ دەردەچێت.

مکرم فتاح محمد
بەڕێوەبەری خانوبەری میری گەرمیان
٢٠١٩/٦/٢

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە/ ٤١٣ /ش/ ٢٠١٩
ڕێکەوتی / ٢٤ / ٦ / ٢٠١٩
ب/ راگەهاندن

بو / داوالێکراو: هیبت عبدالکریم سلمان .

ل دیف داخازیا داواکار(علی خالد اوسو) وکێشا ژمارە (٤١٣ /ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا گەهاندنا رەها کچا تە و داواکاری یا مری (سوزان) ژ دایك بوون (١٩٩٠/٨/١) جهێ بوونا وێ ل زاخو و سەلماندنا مرنا کچا تە و داواکاری (سوزان) ل روژا (١٩٩١/٤/٢٠) وجهێ مرنا وێ (ترکیا / بلە) و ژبەر نەبیار بوونا جهێ ناکنجیبوونا تە بو ڤێ دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (سیالکا) یا ژمارە (١٨٥٣) ل (٢٠١٩/٦/١٢) ونڤیسارا بەربژارێ تاخا (سیالکا) تەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە و ئامادە بی بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٠١٩/٧/٧) یان بڕیکارەکێ پێش خو ڤە نامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .

دادوەر/ یوسف الیاس سدن

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٤٢٣ /ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ٢٤ / ٦ / ٢٠١٩
ب/ راگەهاندن
بو / داوالێکراو : صلاح عمر مراد
ل دیف داخوازا داواکار(هلز هشیار حسن) وکیشا ژمارە (٤٢٣ /ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا ژیکڤەبون ژتە دکت، و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ناکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (رزگاری) یا ژمارە (١٣٢٠) ل (٦/١٨ /٢٠١٩) و نڤیسارا هەلبژارێ تاخا (چم کورک) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامیت روژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل روژا (٩ /٧/ ٢٠١٩) ل دەمژمێر ٩ سپێدی بان بڕیکارەکێ پێش خو ڤە نامادەبکی و بەرۆژاڤا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادەر/ یوسف الیاس سدن
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی بەدواداچون و ئامار
ژمارە/٨٤٠/٢٠١٨
رێکەوت/٢٠/٦/٢٠١٩
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی لەڕێگەی زیادکردنی ئاشکراوە هەلدەستێت بەفرۆشتنی بەشی قەرزار لە مولکی کشتوکاڵی ژمارە ٥٠/١ کەرتی ١٠ ڕازیانە کە لەکۆی ٤٧٠٤٠ بەش تەنها ١٤٧٤٦ بەشی ئاماژە پێکراوە بەناوبەوە (حکمت علی عبدالله) بەرامبەر بە قەرزی خاوەن قەرز(فاچل محمد امین عبدالرحمن/ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای ئاسیا بۆ بازرگانی گشتی سنوردار /سەرەرای کارەکەی) بەبڕی (٢١٧٥٨٦٤٠)بیست و یەک ملیۆن و حەوت سەدو پەنجاو هەشت هەزارو شەش سەدو چل دینار بەڕەسمی جێ بەجێ کردنی بەڕێوەبەرایەتیانەوە، جا هەر کەسێک ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە باسەردانی بەڕێوەبەرایەتیان بکات لەڕۆژی دووەمی بلاوکردنەوەی ئاگادارییەکە کە لەڕۆژنامەدا کاتژمێر (٩) تا کاتژمێر (٩) ڕۆژی زیادکردنەکە بەمەبەستی دانانی ڕێژەی ١٠٪ ی تامینات و زیادکردنەکەش کاتژمێر ١٢:٠٠ نیوەڕۆ ئەنجام ئەدرێت لە بەڕێوەبەرایەتیان لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا کەدەست پێ دەکات لەڕۆژی دووەمی بلاوکردنەوەی ئاگادارییەکە لەڕۆژنامەدا .
زانیاری لەسەر مولّکەکە:-
*داواکاری جێبەجێ کردن :- فاچل محمد أمین عبدالرحمن / بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای ئاسیا بۆ بازرگانی گشتی سنوردار /سەرەرای کارەکەی.
*داوالێکراوی جێ بەجێ کردن :- حکمەت علی عبدالله.
*جۆری ڕاگیراو:- مولکی دەوڵەت.
*ژمارەی مولّک:- ٥٠/١ کەرتی ١٠ / ڕازیانە.
*سنوری ناوەدانیەکە :- وەک لە نەخشەکەدا تۆمارە.
*شوێنی خانوبەرە :- سلێمانی /عەربەت.
*جۆری :- زەوی کشتوکاڵی.
*شێوازی :- باشە.
*پێکهاتەکانی :- هیچ شتێکی تێدا نی یە .
*نیشتەجێ کانی :- /
*داهاتی ساڵانەی :- نیەتی.
*ڕووبەرەکەی :- بەگشتی ٢ دۆنم و ٢٣ ئۆلکە واتە ٧٣٠م٢ .
*نرخی خەملێنراو:- نرخی خەملێنراوی ١م٢ زەوی = ٣٦٠٠ سێ هەزارو شەش سەد دینار.
کۆی نرخی خەملێنراوی سەرجەم زەوی یەکە دەکاتە (٢٦٢٨٠٠٠٠) بیست و شەش ملیۆن و دووسەدو هەشتا هەزار دینار .
نرخی خەملێنراوی بەشی قەرزار لەو مولّکەی:- (٨٢٣٧٠٠٠) هەشت ملیۆن و دووسەدو سی و حەوت هەزار دینار.
جێبەجێکاری داد
شۆخان جلیل محمد
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٣٥٧/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٤/٦/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ داوالیکەراو (سربست رمضان مصطفی) جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (افین مجید اسماعیل) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ تێدا داخازا جودابوون (تفریق) ژتە دکەت وژبەر کو جهێ ناکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگاداریا هەلبژیر ودەستەکا هەلبژارتنا پارێزگەها دهوک ل قەزا زاخو نەووروز تاخی زاویتە لەورا بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕۆژنامەیین روژا نەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) سپیدەهیا روژا ٢٠١٩/٧/١٥ ول بەرۆڤاژی ڤی جەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن
دادەر/ زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
مدیریه الجنسیه والاحوال المدنیه لمحافظه اربیل الواقعات
عدد/ ٨٦٥٦
تاریخ/ ٢٠١٩/٦/٢٣
اعلان
قدم المواطن (گوران صالح خالد) دعوی فی هذه مدیریه تسجیل اللقب (خالد) فمن لدیه اعتراض مراجعه هذه المدیریه خلال ١٠ ایام من تاریخ نشره فی الجریده و بعکسه فسوف تنظر هذه المدیریه فی المدعوی وفق احکام الماده ٢٤ من قانون البطاقه الوطنیه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.
اللواء/ هیثم فاضل الغرباوی
مدیر الاحوال المدنیه والجوازات والاقامه/وکاله
***
مدیریه تنفیذ زاخو
العدد/٥٤٥/تنفیذ/٢٠١٩
التاریخ/٢٠١٩/٦/٢٤
تلیغ بمذکره الاخبار بالتنفیذ
الي المدین/ عمر عبدالباقي احمد
نظرا لمجهولیة محل اقامتك حالیا حسب کتاب مرکز شرطة زاخو الرقم ١٨١٩ في ٢٠١٩/٦/٢٤ علیة بموجب المادة ٢٧ من قانون التنفیذ قررنا تبلیغك عن طریق صحیفتین محلیتین للحضور امام مدیریة تنفیذ زاخو او من ینوب عنك قانونا و ذلك عن الدین المتعلق بذمتك في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ٥٤٥/تنفیذ/٢٠١٩ بمبلغ قدرها ١٣٩٠٥٠٠٠ ثلاثة عشرة ملیون و تسعمائة و خمسة الاف دینار عراقي للدائنة اخلاص حسین حسن و بعکسة سوف تتخذ هذة المدیریة الاجراءات القانونیة بحقك بعد مرور الفترة القانونیة البالغة ١٥ خمسة عشرة یوما من الیوم التالي لنشر هذا التبلیغ.
المنفذ المعدل/ لقمان سامي جمیل
***
مدیریه تنفیذ زاخو
العدد/٤٤٩/تنفیذ/٢٠١٩
التاریخ/٢٠١٩/٦/٢٤
تلیغ بمذکره الاخبار بالتنفیذ
الي المدین/ هاشم محمد شریف علو
نظرا لمجهولیة محل اقامتك حالیا حسب کتاب مرکز شرطة زاخو الرقم ١٧١٤ في ٢٠١٩/٦/١٣ علیة بموجب المادة ٢٧ من قانون التنفیذ قررنا تبلیغك عن طریق صحیفتین محلیتین للحضور امام مدیریة تنفیذ زاخو او من ینوب عنك قانونا و ذلك عن الدین المتعلق بذمتك في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ٤٤٩/تنفیذ/٢٠١٩ بمبلغ قدرها ٣٦٠٠٠٠٠ ثلاثة ملیون و ستمائة الف دینار عراقي للدائنة امینة هاشم امین و بعکسة سوف تتخذ هذة المدیریة الاجراءات القانونیة بحقك بعد مرور الفترة القانونیة البالغة ١٥ خمسة عشرة یوما من الیوم التالي لنشر هذا التبلیغ.
المنفذ المعدل/ لقمان سامي جمیل
***
مدیریة تنفیذ زاخو
العدد /٥٤٩/تنفیذ/٢٠١٩
التاریخ / ٢٠١٩/٦/٢٤
اعلان
الی / المدین : عصمت عیسی مصطفی
نظرا لمجهولیة محل اقامتك حالیا حسب کتاب مرکز شرطة (ده لال) المرقم (٢٧٠٩) في ٢٠١٩/٦/٢٣) واشعار مختار محلة (طولان) علیه وبموجب المادة (٢٧) من قانون التنفیذ قررنا تبلیغك عن طریق صحیفتین محلیتین للحضور امام مدیریة تنفیذ زاخو او من ینوب عنك قانونا و ذلك عن الدین المتعلق بذمتك في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ٥٤٩/ تنفیذ/٢٠١٩) و الخاصة بالدائن (خلات محمد علي) ، وبعکسه سوف تتخذ هذه المدیریة الاجراءات القانونیة بحقك بعد مرور الفترة القانونیة البالغة (١٥) خمسة عشرة یوما من الیوم التالي لنشر هذا التبلیغ .
المنفذ العدل / لقمان سامي جمیل
***
محکمة تحقیق الشمال
اعلان
الی المفقود : حسین عباس حمد
قدمت السیده / غزالي سعدو کنجي طلبا الی هذه المحکمة حول فقدانك بتاریخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولیة محل اقامتك تقرر تبلیغك بواسطة صحیفتین محلیتین ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون یوما من تاریخ النشر وفي حالة عدم حضورك سیتم اتخاذ الاجراءات القانونیة وفق الاصول
القاضي / سعود حمد الذعار
***
محکمة تحقیق الشمال
اعلان
الی المفقود : عباس حمد ابراهیم
قدمت السیده / غزالي سعدو کنجي طلبا الی هذه المحکمة حول فقدانك بتاریخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولیة محل اقامتك تقرر تبلیغك بواسطة صحیفتین محلیتین ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون یوما من تاریخ النشر وفي حالة عدم حضورك سیتم اتخاذ الاجراءات القانونیة وفق الاصول
القاضي/ سعود حمد الذعار
***
مدیریة تنفیذ ئاکری
العدد / ١٢٧٧/ت.د/٢٠١٩
اعلان
بناءا علی القرار الصادر من هذه المدیریة في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ١٢٧٧/ت.د/٢٠١٩ المتضمن بیع العقار المرقم ٢/٧٠ مقاطعة ١٣٥ بساتین خرکا قابکی في حصة المدین المبین اوصافه ادناه تعلن هذه المدیریة عن بیعه بالمزایدة العلنیة فعلی الراغبین بالشراء مراجعة هذه المدیریة مستصحبین معهم التامینات القانونیة البالغة ١٠٪ من القیمة المقدرة ان لم یکن شریکا في العقار المذکور او دائنا في الاضبارة التنفیذیة اعلاه وستجري المزایدة في الساعة الثانیة عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من الیوم الثالث التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمیة ففي الیوم الذي یلیه علما ان الدلالیة ورسوم التسجیل علی المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة ١٢٧٧/ت.د/٢٠١٩ الموقع ئاکری خرکا المساحة ٤٥٠ م٢ الجنس مملوکة للدولة زراعیة مطریة القیمة المقدرة (٨٠٠٠٠٠٠) ثمانیة ملایین دینار عیراقی
المنفذ العدل/ بدران عبدالرحیم حاجي
***
مدیریة تنفیذ ئاکری
العدد / ١٠٤٣/ت.د/٢٠١٩
اعلان
بناءا علی القرار الصادر من هذه المدیریة في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ١٠٤٣/ت.د/٢٠١٩ المتضمن بیع بیع المنقول السیارة نسکانیا دبل قمارة المبین اوصافه ادناه تعلن هذه المدیریة عن بیعه بالمزایدة العلنیة فعلی الراغبین بالشراء مراجعة هذه المدیریة مستصحبین معهم التامینات القانونیة البالغة ١٠٪ من القیمة المقدرة ان لم یکن شریکا في الاضبارة التنفیذیة اعلاه وستجري المزایدة في الساعة الثانیة عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من الیوم الثالث التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمیة ففي الیوم الذي یلیه علما ان الدلالیة ورسوم التسجیل علی المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة ١٠٤٣/ت.د/٢٠١٩ النوع نسکانیا دبل قمارة مودیل ٢٠٠٥ الرقم ١٧٤٩٣٤ اربیل حمل اللون اخضر القیمة المقدرة (١٧٠٠٠٠٠٠) سبعة عشرة ملیون دینار عیراقی
المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي
***

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان هەولێر
بەشی یاسایی
ژمارە: ١٠٩٨٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٧
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سمسار) بۆ (کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی/ سنووردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (سمسار) بۆ (کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی / سنووردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٦/١١)، کە تۆمارە لە ژێر ژمارە (٢٤٠١٨) لەڕێکەوتی ٢٠١٧/٤/٥ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (محمد صابر شکر) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوککردن و دانانی بەڕێز (بژار حسین محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو.
من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراوە.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری: ٢٠١٩/٦/١٧
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت.

لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێدان
ژمارە/ ٨٩٩٦/١٠
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٢٤
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێدانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەلدەستێت بە بەکرێ دانی ئەم پارچە زەویانەی خوارەوە بەرێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ی ساڵی ١٩٨٦ هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر لیژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمیریاری داهات بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر و دانانی بارمتەی یاسایی بەرێژەی لە ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیاد کردنەکە لە رۆژی ٣٠ سیەمین رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات. کرێگرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.

ژمارەی زەوی	ڕووبەر	جۆری بەکارهینان	ماوەی بەکرێ دان
١- ٢٦/١١٠٠ ك ٩٤ باداوە	٢م٥١,٦	مینی مارکیت	١٠ سال
٢- ١٥٩/٣٧٥٨ ك ٤٥ وارش	٢م٤٠٠٠	سوپەر مارکیت	٢٥ سال

ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

ئاگادارى
ئاگادارى گشت لایەك دەكەینەوە كۆمپانیای (سمسار) بۆ (كڕین و فرۆشتنى خانوو و زەوى/ سنووردار) بڕیارى پاكتاوكردنى كۆمپانیاى داوە بۆیە هەر كەسێك یان هەر لایەنێك مافێكى لەسەر كۆمپانیا هەیە با لە ماوەى یاساییدا ئاگادارى بەڕێوەبەرایەتى كۆمپانیاكانى هەولێر بكاتەوە لەشارى (هەولێر- جووت سایدى بەختیارى- تەنیشت سوپەرماركێتى ماجستى) بۆ یەكلایكردنەوەى كێشەكان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەرى كۆمپانیاكانى هەولێر/ بەوەكالەت

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (بلادی) بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / محمد فیضی محمد
ناڤ ونیشان / دهوك - ماسیك
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥١٥٢٥٤

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (SOCEO) بۆ (بازرگانی گشتی وهاوردە وهەنارده / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / نیوار حامد حسن
ناڤ ونیشان / دهوك - مالطا
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٧١٢٥٢١

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی لقی کۆمپانیاکان
ژمارە: ٥٣٥٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/٧
بڵاوکردنەوەی گۆڕانکاری نووسینگەی لقی کۆمپانیای بیانی دوابەدوای متمانە بەراییەکانی لقی کۆمپانیای بیانی ژمارە (٣٦٧٧) لە ٢٠٠٦/٧/١٣ کە لە ژێر ژمارە (٢٠٣٣) لە ٢٠٠٤/٤/٣ لە بەغدا تۆمارکراوە، دوای ئامادەکردنی گشت بەڵگەنامە دواکراوەکان کۆمپانیای (أبو غزالة و شرکاه للأستشارات ذ.م.م) ی ئوردنی، ئەم گۆڕانکارییە بڵاوەکەینەوە لە بڵاوکراوەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەمان و بریتییە لە:
* گۆڕینی نووسینگەی لقی کۆمپانیای (أبو غزالة و شرکاه للأستشارات ذ.م.م) بۆ لقی کۆمپانیای (أبو غزالة و شرکاه للأستشارات ذ.م.م).
دڵزار اسماعیل احمد
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی لقی کۆمپانیاکان
ژمارە: ٥٣٤٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/٧
بڵاوکردنەوەی گۆڕانکاری نووسینگەی لقی کۆمپانیای بیانی دوابەدوای متمانە بەراییەکانی لقی کۆمپانیای بیانی ژمارە (٣٦٧٥) لە ٢٠٠٦/٧/١٣ کە لە ژێر ژمارە (٢٠٣٨) لە ٢٠٠٤/٤/٥ لە بەغدا تۆمارکراوە، دوای ئامادەکردنی گشت بەڵگەنامە دواکراوەکان کۆمپانیای (طلال أبو غزالة و شرکاه الدولیة)ی ئوردنی، ئەم گۆڕانکارییە بڵاوەکەینەوە لە بڵاوکراوەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەمان و بریتییە لە:
* گۆڕینی نووسینگەی لقی کۆمپانیای (طلال أبو غزالة وشرکاه الدولیة) بۆ لقی کۆمپانیای (طلال أبو غزالة وشرکاه الدولیة).
دڵزار اسماعیل احمد
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی لقی کۆمپانیاکان
ژمارە: ٥٣٤٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/٧
بڵاوکردنەوەی گۆڕانکاری نووسینگەی لقی کۆمپانیای بیانی دوابەدوای متمانە بەراییەکانی لقی کۆمپانیای بیانی ژمارە (٣٦٨٠) لە ٢٠٠٦/٧/١٣ کە لە ژێر ژمارە (٢٠٣٠) لە ٢٠٠٤/٤/٣ لە بەغدا تۆمارکراوە، دوای ئامادەکردنی گشت بەڵگەنامە دواکراوەکان کۆمپانیای (المجموعة الاستشاریة للتدریب المهنی ذ.م.م)ی ئوردنی، ئەم گۆڕانکارییە بڵاوەکەینەوە لە بڵاوکراوەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەمان و بریتییە لە:
* گۆڕینی نووسینگەی لقی کۆمپانیای (المجموعة الاستشاریة للتدریب المهنی ذ.م.م) بۆ لقی کۆمپانیای (المجموعة الاستشاریة للتدریب المهنی ذ.م.م).
دڵزار اسماعیل احمد
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1920:
شاری لاهای هۆڵەندا بە بارەگای هەمیشەیی دادگای دادی نێودەوڵەتی دەستنیشان کرا .




سالی 1965:
جەمال عەبدولناسر بۆ جاری دووەم بووەوە بە سەرۆکی میسر .



سالی 1991:
کرواتیا و سلۆڤینیا لە یوگسلافیا جیا بوونەوە و سەربەخۆیی ڕاگەیاند.



سالی 1996:
لە ئەنجامی تەقاندنەوەی تاوەرەکانی خوبەر لە سعودیە 16سەربازی ئەمەریکی کوژران.




سالی 2006:
سەربازێکی ئیسرائیلی بەناوی گلعاد شالیت لەلایەن فەلەستینیەکانەوە ڕفێنرا .



سالی 2017:
لە ڕۆژهەلاتی پاکستان کەشتیەکی نەوتهەلگر تەقیەوە و 150 کەس کوژران و 100 کەسی دیکە بریندار بوون.

دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی





شۆڕش خالید ئازگەیی

بەشی یەکەم

وشەی کۆمەڵگای مەدەنی لە زمانی ئینگلیزی بە مانای civil Society و لە زمانی فەرەنسیش بە مانای Civil Societe دێت.
وشەی Civis لە زمانی لاتینیەوە هاتووە و لە سەردەمانی کۆندا وەک شوناسێکی سیاسی بۆ تەعبیرکردن لە " کۆمەڵگەی هاوڵاتیان" دەو بەکار دەهات.هەردوو چەمکی کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەردەمی تازەدا وەک دوو فاکتەری بەرچاو و کاریگەر لە پێناسەکردنی شوناسی کۆمەڵگەدا ڕۆڵی سیاسی دەگێڕن.

ئەم دوو چەمکە هاوتەریب و لە پاڵ یەکتردا بەردەوام لە هەوڵی نواندنی ڕۆڵی کارای خۆیاندان بۆ گۆڕینی دۆخی سیاسی و دیاریکردنی ئاراستەی کار و چالاکی و بەرنامەکانی حکومەت و دەسەلاتداران لە ڕووبەری کاری سیاسیاندا.سەبارەت بە پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانین بڵێین ئەم دوو چەمکە تەواوکەری یەکترن. بەو پێیەی دامەزراوە حکومی و ناحکومیەکان، پارتە سیاسیەکان، بزاڤە سیاسیەکان، جوڵانەوە کۆمەڵایەتیەکان، سەندیکاکان و دەستە و گرووپە چالاکەکانی کۆمەڵگە، لە کارلێکی بەردەوام دان بۆ دیاریکردنی ئاراستەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگە. بۆیە دەتوانین بڵێین:
١- دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خوازیاری گرتنە دەستی دەسەلاتی سیاسی و حوکمڕانیەوە نین. بەڵکو هەوڵ دەدەن بۆ بەرژەوەندی هاوڵاتیان، کاریگەریان هەبێ بەسەر کار و سیاسەتەکانی حکومەتەوە. لە کاتێکا دامەزراوە و بزاڤە سیاسیەکان ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ گرتنەدەستی دەسەلاتی سیاسی و حوکمڕانیەوە.
٢- ڕێکخراو و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان دەنگی ناڕەزایەتی و گلەیی و گازندەی هاوڵاتیان بگەیەنن گوێی دەسەلاتدارانەوە و کیشەکانیان بخەنە بەردەم حکومەتەوە. لەکاتێکدا ڕێکخراو و بزوتنەوە سیاسیەکان ئەوپەڕی هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ گرتنەدەستی دەسەلات و ئەمان زیاتر تینوی دەسەلاتن.
٣- ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و وڵاتانی کۆمەکبەخش دەتوانن لە ڕێگەی یارمەتیە مادی و مەعنەویەکانی خۆیانەوە بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەرگری لە بەها مرۆییەکان و مافە دیموکراسی و بنەڕەتیەکانی هاوڵاتیانەوە بکەن. کەچی هەر ئەم ڕێکخراوە کۆمەک بەخشە نێودەوڵەتیانە ناتوانن ڕاستەوخۆ یارمەتی حکومەت و دەسەلاتی سیاسی بدەن، بەم پێیەی ئەم جۆرە یارمەتیانە دەچنە خانەی دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان و پێشێلکردنی سەروەری و دیاری کردنی ڕێوشوێن و ئاراستەی کاری سیاسیانەوە.
کۆمەڵگەی مەدەنی ڕووبەرێکی سەربەخۆ و بەرفراوانی ڕێکخراوە و لەپاڵ ڕێکخستنی ژیانی هاوڵاتیان و سنووردارکردنی دەست تێوەردانەکانی حکومەت، حەڵقەیەکی پتەوی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و هاوڵاتیانیشە.جڤاکی مەدەنی پانتاییەکە لە دەرەوەی ڕووبەری بنەماڵە و دەوڵەت و خاو و خێزان و کاسبی و بازرگانی و کرێن و فرۆشتنی کاڵاوە. ئەگەر بنەماڵە بە ڕووبەری ژیانی تایبەتی لە قەڵەم بدەین، دەتوانین حکومەت بە ڕووبەر و بکەری جێبەجێکاری یاسا و دەسەلاتداری و کەرتی بازاڕیش بە ڕووبەری ئابووری لە قەڵەم بدەین. لە نێوان ئەم ڕووبەرانەشدا بۆشایەک دەمێنێتەوە، ناونراوە ڕووبەری مەدەنی، یا ڕووبەری گشتی یا کۆمەڵگەی مەدەنی.

بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر ئەم چەند بنەمایەی خوارەوە وێنا دەکرێ:
٤- حزب و ڕێکخراو و بزاڤە سیاسیەکان.
٥- گرووپ و دەستە و سەنتەر و ڕێکخراوە کولتوریەکان، ئەدەبیەکان، هونەریەکان، زانستیەکان، ئایینیەکان و .....
٦- یەکێتیەکان، سەندیکاکان، ئەنجومەنەکان، دەستەکان، ڕێکخراوە پیشەیی و بازرگانیەکان.
٧- ئەنجومەنەکانی سەر بە گوند و شارو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان.....
بەم پێیە کۆمەڵگەی مەدەنی پێکهاتووە لە کۆمەڵێک گرووپگەلی ئازاد و سەربەخۆ و خۆبەخشەوە، بە مەبەستی بەرەو پێشەوە بردنی بەرژەوەندی و ویست و خواست و ئامانجەکانی ئەو چین و تۆیژانەی ئەم گرووپ و کۆمەڵانە نوێنەرایەتیان دەکەن.ئەم گرووپانە دەتوانن لە چوارچێوەی دەستە و سەندیکا و ڕێکخراو، یەکێتی، کلۆب، تیپ، ئەنجومەن، ڕێکخراوە ناحکومیەکان و دامەزراوە سەربەخۆکانی ڕاگەیاندنی ئازاد(دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، ڕۆژنامە ئازادەکان، چاپەمەنیەکان و رادیۆ و تەلەفزیۆنە سەربەخۆکان) کارو چالاکی بنوێنن و ڕۆڵێکی کارا لە بەرەو پێشەوە بردنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگەوە بگێڕن و جێ دەستیان لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیە گشتیەکاندا هەبێ و ببن بە چاودێر بەسەر حکومەت و دەسەلاتدارانەوە. ڕێکخراو و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێ لە ژێر ڕۆشنایی یاسا و ڕێنمایی دانپێنراو باوەکان و سوود وەرگرتن لە فەزای سازگاری سیاسی و دوور لە گوشار و چەواشەکاری سیاسیەوە دەستەبەری ئامانج و بەرژەوەندیە گشتیەکانی هاوڵاتیانەوە بکەن و بە هیچ شێوەیەک نەخزێنە پانتای ململانێ سیاسیەکانەوە. بەدەر لەمەش، دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و یاسایی لەسەریانە دەست بە بنەماکانی ئەخلاقی مەدەنی و عورفی دیاریکراوی گشتیەوە بگرن و لە سەر بنەمای یاسا و ڕێسا باوەکانەوە، لە چوارچێوەی تۆڕی پەیوەندیەکان و پاراستنی شەفافیەت، ڕاستگۆیی و بڕوا و متمانە و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و ئاڵۆزی و نانەوەی پشێوی، کەشێکی لەباری پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی چین و تۆیژەکانی کۆمەڵگە و پێیەی هەردوو چەمکی هاوئیشتیمانی بوون و بەشداری مەدەنی تەواوکەری یەکترن و لە یەکتر جیا ناکرێنەوە. گەشەسەندنی ئەم دوو چەمکە لە فەزایەک یا سنوورێکی جوگرافی دیاریکراودا ڕوو دەدات کە بە " شار" ناودێر کراوە.

یەکێک لە ڕەگەز و بکەرە هەرە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هاوڵاتیە

بەشداری کارای هاوڵاتی لە پرۆسەی بەرەوپێشەوە چوون و پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگە، بە بەردی بناغەی کۆمەڵگەی مۆدێرن و مافی بنەڕەتی دادەنرێ. هاوڵاتی هۆشیار لە کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو هاوڵاتیەیە بەردەوام لە کارلێکی دوو لایەنە و چالاکی دایە لەگەڵ دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە و دەتوانێ بە خوێندنەوەی قوڵ و تێگەیشتن و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و ئاگادار بوون لە ڕووداوەکانی هەنساوی کۆمەڵگە، بیروبۆچوونەکانی لە پێناوی دەستنیشانکردنی کوموکورتی و ناتەواویەکانی جڤاک، گەڵاڵە بکات و بۆ سەرخستنیان هەوڵی بێتوچان بدات لە پێناوی بەرژەوەندی و خێری گشتیدا. هیچ کۆمەڵگەیەک ناکرێ بە کۆمەڵگەی مەدەنی پێناسەی بکرێ ئەگەر ئەندامەکانی لە چوارچێوەی ڕێکخراو و دامەزراوە و سەندیکا سەربەخۆکانەوە خۆیان ڕێک نەخستبێ و هەوڵ بۆ بەشداری کارا لە کایەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگاوە نەدەن. بە واتایەکی تر دامەزراندنی دەرزەنێک ڕێکخراو و دامەزراوە و گرووپ و دەستە لە هەر جڤاکێک بە بێ بەشداری ڕاستەوخۆی ئەندامانی و هەوڵدان بۆ کاریگەری کردن لە سەر بڕیارە سیاسیەکانەوە، ناچێتە خانەی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە و تەنیا وەک ناوێکی زل و دێیەکی وێران دەکرێ وێنای بکرێ. نەبوونی سەربەخۆیی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە و مانەوەیان لە دۆخی چەقبەستوویی و مەنگی و چوارچێوە و سنووردارێکی تەسکی جوگرافی و سیاسیدا و کەوتنە ژێر هەژمونی ئایدیۆلۆژیای حزبی و چاوچنۆکی و بەرژەوەندی پەرەستی و خۆبردنەوە پێشەوە و دەست خستنی پۆست و پلە وپایەی حکومی، جگە لە زیاتر ئاڵۆزکردنی دۆخی کۆمەڵگە و بڵاوکردنەوەی نائومێدی و دڕدۆنگی و نەهامەتی، هیچ سوودێکی تریان بۆ کۆمەڵگە و گۆڕین یا باشترکردنی دۆخی کۆمەڵگە و هاوڵاتیانەوە نیە. بە پێچەوانەوە ئەم ڕێکخراوانە دواجار دەبن بە بارێکی گران بەسەر شانی هاوڵاتیان و مکیاجی جوانکردنی دەسەلاتی سیاسی و وابەستەبوونیان بە یارمەتیە حکومیەکان و سنووردارکردنی مەودای کار و چالاکیەکانیانەوە.

زمانی ژمارە

منداڵ و کارکردن

بەشێوەیەکی گشتی ، لە سەرتاسەری جیهاندا ژمارەی ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە نێوان 5تا 17ساڵە و کار دەکەن ، دەگاتە 151.6 ملیۆن منداڵ .
واتە لە کۆی 10 منداڵ یەکیان کار دەکات یان خراوەتە بەر کار .
لەو ژمارەیە 64 ملیۆنیان مێینە و 88 ملیۆنیش کوڕن .
72.5 ملیۆن منداڵ کاری مەترسیدار دەکەن .
71%ی ئەو ژمارەیە لە کەرتی کشتوکاڵ کار دەکەن .
17% لە کەرتی خزمەتگوزاریی کار دەکەن .
12% لە کەرتی پیشەسازیی کار دەکەن .
ڕێژەی منداڵانی کرێکار لە ئاسیا- ئۆقیانووسی هێمن دەگاتە .5.3%
ڕێژەی منداڵانی کرێکار لە ئەوروپا و ئاسیای ناوەڕاست دەگاتە . 4.1%
ڕێژەی منداڵانی کرێکار لە جیهانی عەرەب دەگاتە .2.9%
ڕێژەی منداڵانی کرێکار لە ئەفریقیا دەگاتە . 19.6%
ڕێژەی منداڵانی کرێکار لە ئەمەریکای باکور و لاتین دەگاتە . 7.4%

سەرچاوە : ئاژانسی ئەنادۆل



www.xebat.net
ژمارە (5775) 2019/6/25 سێ شەممە



بێ وەڵامی ترامپ تەنازولە یان تاکتیک؟

کاروان جەلال بەگ

هەر لە سەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردن و دوای چوونیشی بۆ کۆشکی سپی، یەکێک لە گرنگترین پرسەکان لەسەر مێز و تویتەرەکەی ترامپ پرسی ئێران بووە ! بیانوی ترامپ بۆ هەڕەشەکردن و سزا خستنە سەر ئێران ، پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ساڵی 2015، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و کەمە نەتەوەییەکان، پشتگیری کردنی ئێران لە گرووپە تیرۆرستیەکان و سیستمە تۆتالیتاریەکەیەتی .سزاکانی سەر ئێران بەجۆرێک زیاد کران بێکاری و دابەزینی نرخی دراو کاریگەری خراپی لەسەر دۆخی ئابووری ئێران دروست کرد.

بەڵام ترامپ بە سزاکان نەوەستا بەردەوام هەڕەشە لە ئێران دەکات، بەڵام زمانی ئاشتی لە بیر نەکرد، هەر یەک لە ژاپۆن و سویسرا و عومان و چەند وڵاتێکی تری ڕاسپاردن بۆ گەیاندنی نیازپاکی و نیەتی ئەمریکا بۆ دانوستاندن، بەجۆرێک لە ڕێگەی سویسرا ژمارەیەکی بۆ نارد وون کە دێشێن ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کۆشکی سپی بکەن، لە بەرامبەر ئێران دانوستاندنی ڕەتکردەوە و دواجار فڕۆکەیەکی ئیدارەی ترامپ بوو بۆ سەر ئێران بەجۆرێک چاوەڕێی گورزی سەربازیش دەکرا، لێ ڕووی نەدا !ترامپ نە کوشتنی کەسانی سڤیلی کردە بیانوو بۆ ڕاگرتنی بڕیارەکەی، کە بڕیاری دابوو بە هێرشکردنە سەر چەند پێگەیەکی ئێران .وە دەبێ هەموومان ئەو ڕاستیە بزانین، ئێران گەورەترین کێشەی ئەمریکا نیە، بەڵام ئەمریکا گەورەترین کێشەیە بۆ ئێران و هەوڵەکانی بۆ گەورەبونی و هەنگاونان بە ئاراستەی زلهێزبوونی.بەڵام ئەوەی پرسیارێکی گەورەیە لە زەینی هەموومان ئایا ترامپ بەم بڕیارەی تەنازولی بۆ ئێران کرد یان تاکتیکە و دەیەوێ ئێران ڕابکێشێتە نێو یاریەک نەتوانێ لێی بکشێتەوە یاخود ئێران توشی هەڵەیەکی وا بکات تۆشی هەڵەیەکی یاسایی بە بەر پشتیوانی لە نێو خۆی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە دەست بهێنێت بۆ ئەوەی بەبێ زیان و هاوپەیمانی زیاتر مەرامەکەی لە بەرامبەر ئێران جێبەجێ بکات !ئەگەر تەماشای هاوسەنگی هێز بکەین لە ڕووی ئابووری و سەربازی و پشتگیری نێودەوڵەتی لە نێوان ئەمریکا و ئێران لاسەنگی و جیاوازی یەکجار زۆر هەیە بۆیە ناکرێ بیر لەوە بکەینەوە ترامپ تەنازول بکات لە هەمبەر ئێران ،بۆیە هەموو دیدەکان دەچنە سەر ئەوەی ترامپ دەیەوێ ئێران توشی هەڵەیەکی وا بکات مەرامەکەی بکات. بەڵام نابێ لەبیرمان بچێت ترامپ کەسێکی بیزنسمان و پارە پەرستە بۆیە ڕەنگە هەموو کارێک بکات بۆ بەدەستهێنانی پارە، تا حالەتی تەنازولکردنیش ! بۆیە ڕەنگە بۆ ئەمریکا مانەوەی ئێران بەم شێوازە لە ئێستادا گرنگ بێت تاکو وەکو کارتێک بەکاری بهێنێت لە بەرامبەر وڵاتانی ناوچەکە و لە هەمبەردا خۆی وەکو پارێزەریان بزانێت لە مەترسی ئێران بێگومان پاسەوانی کردنەکەش بە خۆڕا ناکات!

ئەسیوپیا ..

هەوڵێکی کودەتا شکستی هێنا



ئا: عەبدولقادر کەڵهۆر


میدیا ڕەسمییەکانی ئەسیوپیا ئاشکرایانکرد، سەرۆکی ویلایەتی ئەمهەرە سیاری میکۆنین و ڕاوێژکارەکەی لە هەوڵێکی کودەتادا کوژراون .. تەلەڤزیۆنی ئەسیوپیا ڕایگەیاند، سەرۆکی ویلایەتەکە ئەمباچۆ مکۆنن و ڕاوێژکارەکەی لە نوسینگەی خۆیاندا دووچاری هێرشێک بوونەتەوە و لیوایەکی سوپاش لە پاڵ هێرشەکەدابوونە.

لە بەرامبەردا سەرۆکوەزیرانی ئەسیوپیا ئابی ئەحمەد ڕایگەیاند، بە هۆی پشێویەک لە باکووری ئەسیوپیا فەرماندەی سوپا دووچاری دەستڕێژی گوللە بووەتەوە. سەرۆکوەزیران بە جلوبەرگی سەربازییەوە لە تەلەڤزیۆن ڕایگەیاند، لە هێرشێکدا بۆسەر پایتەختی هەرێمی ئەمهەرە چەند بەرپرسێکی حکوومی و سەربازی کوژراون.

هەر لەو بارەوە سکرتێری ڕۆنامەنووسیی سەرۆکوەزیرانی ئەسیوپیا نیگوستو تیلاهون لە بەیاننامەیەکدا لە تەلەفزیۆنی فەرمی ئەسیوپیا ڕایگەیاند، هەوڵێکی کودەتا بۆ سەر سەرکردایەتی حکوومەتی ویلایەتی ئەمهەرە لە ئارادابوە، بەڵام شکستی هێناوە. حکوومەتیش هێزەکانی پۆڵیسی فیدراڵی ئەسیوپیای دەستکراوە کردووە بۆ ئەوەی هێمنی و ئارامی ویلایەتەکە سەقامگیر بکات . لەلایەکی دیکەوە، باڵێوزخانەی ئەمەریکا لە ئەدیس ئابابا هۆشداری ئەمنیداوەو ڕایگەیاندووە کە زانیاریان هەیە کە دەنگی تەقە لە ئەدیس ئابابای پایتەخت بیشتراو پشێوی و نائارامی لە هەرێمی ئەمهەرە سەریهەڵداوە..بۆیە خەڵکی و کارمەندانی باڵێوزخانەکەی ئاگادار دەکاتەوە کە لە شوێنەکانی خۆیان بمێننەوە .جێی زانیە، دوای هەڵبژاردنەکانی پارسان ئابی ئەحمەد بوو بە سەرۆکوەزیرانی ئەسیوپیا، هەر دوای دەستبەکاربوونی بە پێی یاسایەک دەستیکرد بە ئازادکردنی زیندانە سیاسییەکان و هەڵگرتنی قەدەغە لەسەر حزبە سیاسییەکان و دادگاییکردنی تۆمەتباران بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ. .بەڵام بە پێی ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دوای دەستبەکاربوونی ئابی ئەحمەد تۆندوتیژی ئیتنی زیادیکردووەوبە هۆیەوە 2.4 ملیۆن هاوڵاتی ئەسیۆپی بەهۆی ئەو تۆندوتیژییانەوە ئاوارە بوون .بە پێی گوتەکانی ئابی ئەحمەد ، ژمارەی سیاری میکۆنین سەرۆکی ئەرکانی سوپا لە کۆبونەوەیەکدا بووەو چەند بەشدارێکی کۆبونەوەکە تەقەیان لێکردووەو کوشتوویانە، دواتر ویستوویانە کودەتایەک بەسەر سەرۆکایەتی هەرێمی ئەمهەرە بکەن و دەسڵاتی ئەو ویلایەتە بگرنە دەست بەڵام هێزەکانی سوپا بەرپەرچییان داونەتەوەو کودەتایەکە شکستی هێناوە . بە پێی چاودێران شەڕو پێکدادانەکان و هەوڵی کودەتایەکە چوار کاتژمێری خایاندووە ، سەرەتا خەڵک وایزانیوە ڕووداوێکی ئاساییە ، دواتر کە دەنگی چەکی قورسیان بیستووە، بۆیان دەرکەوتووە کە ڕووداوێکی ئاسایی نیە و هەوڵی کودەتای سەربازییە بۆ سەر ویلایەتی ئەمهەرە لە باکوری ئەسیوپیا .دواتر حکومەتی ئەسیوپیا لە بەیاننامەیەکدا، کەسایەتییەکی ئەمنی تۆمەتبارکردبە ئەنجامدانی ئەو هەوڵی کودەتایە کە پێشتر لە زیندانداببووەو ئازادکراوە.

بە هۆی پشێویەک لە باکووری ئەسیوپیا فەرماندەی سوپا دووچاری دەستڕێژی گوللە بووەتەوە. سەرۆکوەزیران بە جلوبەرگی سەربازییەوە لە تەلەفزیۆن ڕایگەیاند، لە هێرشێکدا بۆسەر پایتەختی هەرێمی ئەمهەرە چەند بەرپرسێکی حکوومی و سەربازی کوژراون.

مانشێت



سکای نیوز:
لە دووری 30 کیلۆمەتر لە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا، بومەلەرزەیەک بە گوڕی 3.7 پلە ڕوویدا و ئەگەرچی هیچ زیانێکی گیانی و مادی لێ نەکەوتەوە ، بەڵام ترسێکی زۆری لای دانیشتوان خولقاند.



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
جارێکی دیکە خەریکە بابەتی جینۆسایدکردنی ئەرمەنەکان دەبێتە هۆی خولقاندنی تەنگژەیەکی دیبلۆماسی لە نێوان فەرەنسا و تورکیا.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
میدیای فەرمی کۆریای باکور ڕایگەیاند کە دۆنالد ترامپ نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی وڵات کردووە و ناوەرۆکی نامەکە ژمارەیەک پرسی گرنگ دەگرێتە خۆی.



ئەی ئێف پی:
حکومەتی چین دووپاتی کردەوە کە هەرگیز ڕێگا نادات لە میانی کۆبوونەوەکانی G20 باسی هۆنگ کۆنگ بکرێ.



ڕۆیتەرز:
دوای جیاکردنەوەی دەنگەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی مۆریتانیا ، مەد ولد ئەلغەزوانی توانی 52%ی دەنگ وەدەست بێنێ.



کەنالی ئار تی:
گۆڤاری ناشنالّ ئینتریستی ئەمەریکی ڕایگەیاند کە بە دوور نازانرێ شەڕێکی ئەتۆمی لەنێوان هیند و پاکستان بەرپا ببێ .

قوتابییە یەکەمەکانی هەرێمی کوردستان لەراپۆرتێکی (خەبات)دا

زۆرترین قوتابیانی یەکەم لە قوتابخانە حکومییەکانن

وەزیری پەروەردە لە 2700 پرسیار تەنها 17 پرسیار بۆچوونی جیاوازیان لەسەر بوو
لەبەرژەوەندی قوتابییان چارەسەرکراوە و ڕێژەی دەرچوونیش 48%ـە



قوتابییەکی پێشمەرگە دوای 26 ساڵ دابڕان دووەمی هەرێمە

ڕێپۆرتاژی / ڕۆشنا عەلی

دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی تاقیکردنەوە گشتی و وەزارییەکانی ساڵی 2018- 2019 بە ئامادەبوونی کەس و کاری قوتابیان یەکەمەکانی هەرێمی کوردستان دیاریکران، ڕێوڕەسمێکی تایبەتییان لە هۆتێل دیدەمانی شاری هەولێر بۆ ڕێککخرا پشتیوان سادق وەزیری پەروەردە لە وتەیەکیدا پیرۆزبایی لەسەرجەم قوتابیان کردوو ئومێدی سەرکەوتنی بۆ خواستن و ئاماژەی بەوەشدا کە 3000 قوتابی نمرەی 100- 90ی هێناوە کە 95%ی قوتابی هەژارن ڕێژەی گشتی دەرچونیشی ڕاگەیاند کەلە 48%ە ، لەلێدوانێکی تایبەتیش بە ڕۆژنامەی خەبات کەریم لەتیف بەڕێوەبەری گشتی ئەزموونەکان سەرۆکی لیژنەی تاقیکردنەوەکان دەربارەی ئەو نمرانەی بە قوتابییان دراوە لە بەرامبەر بوونی هەڵە لە پرسیارەکان ئاماژەی بەوەدا کە تەنها دووفرە بەگشتی بە قوتابییان دراوە و ئەوانەی تر بەپێی وەڵامی قوتابی بووە ئەو دووفرەیەش لە وانەی کوردی دراوە، وتیشی مەرج نییە هەموو قوتابییەک لە پێدانی ئەو نمرەیە سوود مەند بووبێت.


دالیا هاشم


هەژی بەنگین



محەمەد عەلی


کەوسەر محەمەد



ژیر محەمەد


یادگار کەمال


لانە کەمال


شیروان محەمەد


ژیاکۆ کاوە


زولەیخا ئەنوەر



دایکی یەکەمەکەی زانستی:
وازم لە هەموو خۆشی و چوونە دەرەوەو سەردانی خزم و سەفرەو گەڕان هێنابوو شەوانیش تا ئەو نەنوستایە نەدەنووستم

کۆششێکی بەردەوام

ژیر محەمەد قوتابی لە قوتابخانەی یونایتد ساینس لە شاری سلێمانی یەکەمی هەرێمی کوردستان بووە لەبەشی زانستی پڵی دوانزدیەم وئەو بۆ خەبات وتی" هیچ مامۆستایەکی تایبەتیم نەبووە هەوڵ و کۆششێکی زۆرم دا بۆئەوەی بگەم بەم ئاستە ،چونکە خۆم ئامانجم بوو نمرەی بەرز بەدەست بهێنم سوپاس بۆ خوا و مامۆستاو کەس و کارم توانیم ئەو نمرەیە بەدەست بهێنم.

ژیاکۆ کاوە محەمەد دووەمی دوبارەی هەرێمی کوردستان لە قوتابخانەی یونایتد ساینس لە سلێمانی بۆ خەبات ئامادەی بەوەدا کە ئەو هیچ مامۆستای تایبەتی نەبووە، بەڵام کۆرسێکی هاوینەی کردووە بۆ چوار وانە ، تەنها بە هەوڵی مامۆستاکانی و کەس و کاری توانیوێتی بگاتە ئەم پلە بەرزە ئەو وتی کاتێک پێیان وتم هەستێکی زۆر خۆشم هەبوو هەرچەند بڕوام نەدەکرد لەیەکەمەکان بم کۆفرەکەم 99.14

26 ساڵ دابڕان

شیروان محەمەد یەکەمی بەشی پیشەیی لە ئامادەیی بازرگانی ئێوارانی تێکەڵاو ئەو بۆ خەبات وتی هەستێکی خۆشم هەیە پیرۆزبایی لە خۆم و هاوڕێکانم دەکەم پێشبینی نمرەیەکی وام نەدەکرد لەڕاستیدا سوپاسی ست کاژاو بەڕێوەبەری قوتابخانەکەم دەکەم و مامۆستا ڕێباز یاریدەدەری بەڕێوەبەرو سەرجەم مامۆستایان و دەستەی کارگێڕی قوتابخانە دەکەم بەتایبەتی مامۆستایانی پڵی 12 کە زۆر هیلابوون لەگەڵمان .

یادگار کەمال محەمەد قوتابی 12ی ئامادەیی بازرگانی ئێوارانی سلێمانی پلەی دووەمی بەدەستهێناوە لەسەر ئاستی هەرێم ئەو وتی : سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم من لە ئێواران دەخوێنم و پێشمەرگەم قوتابییەکی دابڕاو بووم لە خوێندن و ئێستاش زۆر خۆشحاڵم دوای بیست و شەش ساڵ دابڕان دووەمی هەرێمم بەهۆی کوردایەتییەوە دابڕام تاکە ئازاری ناخم ئەوەبوو نەمتوانی خوێندن تەواو بکەم، بەڵام ئاواتم هاتەدی .

هەژی بەنگین تاهیر لە قوتابخانەی کۆلێژی دهۆکی بەهرەداران دووەمی سەر ئاستی هەرێم بۆخەبات وتی : هەستێکی زۆر خۆش بوو کاتێک هەست ئەکەی ڕەنجەکەت بە فیرۆ نەچووە تەنها خاڵم مامۆستای عەرەبیم بوو هەوڵێکی زۆری لەگەڵ دام کۆفرەکەم . 99.14.

تاهەوڵێر بە دووڵی

دالیا هاشم لە قوتابخانەی ئامادەیی گەشەی ئەهلی سێیەمی هەرێم بووەئەو بۆ خەبات وتی : ساردبوومەوە لەبەر هەڵەی پرسیارەکان ، پێشبینی ئەو نمرەیەم نەدەکرد دامنابوو 95- 90 بێنم ، بەڵام تەلەفۆنم بۆکرا کە سێیەمی هەرێمم کۆفرەکەم 98083یە پێم وایە قوتابخانە زۆر گرنگە بۆ قوتابی قوتابخانەکەی من باشترین ستافی تێدایە هەتا هاتمە هەولێر ئەترسام هەوڵی یەکەمییەکەم ڕاست نەبێت .

کورە پێشمەرگەیەک

مەنسور قادر موحسین یەکەمی هەرێمی کوردستان لەبەشی زانستی لە ئامادەیی بەدرخانی کۆران لە شارۆچکەی هەریر کۆفرەکەی 99.44 هەستێکی زۆر خوش بوو سەرەتا دوو مامۆستا هاتن داوای ژمارە تەلەفۆنی باوکمییان کرد دوای نیو کاتژمێر تەلەفۆنییان کرد کەلە هەولێر ئامادەبن گوایە من یەکەمم قوتابخانەکەم حکومی بوو هیچ مامۆستایەکی تایبەتم نەبوو مامۆستاکانی خۆم تاکە هاوکارم بووم بۆ ئەوەی بگەم بەم ئاستە هەموو خۆشییەکانی ژیانم بەلاوە نابوو تەنها وانەم ئەخوێند کەس و کارم پێشبینییان ئەکرد ئەم نمرەیە بێنم، بەڵام خۆم نا .

نازدار ئەسعەد دایکی مەنسوور قادر یەکەمی هەرێم بۆ خەبات دووا وتی " کوڕەکەم زۆر زیرەک بوو لە مندالییەوە پێشبینیم دەکرد منالەکانی دیکەشم زیرەکن بەڵام کەسییان لە یەکەمەکان نەبوون دەربارەی ئەوەی وەک دایکێک چ کارێک بۆ کردووە کە خۆت نەتوانیوە وانەی پێ بڵێیت وتی " بە هەموو شێوەیەک هاوکاریم دەکرد بەجێم نەدەهێشت بەهیچ جۆرێک وازم لە هەموو خۆشی و چوونە دەرەوەو سەردانی خزم و سەفرەو گەڕان هێنابوو شەوانیش تا ئەو نەنوستایە من نەدەنوستم ئێستاش زۆر دڵم خۆشە لەدڵخۆشییا ئەگریام .

سەهەند سەرکەوت یەکەمی هەرێم لەبەشی وێژەیی بە کۆفرەی 97,43 ئاماژەی بەوەدا کە ڕۆژانە بەپێی توانای خۆم وانەم خوێندووەو پڵی 12 وەک پڵەکانی تر هەوڵی زیاتری ئەوێت سوپاسی مامۆستاو کەس و کارم ئەکەم کە هاوکارم بوون بۆ ئەوەی بگەم بەم نمرەیە .

گریانی خۆشی

کەوسەر محەمەد حەمە ڕەشید دووەمی هەرێمی کوردستان لە بەشی وێژەیی لە قوتابخانەی ئامادەیی قەرەداغی تێکەڵاو لە پارێزگای سلێمانی نمرەکەم 96 ە کاتێک تەلەفۆنییان بۆکردم تێر گریام زۆر دڵخۆش بووم پێشبینی ئەو نمرەیەم دەکرد هەمیشە باوەڕم بە خۆم بوو کەئەو نمرەیە بەدەستبهێنم مامۆستاکانم و خێزانەکەم یارمەتی دەرێکی باشم بوون هیچ مامۆستایەکی تایبەتم نەبوو .

قۆناغێکی نوێ


محەمەد عەلی عوسمان لە قوتابخانەی سەلاحەدینی کۆران لە سلێمانی (یونایتد ساینس) لە پڵی نۆی بنەڕەتی نمرەی 99.8ی بەدەستهێناوەئەو وتی : هەر لەسەرەتای ساڵەوە هەوڵم بۆ ئەیا کە نمرەیەکی وا بەدەستبهێنم ئێستاش ئێمە بەرەو قۆناغێکی نوێ دەڕۆین کە ئامادەیی دەبێت خۆمانی بۆ ئامادە بکەین .

زولێخا ئەنوەر یەکەمی هەرێم لە ئامادەیی کشتوکاڵ لە پارێزگای هەولێر کۆفرەکەی 86 ە بڕوام دەکرد ئەو نمرەیە بێنم ، چونکە زۆر هەوڵم بۆدا دایک و باوکم تاکە هاندەرو هۆکاری سەرکەوتنی منن وخۆشم بەڕێکەوت چوومە ئامادەیی کشتوکاڵ .

لانە کەمال محەمەد سالح لە ئامادەیی پیشەسازی کچان سێیەمی هەرێم لەبەشی پیشەییەکانئەو وتی : هەمیشە قوتابی ترسی هەیە هەرچەند هەوڵێکی زۆرم دابوو هیچ مامۆستایەکی تایبەتم نەبووە، بەڵام مامۆستاکانی خۆمان زۆر هاندەرم بوون حەز دەکەم هەندەسەی بیناسازی بخوێنم .

لەلێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات دەربارەی قەرەبووکردنەوەی قوتابیان و لێپێژینەوە لەو کەسانەی هۆکاری هەڵەکان بوون کە ئایا ئەوان چییان لەو بارەیەوە کردووە کەریم لەتیف وتی : ئەگەر هەڵەکان بەو ڕادەیە بێت کاریگەری لەسەر ئایندەی قوتابی بکات بە دڵنیاییەوە لێپێچینەوە دەکەین هیچ هەڵە لە پرسیارەکان نییە تەنها بۆچوونی جیاوازی لەسەرە کێشەی سەرەکی ئەوەیە قوتابی فێربووە لەسەر مەلزەمە دەخوێنێت ئەو پرسیارانەی عەرەبی و ئینگلیزی لەدەرەوەی مەلزەمە هاتۆتەوە بۆیە بۆ قوتابی هەندێک نائاشنا بوو ئەو مامۆستایانەشی بەرژەوەندییان هەیە لە فرۆشتنی مەلزەمەو بازرگانیکردن بە قوتابی ئەو مامۆستایانە هۆکاربوون کە گوایە پرسیار هەڵەیە ، چەندین لیژنەم پێکهێناوە چەندین پسپۆڕی شارەزام هێناوە بۆ هەڵسەنگاندنی پرسیارەکان لیژنەی فەرمیمان هەبووە چ لەلایەن وەزیری پەروەردە چ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان ڕەوانە کراوە بە واژۆو دیکۆمێنت هەیە کە پرسیارەکان هیچ هەڵەی زانستییان تێدا نییە، بەڵام لەدەرەوەی مەلزەمەیە ئەو کێشەیە بۆ ئەو قوتابیانە دروست بووە کە پشتییان بە مەلزەمە بەستووە .

تاقیکردنەوەکان بەبەشداری 234 هەزارو 332 قوتابی پڵی دوانزەی ئامادەیی و نۆی بنەڕەتی و پیشەیی بەشداربیان لە تاقیکردنەوەکاندا کردووە کەبەسەر چوارهەزارو 101 هۆڵی تاقیکردنەوەدا دابەشکرابوون 27هەزار مامۆستاش چاودێری هۆڵەکانی تاقیکردنەوەکانییان کردووە .



مەنسور قادر، یەکەمی هەرێم، بەشی زانستی
سەهەند سەرکەوت، یەکەمی هەرێم، بەشی وێژەیی



سیلڤا داوا لە نایمار دەکات لە پاریس بمێنێتەوە

تیاگۆ سیلڤای بەرازیلی و بەرگریکاری یانەی پاریس سان جێرمانی فەڕەنسی ئامۆژگاری هاونیشتمانییەکەی نایمار کرد کە هەر لە یانەکەی خۆی بمێنێتەوە و خۆشحاڵ دەبێت ئەگەر لەپاڕەکەی خۆی پەشیمان ببێتەوە.


تیاگۆ سیلڤا دەڵێت: داواکارم لە نایمار کە هەر لەگەڵ ئێمەدا لە پاریس سان جێرمان بمێنێتەوە و زۆربش خۆشحاڵ دەبم کە ئەگەر لە پاڕەکەی خۆی پەشیمان ببێتەوە و پێکەوە بەردەوامیی بدەین لە پرۆژەکەمان لە پاریس.



ئالڤێش داوا دەکات بیگەڕێننەوە بەرشلۆنە

ئێزگەی رادیۆی کەتەلۆنیا دووپاتی کردەوە کە دانی ئالڤێش بەرپرسانی یانەی بەرشلۆنەی ئاگادار کردۆتەوە لەوەی ئەم هاوینە نیازی هەیە بگەڕێتەوە ریزی یانەکەی پێشووی.

رادیۆکە بڵاویکردەوە کە گەورەیی تەمەنی ئەو یاریزانە تا ئێستا بەربەست بووە لەوەی بەرشلۆنە بیگەڕێنێتەوە ریزەکانی، کاتی خۆشی هەر لەبەر ئەم هۆکارە بوو یانە ئیسپانیەکە گرێبەستەکەی تازە نەکردەوە، ئەگەرچی ئەو یاریزانە هەموو تەمەنی خۆی لەو یانەیەدا بەسەربرد کە بۆ ماوەی 8ساڵ بەدرێسی بەرشلۆنە یاری کرد، بەرلەوەی بچێتە یانەی پاریس سان جێرمان.



هەفتەی دادێ بەرشلۆنە گرێبەستی گریزمان رادەگەیەنێت

رۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی ئاشکرای کرد کە یانەی بەرشلۆنە سەرەتای مانگی داهاتوو گرێبەستەکەی لەگەڵ ئەنتوان گریزمان رادەگەیەنێت، بەتایبەتیش دوای ئەوەی بەشێک لەمەرجەکە لە 200 ملیۆن یورۆوە کەمکرایەوە بۆ 120 ملیۆن یورۆ.

رۆژنامەکە ئەوەشی ئاشکراکردووە کە هەندێ لە یاریزانانی بەرشلۆنە نایانەوێت پێشوازی لە گریزمان بکەن و ئەو رقەیان هەر ماوە کە وەرزی رابردوو ئەو یاریزانە بەرامبەر یانەی بەرشلۆنە کردی، کاتێک رازی ببوو بچێتە بەرشلۆنە بەڵام دواسات بڕیاری مانەوەی دا لە ڕیزی ئەتلەتیکۆ مەدرید، لەلایەکی دیکەشەوە هەندێ لە یاریزانانی بەرشلۆنە داوادەکەن ئەو یاریزانە بێتە بەرشلۆنە بۆ ئەوەی چێتر ڕووبەڕووی ئەو هەڵوێستانە نەبنەوە کە پێشتر لەبەرامبەر رۆما و لیڤەرپوول مالئاوایی لە چامپیۆنزلیگ کرد.





گۆڵکارەکەی هۆڵەندا هۆشداری دەدات

ڤیڤیان میدیای گۆڵکارە میژوویییەکەی هەڵبژاردەی هۆڵەندا هۆشداری دایە یاریزانانی ولاتەکەی لەئەگەر هەر هەلەیەکدا خەونەکەیان لەگۆڕ دەنرێت و پێویستە یاریییەکەی ئەمشەومان بەهەند هەڵگرین.

ڤیڤیانی تەمەن 22 ساڵ و یاریزانی یانەی ئەرسنال دەڵێت: ئەمشەو یاریییەکی زەحمەتمان هەیە، بەپێچەوانەی ئەوانەی دەڵێن یاریییەکەمان ئاسانە، هەڵبژاردەی ژاپۆن تا ئێستا زۆر بە بەهێزی دەرکەوتووە و نابێ هیچ دەرفەتێکیان بدەینێ لە قۆستنەوەی هەڵەی هێڵی بەرگریمان، چونکە خەونی ئێمە لەم مۆندیالە بەدەستهێنانی نازناوەکەیە، بۆیە داوا لە یاریزانانمان دەکەم یاریییەکە بەهەند وەربگرن.

کۆتینیۆ: ئەو بردنەوەیە متمانەی زیاترمان پێ دەبەخشێت

فیلیپ کۆتینیۆ، یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل، پەسنی تیپەکەی دا، دوای ئەو بردنەوە گەورەیەی (پێنجی گۆڵی خاوێن) بەسەر هەڵبژاردەی پیرۆ تۆماری کرد، لە دوایین گەڕی یاریییەکانی کۆمەڵەی یەکەم، لە پاڵەوانیەتی کۆپا ئەمریکا 2019و، سەرکەوتن بۆ قۆناغی هەشت. دوای یارییەکە کۆتینیۆ، لێدوانی بۆ رۆژنامەکان دا و وتی:"یاریییەکی زۆر باشمان کرد، هەر لەیەکەم خولەکەوە، هەموو هەوڵێکمان خستە گەڕ، گۆڵەکان وایان کرد، شتەکە ئاسانتر بێت، ئەوەش متمانەی زیاترمان پێ دەبەخشێت".

هەروەها وتی:"بردنەوەی بەو شێوەیە، متمانە بە خۆبوونمان زیاتر دەکات، بۆ ئەوەی لە کاروانەکە بەردەوام بین".

دووپاتیشی کردەوە:"هەموو یاریییەکان ئەستەمن، لە یاری پیرۆدا، ئاستێکی بەرزمان پێشکەش کرد، دەبێت لەسەر ئەو شێوازە بەردەوام بین، بۆ ئەوەی باشتر بین، ئێستا بیر لە قۆناغی هەشت دەکەینەوە، نازانین ڕووبەڕووی کامە هەڵبژاردە دەبینەوە، بەڵام هەر کامەیان بێت، یاریییەکی ئەستەم دەبێت". کۆتینیۆ لە بارەی گەڕانەوەی نەیمار بۆ بەرشلۆنە و چارەنووسی خۆی وتی:"نەیمار ئەستێرەیەکی گەورەیە، هەموو تیپێک دەیەوێت یاریزانێکی وەکو ئەوی هەبێت، بەڵام هیچ شتێکی لە بارەی چارەنووسی خۆم نازانم، ئێستا تەنیا بیر لە هەڵبژاردەی بەرازیل لە کۆپا ئەمریکا دەکەمەوە".

ڕەمزی میرکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Tue, 25. Jun. 2019 No: (5775)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



باکووری کوردستان.. هەنگەوانێکی شاری وان 10 کیلۆ هەنگ لەسەر جەستەی کۆدەکاتەوە

هەنگەوانی دانیشتووی شاری وانی باکووری کوردستان ، عەبدولوەهاب سەمۆ بەمەبەستی چوونە نێو کتێبی گینسەوە، سێیەم تاقیکردنەوەی لەسەر خۆی ئەنجامدا و ئەمجارە نزیکەی١٠ کیلۆ هەنگی لەسەر لەشی کۆکردەوە. عەبدولوەهاب سەمۆ لەکاتێکدا کە لە ئینتەرنێت بەدوای زانیاریی لەبارەی کاری هەنگەوانی دەگەڕا، نووسینێکی لەژێر ناونیشانی "ژمارەی پێوانەیی کۆکردنەوەی زۆرترین هەنگ لەسەر جەستە" بینیوە و لەو ڕۆژەوە بەدواوە بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئاواتەی، تاقیکردەوە ئەنجامدەدات.

لە تاقیکردنەوەی دووەمیدا کە لە ساڵی ٢٠١٦دا ئەنجامیداوە، توانیویەتی شەش کیلۆ هەنگ لەسەر جەستەی کۆبکاتەوە و لە تاقیکردنەوەی سێیەمیدا ئەم ژمارەیەی بۆ ١٠ کیلۆ بەرزکردووەتەوە. سەمۆ لە لێدوانێکدا بۆ پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆلۆ باسی لەوەکرد، ئامانجی ئەوەیە کێشی ئەو هەنگانەی لەسەر لەشی کۆدەکاتەوە بگەیەنێتە ٦٣ کیلۆ و ٧٠٠ گرام، لەپێناو شکاندنی ژمارەی پێوانەیی کتێبی گینس.



خانەقین.. خانمێک دەبێتە دایکی هەژاران

خەبات: فاتمە قاسم حەبیب

دونیا میرزا چالاکوانی مەدەنییە لە شاری خانەقین کەچەند ساڵێکە دەستی داوەتە هاوکاری خەڵکی هەژار بەتایبەتی منداڵی کەمدەرامەت و بێ باوک ، لە هەرکوێ منداڵێکی فەقیر یان کەمدەرامەت هەبێت لە شارەکە خۆی دەگەیێنێتێو هاوکاری دەکات، هەرچەندە هاوکارییەکان زۆر نین، بەڵام دڵی ئەو منداڵە خۆش دەکات ، جگە لەوەش بەبەردەوام هاوکاری دەگەیەنێتە خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت . وەک خۆی دەڵێ : هیوادارم هاوکاری بکرێم لە لایەن ڕێکخراوێک یان جێگایەکی خێرخوازیەوە تاوەکو پەرە بە کارەکەم بدەم لە هاوکاری خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت ، سوپاسی ئەو خەڵکەش دەکەم کە بەمن دەڵێن دایکی هەژاران.

ئاوازدانەر و میوزیسیانی گەورە رای کونیف



هونەرمەندی بواری ئاواز و میوزیک (رای کونیف) ساڵی **1916** لە ئەمریکا لە دایک بووە، لەسەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا وەک سەربازێک لە جیاتی چەکەکەی ڕوو دەکاتە میوزیک و هونەرو لەو سەردەمە سەختەدا چەندین ئاوازی تایبەت و دیار دادەنێت و پەیوەندی بە هونەرمەندە دیارەکانی وڵاتەکەیەوە دەکات ، یەکەمجار وەک ژەنیارێکی ئامێری (ترومبون) کە لە هەندێ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بە ئامێری (جوقە) بەناوبانگە ، دەردەکەوێت و هەرە لە بواری سەربازیەکەدا بەم ئامێرە ناوبانگ دەردەکات ، چونکە ئەم ئامێرە لە زۆربەی سوپاکانی دنیادا لە ڕێرەسمی سەربازیدا بەکار دەهێنرێت . لە ساڵی **1957** هەتا **1968** دەبێتە خاوەنی(**28**) ئەلبومی میوزیک و ئاوازی تایبەت بە خۆی، لەو ساڵانەدا ئۆرکسترایەکی تایبەت بە ئامێری (ترومبون) دروست دەکات و دەبێتە سەرپەرشتیاری و لە سەرجەم وڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکای لاتینیدا نمایشە هونەری و موزیکیەکانی ئۆرکستراکەی پێشکەش دەکات ، ئەلبومی بەناوناگی (ژنێک و **13** پیاو) یەکێکە لە مەزنترین ئەلبومە میوزیکی و هونەرییەکانی دنیا کە پەلەی (**20**) مینی لە ئاستی میژووی میوزیکی جیهانیدا هێناوە، مامۆستای (رای کونیف) لە **12** ئەکتۆبەری **2002**دا کۆچی دوایی کردووە و ئیستاش زۆربەی بەرهەمە میوزکیەکانی لە زانکۆ جیهانیەکاندا گرنگیان پێ دەدرێت.

ڕێبوار هەورامی



ماڵی کتێب دووهەمین کەرنەڤاڵی خۆی لە هەولێر سازدەکات

خەبات ـ حەمە ئەحمەد جاف

کاتژمێر (5:30) سەرلە ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ڕێککەوتی ٢٠١٩/٦/٢٥ ماڵی کتێب، دووهەمین کەرنەڤاڵی خۆی لە باخچەی لقی هەولێری نووسەرانی کورد، ساز دەکات،کەتیایدا:

- بڵاوکردنەوەی چوار کتێبی ئەدەبی چاپکراو لەلایەن ماڵی کتێبەوە.
- خوێندنەوەی چەند دەقێکی شیعریی لەگەڵ میوزیکدا
- پێشکەشکردنی ئاهەنگێکی گۆرانی..
- خەڵاتی ڕێزلێنان دەبەخشرێتە (دە) نووسەری بە ئەزموون لەوانە:

(کاکە مەم بۆتانی ـ کەریم دەشتی ـ جەلال بەرزنجی ـ هاشم سەراج ـ دڵشاد عەبدوڵڵا ـ مەسعود پەریشان ـ سەعدوڵڵا پەڕۆش ـ موحسین ئاواره ـ ئیسماعیل بەرزنجی ـ سەباح هۆرمز)

هاوکات خەڵاتی تایبەتی هونەریش دەدرێتە هونەرمەند وەلید مەعروف



کۆڵبەران.. ڕۆژهەڵاتی کوردستان

فۆتۆ: ناسیح عەلی خەیات